# ساڵنامەی رووداوەکانی جیهان

لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە

ساڵنامەی رووداوەکانی جیهان

# ساڵنامەی

# ڕووداوەکانی جیهان

**گرنگترین ڕووداوەکانی جیهان**

**لە سەرەتای  پەیدابوونی مرۆڤەوە**

**مێژوو، زانست، هونەر**

**گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە**

**د. ناصح قەرەداخی**

2010

Hutchinson:
Chronology of World Events
Published in 1997 by Blockhampton press ltd.
London

ناوی کتێب: ساڵنامەی  ڕووداوەکانی جیهان

گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە: د. ناصح قەرەداخی

دیزاینی بەرگ:  ئاران

چاپ: یەکەم  ئەلکترۆنی

ساڵی چاپ: 2010

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (1430) ی ساڵی (2010) ی پێ دراوە.

# پێشەکی

مرۆڤ لەسەرەتای پەیدابوونیەوە چ لەبەر کونجکاوی خۆی و چ لەبەرئەوەش تێگەیشتن لە خۆی و دەوروبەری پێویست بووە بۆ مانەوە، بەردەوام وێڵی زانین بووە. خەرمانی زانیاریی کەڵەکەبووی مرۆڤایەتیی ساڵ بەساڵ گەورەبووە تا ئەوەی ئەمڕۆ گەورەترین زانیارینامەکانیش تەنیا ئەتوانن مشتێکی ئەم خەرمانە لەخۆبگرن و هیچ کەسێکش ناتوانێت چیتر بالۆرەی هەمەزانی لێبدات.

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی کورت گرنگترین رووداوەکانی مرۆڤایەتیمان بیردەخاتەوە لە هەموو بوارەکانی پەرەسەندنی زانست و ئەندێشە و هونەردا شانبەشانی رووداوە مێژوویی و سروشتییەکان. ئەگەر دەتەوێت بە چەند کاتژمێرێك چاوێك بخشێنیت بە مێژووی چەند هەزار ساڵەی بەسەرهاتەکانی ژیان و زانست و هونەری مرۆڤایەتیدا، ئەوا ئەوا ئەم کتێبە ئەو دەرفەتەت بۆ دەرەخسێنێت.

لەبەرئەوەی ئەم بەرهەمە پڕە لە زاراوەی زانستی و ناوی کەس و شوێن و ناوی بەرهەمی هونەری و شتی لەو بابەتە، وەرگێڕانی کارێکی ئاسان نەبووە. هەوڵ دراوە زاراوەکان وەك خۆیان بە گونجاوترین شێوە تەرجەمە بکرێن و ئەگەر بە پێویست زانرابێت روونکردنەوە و پێناسەشیان بۆ زیاد کراوە. وەرگێڕانی ناوی تایبەتی هەمیشە لە کوردیدا کێشەبووە چونکە بەرهەمە بیانییەکان بەزۆری لە زمانی دووەمەوە کراون بە کوردی و ئەمەش بووە بەهۆی بەکارهێنانی



نوسخەی عەرەبیی (یا فارسیی) ناوە بیانییەکان لەکاتێدا دەربڕینی ئەو ناوانە بەکوردی راستتر و کوردییانەترە. لەم کتێبەدا هەوڵ دراوە ناوەکان لە زمانە ئەسڵییەکانیانەوە تەرجەمە بکرێت لەبەرئەوە رەنگە هەندێك ناو کەمێك جیاواز بێت لەوەی خوێنەر پێی راهاتووە.

هیوادرام ئەم کتێبە جگە لە پێشکەشکردنی چەپکێك زانیاری بە خوێنەری کورد کەلێنێکیش لە بواری وەرگێڕاندا پڕبکاتەوە.

د. ناصح قەرەداخی
شوباتی 2010
نۆتینگهام
nasihqeredaxi@yahoo.com

## ڕووداوەکانی پێش زاین

| | |
|---|---|
| نزیکەی 4– 3.5 ملیۆن ساڵ | • یەکەمین نیمچەمرۆڤ ، ئۆسترالۆپیسیکەس، لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا سەری هەڵدا. |
| نز 2,5 ملیۆن | • جۆرێکی تری مرۆڤی سەرەتایی، هۆمۆ هابیلبس لە ئەفریقا ئامێری بەردینی بەکارهێنا. |
| نز 1,7 ملیۆن | • هۆمۆ هابیلیس یەکەم پەناگەی بۆخۆی دروست کرد. |
| نز 1,5 ملیۆن | • هۆمۆ ئیرێکتەس، مرۆڤی قیتەوەبوو، لە ئەفریقا دەژیا. |
| نز 500 هەزار | • هۆمۆ ئیرێکتەس لە چین دەژیا. |
| نز 200 هەزار | • هۆمۆ ساپینس، مرۆڤی نوێ ، لە ئەفریقا پەیدابوو. |
| نز 60 تا 35 هەزار | • چاخی سەهۆڵ: مرۆڤ توانی لەرێگەی پردی خاکی نێوان ئاسیا و ئالاسکاوە لە سیبیریاوە کۆچ بکا بۆ ئەمریکا. |
| نز 50 هەزار | • مرۆڤی نوێ گەیشتە ئاسیا. |
| نز 40 هەزار | • پێدەچێ مرۆڤی نوێ گەیشتبێتە ئوسترالیا. |
| نز 35 هەزار | • مرۆڤی نوێ گەیشتە ئەوروپا. |
| نز 30 هەزار | • مرۆڤ لە ژاپۆن ئامێری بەکاردەهێنا. |
| نز 26 هەزار | • ڕێورەسمی سوتاندنی تەرمی مرۆڤ لە ئوسترالیا. |



| | |
|---|---|
| نز 23 هەزار | • مرۆڤی نوێ لە ئەمریکا. |
| نز 15 هەزار | • وێنەکێشانی سەر دیواری ئەشکەوتی لاسکو لە فەرەنسا. |
| | • یەکەم خەریکبوون بە کشتوکاڵەوە لە میسر. |
| | • گۆزەکاری. |
| | • دەستپێکی شارستانیەتی جۆمۆن لە ژاپۆن (تا 300 پ. ز.) |
| نز 9 هەزار | • ئەمریکای باشوور بەهۆی خەڵکی ئەمریکای ناوەراستەوە ئاوەدانی تێکەوت. |
| نز 8400 | • سەگ لە ئەمریکا ماڵی کرا. |
| نز 8000 | • بەلەمی قامیش لە میزۆپۆتامیا و میسر دروست کرا. |
| | • کانۆ(بەلەمی لەدار هەڵکۆڵراو) لە باکووری رۆژاوای ئەوروپا بەکارهێنرا. |
| | • دوا شەختەکانی بەریتانیا تووانەوە و هەوای ئەوێ بەرەو گەرمی چوو. |
| نز 7500 | • مەڕ و بزن لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ماڵی کران. |
| | • یەکەم کشتوکاڵ لە باشووری رۆژاوای ئاسیا. |
| نز 7000 | • لە ئەریحا لە فەلەستین نشینگەی دیوارکراو پەیدابوو. |
| نز 6000 | • یەکەم کۆمەڵگای جووتیاری لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا سەری هەڵدا. |
| | • باشووری سوید ئاوەدانی تێکەوت. |
| نز 5000 | • سۆمەرییەکان لە میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون. |
| | • چاخی برۆنز لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەستی پێکرد. |

- گەلی ئینیوت گەیشتنە ئەمەیکای باکوور.
- ئاژەڵی لاما لە ئەمریکای باشوور ماڵی کرا.
- کشتوکاڵ لە مەکسیك سەری هەڵدا.
- وێنەکیشان لەسەر بەرد و ئەشکەوت لە بیابانی ئەفریقا.

نز 4000
- چاندنی برنج لەچین.
- دۆڵی ڕوباری ئیندوس (لە هندستان و تیبەت) بوو بە مەڵبەندێکی ئاوەدانی.
- بەکارهێنانی بەلەمی بنکە چوارگۆشەی یەك چارۆکەدار لە رووباری نیلدا لەلایەن میسرییەکانەوە.

نز 3500
- برەوی شارستانیەتی سۆمەری.

نز 3200
- سەرهەڵدانی درامای ئایینی لە میسر.

نز 3000
- یەکەم پاشای میسر ،مینێس، میسری یەکخست.
- خێڵە سامییەکان بە وڵاتی ئاشووردا بڵاوبوونەوە.
- لە دورگەی کریت شارستانیەتی مینۆیی سەری هەڵدا.
- شاری ئەسینا بۆ یەکەمجار ئاوادانکرایەوە.

نز 2800
- سەرەتای فەرمانڕەوایی پاشا حەکیمەکان لە چین.
- دروستکردنی هەرەمی سەرەتایی لە سەققارە لە میسر.
- دروستکردنی شوێنەواری ستۆنهێنج لە بەریتانیا، قۆناخی یەکەم.

نز 2650
- دروستکردنی هەرەمە گەورەکە (خوفۆ) لە جیزە لە میسر.



نز 2600
- تۆڵەسەندنەوەی میسرییەکان لە فەلەستینییەکان دەرهەق بە پەلاماردانی کاروانە بازرگانییەکان.
- بڵاوبوونەوەی گەلانی سامی لە سووریا و باکووری ئەفریقا.
- سەرهەڵدانی شارستانیەتی مایا لە نیمچە دورگەی یوکاتان لە مەکسیك.

نز 2500
- دروستکردنی هەرەمە گەورەکانی جیزە لە میسر.
- شارستانیەتی دۆڵی ئیندوس لە هندستان سەری هەڵدا.
- کشتوکاڵ لە ئەمریکای باشوور پەرەی سەند.
- جۆرێك سیستەمی ژماردن positional numbering (شوێن– نرخ) لە میزۆپۆتامیا هێنرایە کایەوە.

نز 2350
- سەرجۆن ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیی دامەزراند.

نز 2300
- ئاسماناسە چینییەکان بۆیەکەمجار لە ئاسمان وردبوونەوە.

نز 2200
- میللەتانی ئێرانی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدییان رووخاند.
- بەهۆی کۆنترۆڵکردنی دەریای ناوەراستەوە چاخی ناوەراستی شارستانیەتی مینۆایی بووژایەوە.
- سەرەتای فەرمانڕەوایی بەرەپاشایانی خیا لە چین.
- سەرەتای سەردەمی پاشایەتی ناوەراست لە میسر.

نز 2000
- چاخی برۆنز لە ئەوروپا دەستی پێکرد.
- بیرکاریزانەکانی میزۆپۆتامیا چۆنێتیی شیتەڵکردنی هاوکێشەی توان دوویان دۆزیەوە.

- پیاوانی ئایینی بابلی تێبینییەکانی خۆیان سەبارەت بە ئاسمانناسی تۆمارکرد.

1925
- هیتییەکان پەلاماری بابلیان دا.

نز 1792
- حامورابی بووە پاشای بابل و پرۆژە یاسایەکی توندی خستە کار.

نز 1730
- گەلانی هێرشهێنەر کە لە ئاسیاوە هاتبوون بەناوی هایکسۆس لە دەلتای نیل شانشینی خۆیان دامەزراند.

نز 1650
- شانشینی هیتیی کۆن لە ئاسیای بچووک دامەزرا.

نز 1600
- شارستانیەتی مایسینایی لە یۆنان پەرەی سەند.

نز 1580
- گەلانی هایکسۆس لە میسر دەرپەڕێندران و شانشینێکی نوێ دەستی پێکرد.

نز 1500
- پەلاماری ئارییەکان بۆ سەر هندستان.
- رووخانی شارستانیەتی دۆڵی ئیندوس.
- سەرەتای بەرەپاشایانی شانگ لە چین.

نز 1400
- چاخی ئاسن لە هندستان و رۆژاوای ئاسیا.
- دامەزرانی ئیمپۆاتۆریەتی نوێی هیتی.
- ئەو پەڕی برەوی ئیمپراتۆریەتی میسری لەسەر دەستی فیرعەون ئەمینتۆهیپی سێیەم.
- بنیاتنانی پەرستگا لە لوقسور لە میسری سەروو.
- رووخانی شارستانیەتی مینوایی بەهۆی بوومەلەرزە یان جەنگەوە.

نز 1350
- مردنی پاشای میسری فیرعەون توت عەنخاموون.



نز 1321
- بنیاتنانی پەرستگای ئەبوسمبێل بۆ فیرعەون رەمسیسی سێیەم لە میسر.

نز 1300
- یەکەم سەرهەڵدانی گەلانی سێلتی لە ناوچەی دانووبی سەروو.

نز 1250
- بەنی ئیسرائیل بە رابەرایەتی مووسا میسریان بەجێ هێشت.
- وێرانکردنی ترۆی (تەروادە) لەلایەن یۆنانییەکانەوە پاش دە ساڵ جەنگی ترۆی.

نز 1200
- فینیقییەکان دەستیان کرد بە دروستکردنی ئیمپراتۆرییەکەیان.
- کلتووری چاڤین لە پیرۆ گەشەی کرد (تاساڵی 300).

نز 1100
- یەکەم فەرهەنگی زمانی چینی چاپ کرا.
- سەرهەڵدان و برەوی سەردەمی شارە وڵات لە یۆنان.

نز 1090
- سەرەتای پاشایەتی نوێی سەردەمی دوایی لە میسر: لاوازبوون و دابەشبوونی وڵات.

نز 1066
- سەرهەڵدانی بەرەپاشایانی ژوو لە چین.

1025
- دامەزرانی پاشایەتیی جووەکان.

نز 1000–500
- گەلانی زاپۆتێك لە مەکسیك مەڵبەندی ئاهەنگ گێڕانی (مۆنت ئالبن) یان بنیات نا.

نز 970
- مردنی داود، پاشای جووەکان و سەرەتای پاشایەتیی سلێمان پاشا.

نز 937
- دابەشبوونی شانشینی جوو بۆ ئیسرائیل و یەهودا.

نز 900 • نیشتەجێبوونی گەلی ئیتروسکان لە ئیتالیا.

876 • بۆ یەکەمجار لە هندستان هێمایەك بۆ سفر دانرا.

850 • بنیادنانی شاری قەرتاج (قەرتاجنە) لەلایەن فینیقییەکانەوە.

776 • یەکەم خولی یارییەکانی ئۆلۆمپیاد لە یونان.

753 • بنیادنانی شاری رۆما بەپێی ئەوەی مێژوونووسان لەسەری رێکەوتوون.

نز 733 • ئاشوورییەکان شاری دیمەشقیان خاپوور کرد.

689 • ئاشوورییەکان شاری بابلیان خاپوور کرد.

663 • میسر لە ژێر فەرمانرەوایی پسارمیتیکۆسی یەکەمدا یەکی گرت.

612 • گەلی میدیا پەلاماری وڵاتی ئاشووریان دا و شاری نەینەوای پایتەختیان خاپوور کرد.

نز 604 • لاو زی دامەزرێنەری باوەڕی تاوی لە چین لەدایکبوو.

نز 600 • بە وتەی ئەرەستۆ، سەرەتای تراجیدیای یۆنانی بە هۆی سەرهەڵدانی نمایشی کۆرسەوە (دیتیرامبس) دەستی پێکرد.

586 • یەکەم ئاوارەبوونی جووەکان کاتێك بابلییەکان بە پاشایەتیی نەبوخوزنەسر فەلەستنیان داگیرکرد.

• دروستکردنی باخچە هەاواسراوەکان لە بابل.

نز 563 • لەدایکبووتی گواتما سیداراتا (کە پاشتر ناسرا بە بودا، پیاوە رۆشندڵەکە) لە نیپاڵ.

"ژیانی هەر بوونەوەرێك وەك تاوە بارانێك لە چیا و



هەورەبروسکەیەك لە ئاسمان، تێدەپەڕێ." بودا.

551 • لەدایکبوونی فەیلەسوف کۆنفۆشیۆس (کونگ تزو) لە چین.

" لە رابوردوو بکۆڵەوە ئەگەر دەتەوێ لە داهاتوو تێبگەی." کۆنفۆشیۆس.

550 • کورشی مەزن دەستی گرت بەسەر تەختی میدیادا و دەستی کرد بە دروستکردنی ئیمپراتۆریی هەخامەنشی فارسی.

• بیرکاریزانی یونانی فیساگۆرس بیردۆزەکەی خۆیی دەربارەی درێژیی لاکانی سێگۆشەی گۆشە وەستاو دانا.

• حیکایەتەکانی ئیزۆپ لە یۆنان نووسرانەوە.

546 • فیساگۆرس ئۆکتاڤی مۆسیقای داهێنا.

539 • کورش ئاسیای بچووك و بابل و سوریا و فەلەستینی خستەسەر ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی.

539–529 • جووەکان لە بابل ئازادکران و رێگەیان پێدرا بگەرێنەوە بۆ ئۆرشەلیم.

530 • بودا یەکەم ئامۆژگارییە ئاینییەکانی خۆیی لە بێنارێس دەست پێکرد.

525 • فارسەکان میسریان داگیرکرد.

510 • کۆماری رۆما دامەزرا.

نز 500 • سەرهەڵدانی شارستانیەتی مایا لە یوکاتان.

• دامەزرانی شانشینی ماگادا لە باکوری رۆژاوای

هندستان.

- ڤێدا (نووسراوە پیرۆزە کۆنەکانی ئاینی هندۆسی) لەناو خەڵکی سریلانکا دا تەشەنەی کرد.
- یەکەم لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە و رەفتاری ئاژەڵ لەلایەن زانای یۆنانی (ئالکمایۆن) ـەوە.
- سەرەتای سەردەمی پڕبرەوی گەورەی درامای یۆنانی کە تراجیدیا و کۆمیدیا و نمایشی گاڵتەجاری تێدا باوبوو.

499 • سەرەتای جەنگەکانی نێوان یۆنان و فارس.

490 • لە ناوچەی ماراسۆن لەشکرە هێرشبەرەکانی فارس بەدەستی یۆنانیەکان شکستیان خوارد.

486 • یەکەم بەشی کەناڵی مەزنی چین دروستکرا.

484 • لەدایکبوونی درامانووسی یۆنانی یوریپیدس کە شانۆگەرییەکانی باسیان لە هەستوسۆز و کاردانەوەی خەڵکی ئاسایی دەکرد نەك هی خوداکان.
"زمانم سوێندی خوارد بەڵام مێشکم سوێندی نەخواردووە." یوریپیدیس.

480 • شەڕی سێرمۆپیلای کە تیایدا 400 ئەسپارتەیی مردن کاتێ دەیانویست رێ لە هێرشی فارس بۆسەر یۆنان بگرن.
• هێزی دەریایی یۆنان کەشتییە جەنگییەکانی فارسی لە سالامیس تارومارکرد.

468 • یەکەم سەرکەوتنی سۆفۆکلیس لە فێستیڤاڵی ئەسینا.



بەکارهێنانی ئەکتەری سێیەم لەلایەن ئەوەوە رێرەوی نمایشی تراجیدیای گۆڕی.
"من خەڵك وەك پێویستە چۆن بن وا نیشان دەدەم بەڵام یوریپیدیس خۆیان چۆنن وایان نیشان دەدات." سۆفۆکلیس.

460 • لەدایکبوونی پزیشکی یۆنانی هیپۆکراتیس (ئەبوقرات) کە سوێندی هیپۆکراتیسی پزیشکان بەناوی ئەوەوەیە.
" ژیان چەند کورتە و ئیشەکەش چەند وەختی زۆری دەوێ تا فێری بین." هیپۆکراتیس.

458 • یەکەم نمایشی سێ شانۆگەرییە بەناوبانگەکەی ئێسکیلوس، باوکی تراژیدیای یۆنانی، کە یەکێکیان بریتی بوو لە ئاگامەمنون.
• فەیلەسوفی یۆنانی ئیمپیدۆکلیس ئەو بۆچوونەی خستە روو کە هەموو مادەیەك لە یەکگرتنی چوار توخم پێکهاتووە: خاك، هەوا، ئاگر و ئاو. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن ئەفلاتون و ئەرەستۆوە پەرەی پێدرا و بۆ ماوەی نزیکەی 2000 ساڵ بەردەوام بوو.
• هیپارکۆسی خەڵکی میتاپۆنتۆم لە یۆنان ئەوەی دۆزیەوە کە هەندی ژمارە ناماقووڵن ( ناتوانرێ وەك رێژەی نێوان دوو ژمارەی تەواو تەعبیریان لێبکرێت).

438–447 • پەرستگای پارسینۆن لە ئەسینا بنیات نرا.

440–431 • جەنگەکانی پیلۆپۆنیزیا لە نێوان ئەسینا و

ئەسپارتەدا: ئەسینا شکستی خوارد.

- 429 • لەدایکبوونی ئەفلاتون فەیلەسوفی ئەسینایی.
- نز 425 • ئەریستۆفانیس دەستی کرد بەنووسینی شانۆی کۆمیدی لەوانەش باڵندەکان (414)، لیسیستراتا (411) و بۆقەکان (405).
- • لە ژێر کاریگەریی یوریپیدیس نووسەری تراژیدیای باکخای ( ساڵی 405) دا گرنگیی کۆرس لە تراژیدیای یۆنانیدا کەم بۆوە.
- 405 • میسر جارێکی تر سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنایەوە.
- 403 • سەرەتای سەردەمی دەوڵەتە بەشەڕهاتووەکان لە چین.
- نز 400 • فەیلەسوفی یۆنانی دیموکریتۆس تیۆریی ئەوەی دانا کە مادە سەرەنجام لە تەنۆچکەی زۆر وردی دابەش نەبوو پێك دێت کە ناوی نا ئەتۆمۆس(ئەتۆم).

"بنەما سەرەتاییەکانی گەردوون بریتین لە ئەتۆم و فەزای خاڵی: هەموو شتێکی تر تەنیا وادەزانرێت بوونی هەیە." دیموکریتۆس.

- 399 • سوکرات (سۆکراتیس) حوکمی مەرگی بەسەردا درا لەبەرئەوەی بەوە تاوانبار کرا کە وانە فەلسەفییەکانی پێچەوانەی بیرورا چەسپیوەکانن.

"ئەو ژیانەی تاقی نەکراوەتەوە شایانی ئەوە نیە تیا بژیت." سوکرات.



- 390 • گەلانی گۆڵ ڕۆمایان وێران کرد.
- 371–378 • تەبەس ئەسپارتەی تێکشکاند.
- 365 • چینییەکان بەچاوی رووت تێبینیی مانگەکانی مشتەرییان کرد.
- 359 • فلیپی مەکدۆنیا بوو بە پاشای مەکدۆنیا.
- نز 350 • سەرهەڵدانی کۆمیدیا نوێیەکەی میناندەر دەربارەی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان.
- • ئەرەستۆ بنچینەی فەلسەفەیەکی سادەی دانا بۆ زانستەکانی ژیان و چوارچێوەی تیۆرییەکی سەبارەت بە پەرەسەندن داڕشت.
- 338 • فلیپی مەکدۆنیا پەلاماری یۆنانی دا.
- • بەکارهێنانی پارەی کانزا لە رۆما دەستی پێکرد.
- 332 • مەکدۆنیاییەکان بە سەرکردایەتی ئەسکەندەری مەکدۆنیایی ئاسیای بچووك و وڵاتی فینیقییەکان و وڵاتی فارس و میسریان داگیرکرد.
- • ئەسکەندەر بەندەری ئەسکەندەرییەی دروست کرد.
- 331 • ئەسکەندەر ئیمپراتۆریەتی فارسی رووخاند.
- 326 • ئەسکەندەر سنووری ئیمپراتۆبییەتەکەی گەیاندە رووباری ئیندوس.
- 321 • دامەزرانی بەرەپاشای ماوریا کە دواتر هندستانی یەکخست.
- 313 • دامەزرانی تیبێت.
- 312 • دەست کرا بە ئیشکردن لە رێگەی رۆمانیدا، رێگای

ئاپیا کە لە ڕۆماوە ئەچوو بۆ بریندیسی.

- 311 ڕۆما یەکەم هێزی دەریایی هەمیشەیی جیهانی دامەزراند.
- نز 300 سەرهەڵدانی شارستانیەتی مایا لە ئەمریکای ناوەراست.
- کلتوری (ئۆلمێك) ی ئەمریکای ناوەراست پووکایەوە و کلتووره ناوچەییەکان شوێنیان گرتەوە.
- سەرهەڵدانی کشتوکاڵ لە ژاپۆن لەگەڵ سەردەمی یایۆی دا.
- سیۆفراستۆس یەکەم لێکۆڵینەوەی وردی دەربارەی رووەك ئەنجام دا.
- ئیوکلید لە کتێبی (توخمەکان) دا یاساکانی ئەندازەی خستەروو.
- بەرواری ئیحتیمالیی نووسینی (مەهابهاراتا) بەسەرهاتنامە (مەلحەمە) ی هندۆسی.
- شەش بەشی یەکەمی تەورات کۆکرانەوە.
- دەستپێکی کاری دروستکردنی پەیکەری گەورەی رۆدێس (خوای خۆر) لە یۆنان.
- دروستکردنی بورجی دەریایی (بورجی رووناکی)ی گەورەی ئەسکەندەرییە لەلایەن (پتۆلێمی) یەوە.
- سەدەی سێیەم ئەریستارکۆس دەیوت خۆر لە ناوەندی کۆمەڵەی خۆدرایە.
- گەلانی سێڵت لە دوورگەکانی بەریتانیادا جێگیربوون.



- 287 لەدایکبووتی بیرکاریزانی یۆنانی ئەرخەمێدیس.
- 279 تەواوبوونی کاری بورجی رووناکیی فارۆس لە ئەسکەندەرییە کە یەکێکە لە حەوت سەرسورهێنەرەکەی دنیا.
- 241–264 یەکەم جەنگی نێوان ڕۆما و قەرتاج کە بەوە کۆتایی هات ڕۆما سقلییەی خستە سەر ناوچەکانی خۆی.
- نز 250 هاتنەکایەی یاسای ئەرخەمیدیس دەربارەی سەرئاوکەوتنی تەنەکان .
- نز 240 سەرهەڵدانی درامای ڕۆمانی کە لە درامای  یۆنانییەوە وەرگیرابوو.
- پلۆتۆس و تێرێنس و سێنیکا بوونە گرنگترین شانۆنووسەکانی ڕۆما.
- نز 230 ئیراتۆستێنیس شێوازێکی داهێنا بۆ دۆزینەوەی هەموو ژمارە تەنیاکان (پرایم: ئەو ژمارانەی هاوکۆلکەیان نیە بێجگە لە یەك و خۆیان).
- 221 دەسپتێکی بەرەپاشای کین لە چین.
- 201–218 جەنگی دووەمی نێوان ڕۆما و قەرتاج.
- 216 سەرکردە (هانیباڵ) ی قەرتاج لە چیاکانی ئەلپەوە پەرپییەوە بۆ پەلاماردانی ئیتالیا.
- 214 دەستپێکی بنیاتنانی شوورای گەورەی چین بە مەبەستی دوورخستنەوەی پەلاماردەران.
- 206 دەسپتێکی بەرەپاشای هان لە چین.
- نز 200 دەستپێکی هێرشی ڕۆمانەکان بۆ سەر ئیسپانیا.

- نز 190 — بیرکاریزانە چینیەکان توانی دەیان بەکارهێنا بۆ دەربڕینی ژمارەی زۆر گەورە.
- 155 — میناندەر شانشینی یۆنانی–هندی لە دۆڵی ئیندوس دامەزراند.
- 146–149 — جەنگی سێیەمی رۆما و قەرتاج: قەرتاج لەلایەن رۆمانەکانەوە وێران کرا، یۆنان خرایە سەر رۆما.
- 133 — ئاسیای بچووك بوو بە هەرێمێکی سەر بە رۆما.
- 108 — چین کۆریای خستە بن دەستەڵاتی خۆی.
- نز 100 — بیرکاریزانە چینییەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ژمارەی نێگەتیڤ(سالب).
- 98 — تراجان بوو بە ئیمراتۆری رۆمانی و ئیمراتۆریەتەکەش لەوپەڕی فراوانیدا بوو.
- 70 — لەدایکبوونی شاعیری رۆمانی ڤیرجیل.
- 62–66 — رۆمانەکان سوریا و فەلەستینیان داگیرکرد.
- 60 — دروستبوونی یەکەم تریوڤیرات (دەسەڵاتی سێ کەسی) لە رۆما.
- 55 — سەرەتای پەلاماردانی بەریتانیا لەلایەن رۆمانەکانەوە: قەیسەر یولیۆس (یولیۆس سیزار) کەوتە زانیاری کۆکردنەوەی مەیدانی.
- 54 — دووەم گەشتی قەیسەر یولیۆس بۆ بەریتانیا کە توانی لە رووباری تایمس بپەڕێتەوە و بەرگریکەران تارومار بکات.
- 51 — رۆمانەکان داگیرکردنی وڵاتی (گۆڵ) یان تەواو کرد.



- 45 — هاتنەکایەی ساڵژمێری یولی (یولیان) وەك لە زۆربەی وڵاتانی رۆژاوا بەکاردەهێنریت.
- 44 — کوژرانی قەیسەر یۆلیۆس.
- 43 — دروستبوونی دووەم تریوڤیرات (دەسەڵاتی سێ کەسی) لە رۆما.
- کلیۆپاترا بوو بە ئیمپراتۆری میسر.
- 31 — شەڕی ئەکتیۆم کە تیایدا هێزی دەریایی یەکگرتووی مارك ئەنتۆنی و کلیۆپاترا لەلایەن هێزێکی رۆمانییەوە بە سەرکردایەتی ئۆگستۆس تێك شکێندرا.
- 30 — میسر بوو بە هەرێمێکی سەر بە رۆما.
- شاعیر ڤیرجیل دەستی کرد بە نووسینی بەسەرهاتنامەی (ئەینید).
  "دەتوانین ببین بە ئاغای هەموو شتێکی خۆمان بەوەی تەحەمولی بکەین." ڤیرجیل.
- 27 — ئۆگستۆس کرا بە یەکەم ئیمپراتۆری رۆمانی.
- دەستپێکی کاری دروستکردنی پەرستگای پانسیۆن لە رۆما.
- 4 — لەدایکبوونی عیسا لە بەیتلەحم.
- سەدەی یەکەم — چینییەکان پەروانەی شاقوولیان داهێنا.

## ڕووداوەکانی پاش زاین

1 ● زێڕ و زیوو مس و قورقوشم و ئاسن و تەنەکە و جیوە ناسرابوون.

14 ● قەیسەر ئۆگستۆس مرد و تیبریۆس وەك ئیمپراتۆری ڕۆما شوێنی گرتەوە.

27 ● عیسای مەسیح تەعمید (شۆردنی پیرۆز) کرا.

28 ● یوحەننای تەعمیدکار کوژرا.

30 ● عیسای مەسیح لە خاچ درا.

32 ● پاشا (ساوڵ) ی شاری تارسوس بوو بە مەسیحی و لەلایەن پۆڵەوە (کە پاشتر بە سانت پۆڵ ناسرا) شۆردنی پیرۆز کرا.

37 ● (تیبێریوس) ی ئیمپراتۆری ڕۆما مرد و کالیگۆلا جێگەی گرتەوە.

42 ● کالیگۆلا کوژرا و کلۆدیۆس جێگەی گرتەوە.

43 ● ڕۆمانەکان بەسەرکردایەتی ئاولوس پلۆتیۆس پەلاماری بەریتانیایان دا.

نز 50 ● سەرهەڵدانی شانشینی ئاکسوم لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا.

54 ● کوژرانی ئیمپراتۆری ڕۆم کلۆدیۆس. نیرۆن بوو بە ئیمپراتۆر.

57 ● یەکەم نێردراوە ژاپۆنییەکان چوونە چین.

60 ● شاژن بوودیکا لە بەریتانیا لەدژی ڕۆمەکان ڕاپەری.

- 64 ئاگرە گەورەکەی شاری ڕۆما کە نیرۆن بە کاری مەسیحیەکانی دانا.
- 70 ڕاپەڕینی جووەکان لەدژی ڕۆما، ئۆرشەلیم لەلایەن سوپای ڕۆمانییەوە بەسەرکردایەتی تیتیۆس وێران کرا.
- 78 بڵاوبوونەوەی بەشی 1–10ی کتێبی (مێژووی سروشتی) لەلایەن نووسەری ڕۆمانی پلینی گەورەوە.
- 79 شاری پۆمپەی و هێرکیولانیۆم بەهۆی گڕکانی شاخی (ڤێسوڤیۆس) ەوە وێران بوون.
- 84 دەستپێکی دروستکردنی گەرماوە ڕۆمانییەکان لە شاری باس لە بەریتانیا.
- 91 گەلی هان پەلاماری مەنگۆلیایان دا.
- 105 لە چین کاغەز دروستکرا.
- 106 ئەردەن بوو بە بەشێك لە هەرێمی ناوچە عەرەبییەکانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی.
- 115 ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی گەیشتە ئەوپەڕی ڕادەی بەرفراوانی خۆی.
- 122 دیواری هادریان لە بەریتانیا دروستکرا.
- نز 150 پتۆلێمی ، ئاسمانناسی ڕۆمانی–یۆنانی دانیشتووی ئەسکەندەریە، تیۆری (بیرۆدن)ەکەی خۆی سەبارەت بەوەی زەوی لە ناوەڕاستی تەنە ئاسمانییەکاندایە بڵاو کردەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باوەڕی باوی ئاسمانناسی بوو.
- 161 قەڵای ئەکرۆپۆلیس لە ئەسینا دروستکرا.



- نز 175 پزیشکی یۆنانی گالێن بنەما سەرەتاییەکانی توێکارزانی و کارئەندامزانی (فیسیۆلۆجی) دانا.
- نز 200 گەلانی هۆن پەلاماری ئەفغانستانیان دا و تا ساڵی 540 فەرمانڕەواییان تێدا کرد.
- هندییەکانی ئاراواك دەستیان کرد بە کۆچ لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای باشوورەوە بۆ ناوچەی کاریبی.
- عەرەب و ڕۆمانەکان داربەستی وایان بۆ کەشتی داهێنا تا بتوانێ بەرامبەر ئاراستەی هەوا ڕێ بکات.
- لە کیمیادا تەکنیکەکانی شلکردنەوە و پاڵاوتن و دڵۆپاندن ناسرابوون.
- 220 سەردەمی سێ شانشین لە چین دەستی پێکرد.
- گەلانی گۆس پەلاماری ئاسیای بچووك و نیمچەدورگەی بەلکانیان دا.
- 225 ڕۆمانەکان داگیرکردنی ناوچەی ئەلپی وڵاتی گۆلیان تەواوکرد.
- 226 دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە وڵاتی فارس.
- نز 250 دیۆفانتۆس لە ئەسکەندەرییە یەکەم کتێبی دەربارەی زانستی جەبر نووسی.
- 268 گەلانی گۆس شارەکانی ئەسینا و ئەسپارتە و کۆرینسیان تاڵان کرد.
- سەدەی 4 دامەزرانی دەوڵەتی یاماتا، کرۆکی ژاپۆن.
- 313 ئیمپراتۆر کۆنستانتین ئاینی مەسیحی وەك ئایینی ڕەسمیی

ئیمپراتۆریەتی رۆمانی راگەیاند.

- 320 سەرەتای ئیمپراتۆریەتی گوپتا لە هندستان.
- 330 ئیمپراتۆر کۆنستانتینی گەورە پایتەختی گواستەوە بۆ بێزانتیۆم (بیزانتە) و ناوی نا کۆنستانتینۆپڵ (قوستەنتینیە) و بۆ ماوەیەکی کەم ئیمپراتۆریەتی رۆمانی یەکخست.
- 342 گەلانی گۆس ئیمارەتی بۆسفۆریان رووخاند.
- 360 گەلانی هون پەلاماری ئەوروپایان دا.
- 367 شکستی رۆمانەکان لە بەریتانیا بەدەستی گەلانی پیکت و سکۆت و ساکسۆن.
- نز 375 درامای (ساکونتالا) ی نووسەر سانسکرێتی کالیداسا نیشانەی ترۆپکی گەشەی درامای سانسکریتی بوو لە هندستان.
- 376 گەلانی هون پەلاماری رووسیایان دا.
- 395 ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دابەش بوو بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆژاوا و ئیمپراتۆریەتی رۆژهەڵات(بیزانتە).
- نز 400 دەستپێکی زنجیرە پەلاماری سەدساڵەی گەلانی پیکت و ساکسۆن و جووت و ئەنگلۆس بۆ سەر بەریتانیا.
- سەرەتای شانشینی مۆن لە بورما.
- 401–410 کشانەوەی تیپەکانی سوپای رۆم لە بەریتانیا.
- 409 دامەزرانی شانشینی گەلانی ڤیزیگۆس لە ئیسپانیا.
- 410 تاڵان کردنی رۆما لەلایەن گەلانی ڤیزیگۆس بە



سەرکردایەتی ئالاریك.

- 425 نیشتەجێبوونی بەربەرەکان (خەڵکی دەرەوە) لە هەرێمەکانی رۆم.
- 432 باوەر وایە سانت پاتریك ئاینی مەسیحی گەیاندبێتە ئێرلاند.
- 433 ئاتیلا بوو بە فەرمانڕەوای گەلانی هون.
- 439 تاڵان کردنی قەرتاج بەدەستی گەلانی ڤانداڵ.
- 451–452 ئاتیلای فەرمانرەوای هون پەلاماری وڵاتی گۆڵی دا بەڵام سەرنەکەوت.
- 452 بنیاتنانی شاری ڤێنیس (بوندوقیە).
- وێرانکردنی شاری میلانۆ بەدەستی ئاتیلای سەرکردەی هون.
- 455 گەلانی ڤانداڵ رۆمایان تاڵان کرد.
- 470 گەلانی هون لە ئەوروپا کشانەوە.
- 476 رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژاوا.
- 481 کلۆڤیس بوو بە پاشای گەلانی فرانك.
- 488–493 گەلانی ئۆسترۆگۆس ئیتالیایان داگیرکرد.
- 496 گەلانی فرانك وڵاتی گەلانی ئەڵمانییان داگیرکرد.
- نز 500 گەلانی هون دەستەڵاتی خۆیان بەسەر باکوری رۆژاوای هندستاندا قایم کرد.
- خەڵکانی ئەمریکا لە دۆڵی میسیسیپی بوون بە جووتیار و گوندی بچووکیان دروستکرد.
- 507 گەلانی فرانك گەلانی ڤیزیگۆسیان لە فەرەنسا دەرپەراند.

نز 508 ● کلۆڤیس شاری پاریسی کردە پایتەختی خۆی.

525 ● گەلانی حەبەشە یەمەنیان داگیرکرد.

534 ● بیزانتەییەکان دووبارە باکووری ئەفریقایان داگیرکردەوە.

535-555 ● بیزانتەییەکان ئیتالیایان داگیرکردەوە.

539 ● جەنگی نێوان بیزانتە و فارس.

● گەلانی گۆس شاری میلانۆیان تالآن کرد.

542–543 ● بڵاوبوونەوەی پەتای بەربڵاوی تاعوون.

550 ● کۆتایی ئیمپراتۆریەتی گوپتا لە هندستان.

● شانشینی تۆلتێك درێژەی بە شارستانیەتی تیوتیهواکا دا (لە مەکسیك).

552 ● ئاینی بودایی گەیشتە ژاپۆن.

563 ● سانت کۆلومبا گەیشتە ئایۆنا لە دوورگەکانی رۆژاوای سکۆتلاند و دەستی کرد بە گۆڕینی گەلانی پیکت بۆ سەر ئاینی مەسیحی و دێرێکی لەوێ دروستکرد.

570 ● لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد لە مەککە.

572 ● جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی بێزانتە و فارس.

575 ● فارسەکان حەبەشەییەکانیان لە یەمەن رووخاند.

581 ● بەرەپاشای سوی وڵاتی چینی یەکخست.

590 ● سانت گریگۆری گەورە وەك پاپا هەڵبژێردرا. لە پێشەوایەتی ئەودا بوو مۆسیقای کەنیسە پێشکەوت و سروودی گریگۆری سەری هەڵدا.



597 ● سانت ئۆگوستین رێچکەی بێنێدیکتی هێنایە بەریتانیا و لە شاری کانتەربێری دێرێکی دروست کرد.

600 ● سەرهەڵدانی بەرەپاشای هارشا لە هندستان.

● سیستەمێکی ژمارەیی بۆ دەربرینی کەرتی دەیی (دێسیماڵ) لە هندستان دانرا.

604 ● شۆتۆکو تایسی کە فەرمانرەوای ژاپۆن بوو 17 بنەمای دانا بۆ فەرمانرەوایی کردن.

610 ● یەکەم سروش (وەحی) بۆ محەمەد پێغەمبەری ئیسلام (د.خ).

616 ● فارسەکان پەلاماری میسریان دا.

● ئیمپراتۆریەتی خمێر لە باشووری رۆژاوای ئاسیا دامەزرا.

618 ● فارسەکان میسریان داگیرکرد.

● سەرهەڵدانی بەرەپاشای تانگ لە چین.

622 ● کۆچی محەمەد (د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە: دەستپێکی رۆژمێری ئیسلامی.

632 ● کۆچی دوایی محەمەد (د.خ).

633 ● عەرەبەکان وڵاتی فارسیان داگیرکرد.

637 ● ئیمپراتۆریەتی ساسانی بەدەستی موسڵمانان رووخا.

638 ● وڵاتی بورما دامەزرا.

641 ● عەرەبەکان میسریان داگیرکرد.

644 ● چین پەلاماری کۆریای دا.

646 ● چاکسازییەکانی تایکا لە ژاپۆن زەوی میللی کرد و شێوازێکی بیورۆکراسیی وەك چینی پەیرەوی کرد.

650 ● بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی بیزانتە کەوتە بەردەستی موسڵمانەکان.

661 ● دامەزرانی بەرەپاشای ئەمەوی لە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا.

664 ● ئەنجوومەنی ویتبی بریاری دا رێچکەی رۆمانیی ئاینی مەسیحی نەك رێچکەی سێڵتی، لە بەریتانیا بگرێتە بەر.

685 ● گەلانی پیکت بەریان بە سوپای نۆرسومبریا گرت کە پەلاماری سکۆتلاندی دابوو.

697 ● عەرەبەکان شاری قەرتاجیان وێران کرد.

نز 700 ● ئاینی هندۆسی کەوتە دەرپەراندنی ئاینی بوودایی لە هندستان.

● بەیتی ئەنگلۆساکسۆنی بیئولف دانراوە.

710 ● شاری نارا بوو بە پایتەختی ژاپۆن تا ساڵی 784.

711 ● گەلانی موور پەلاماری ئیسپانیان دا.

712 ● موسلمانەکان هەرێمی سندیان داگیر کرد کە ئێستا بەشێکە لە پاکستان.

720 ● گەلانی موور پەلاماری فەرەنسایان دا.

731 ● بێدەی پایەبەرز کتێبی (مێژووی کلێسای گەلانی ئینگلیزی) نووسی.

732 ● چارلس مارتێڵ گەلانی مووری لە فەرەنسا دەرپەراند.

740 ● بەرەپاشای گوجارا باکووری هندستانی یەکخست و عەرەبەکانی بەزاند.

750 ● خەلیفایەتی عەباسی لە بەغدا دامەزرا.

● سانت بۆنیفەیس ئاینی مەسیحیی لە ئینگلتەرا وە برد بۆ ئەڵمانیا.



751 ● رێپینی کورت دوا پاشای میرۆڤینیایی گەلانی فرانکی لەسەرکار لابرد و بەرەپاشای کارۆلینیایی دامەزراند.

760 ● دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی تورکی.

● بنیاتنانی شاری بەغدا.

771 ● چارلەمانی ولاّتی ساکسۆنیای داگیرکرد و هێرشی کارۆلینیاییەکانی درێژە پێدا.

782 ● دروستکردنی بەربەستی خاکیی ئۆفا لە نێوان رووباری وای و دی دا بەمەبەستی رێگرتن لە هێرشی گەلانی وێڵش بۆ سەر ئینگلتەرا.

793 ● دەستپێکی پەرینەوەی کەشتییە چوارگۆشەکانی گەلانی ڤایکینگ لە دەریای باکوور بۆ پەلاماردانی دوورگەکانی بەریتانیا.

794 ● دەستپێکی سەردەمی های لە ژاپۆن ( تا ساڵی 1185)، کردنی کیۆتۆ بە پایتەخت و گەشەکردنی.

نز 800 ● چینەکانی راجپوت دەستیان کرد بە دروستکردتی شانشین لە هندستان.

● بنیاتنانی شاری ماچوپیچو لە پیرۆ.

800 ● چارلەمانی لەلایەن پاپاوە لە 25ی کانوونی یەکەمدا کرا بە ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆمانی.

809 ● مردنی هارون ئەلرەشید و دەسپێکی 200 ساڵ بێسەروبەری لە ئیمپراتۆریەتی عەرەبیدا.

811 ● گەلانی بولگار سوپای بیزانتەیان شکاند.

826 • داگیر کردنی کریت لەلایەن عەرەبەکانەوە.

829 • بیرکاریزانی فارسی محەمەد ئیبن موسا ئەلخوارەزمی بەرهەمێکی دەربارەی جەبر بڵاوکردەوە و تیایدا سیستەمی ژمارەی کەرتی دەیی بەکارهێنا.

832 • داگیر کردنی سیسیلی (سقلیە) لەلایەن عەرەبەکانەوە

840 • بنیاتنانی شاری دوبلین لەلایەن گەلانی دانیمارکەوە.

844 • یەکخستنی سکۆتلاند بە رابەرایەتی کێنێس ماك ئەلپین.

845 • فەرمان دژی ئاینی بوودایی لە چین دەرکرا.

846 • شاری رۆما لەلایەن عەرەبەکانەوە تالآن کرا.

850 • بنیاتنانی قەڵاتی زیمبابوێ لە ئەفریقای باشوور.

• عەرەبەکان ئامێری دەریاوانی ئەسترۆلابیان تەواو سازکرد.

• لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی کارۆلینیای گەلانی فرانك.

862 • بنیاتنانی شاری نۆڤۆگۆرۆد لەلایەن گەلانی ڤایکینگەوە.

867 • بازیلی یەکەم بووە دەستپێکی بەرەپاشای مەکدۆنیایی ئیمپراتۆریەتی بێزانتە کە تا 1056 بەردەوام بوو.

869 • عەرەبەکان ماڵتایان داگیرکرد.

871 • ئەلفرێدی مەزن وەك پاشای وێسێکس لە بەریتانیا دەستبەکار بوو.

874 • گەلانی ڤایکینگ لە ئایسلەندا جێگیربوون.

878 • پەیمانی وێدمۆر لەنێوان ئەلفرێد پاشا و دانیمارکییەکاندا.

882 • کیێڤ لەجیاتی نۆڤۆگۆرۆد کرا بە پایتەختی رووسیا.

885 • ئابلۆوقەی پاریس لەلایەن گەلانی ڤایکینگەوە.

891 • دەستپێکی نووسینی رووداونامە (کرۆنیکڵ) ی



ئەنگلۆسەکسۆنی.

900 • سەرەتای داگیرکردنەوەی ئیسپانیا لەلایەن مەسیحییەکانەوە.

نز • دامەزرانی دەسەڵاتی کۆلا لە باشووری هندستان.

907 • رێکەوتنی بازرگانی لەنێوان کیێڤ و قوستەنتینیەدا.

• جەنگی ناوخۆ لە چین، سەرەتای سەردەمی پێنج بەرەپاشا و دە شانشین لە چین.

909 • فەرمانرەوایی فاتمی لە باکووری ئەفریقا دامەزرا.

912 • هەرێمی نۆرماندی لە فەرەنسا کرا بە میرنشین (هەرێمی دوك) و درا بە پێشەوای ڤایکینگ رۆڵۆ و نەرویجییەکانی هاورێی.

915 • سوپای فاتمی پەلاماری میسری دا.

918 • سوپای فاتمی جارێکی تریش پەلاماری میسری دا.

919 • هێنری راوچی بوو بە پاشا هێنری یەکەمی ئەڵمانیا.

925 • کۆتایی سەردەمی دێرینی مایا لە یوکانتان لە مەکسیك.

930 • یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئایسلاند.

935 • شکانی سوپای فاتمی لە میسر.

936 • ئۆتۆ دوای هێنری یەکەمی باوکی بوو بە پاشای ئەڵمانیا.

959 • ئێدگار کرا بە پاشای هەموو ئینگلتەرا.

960 • دەستپێکی بەرەپاشای سۆنگ لە چین.

961 • سوپای بێزانتە کریتی لەچنگی عەرەبەکان دەرهێنا.

962 • ئۆتۆی یەکەمی پاشای ئەڵمانیا کرا بە ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆم.

965 • سوپای بێزانتە قوبروسی لەچنگی عەرەبەکان دەرهێنا.

969 • سوپای فاتمی میسری داگیر کرد.

985 • گەلانی تۆلتۆك بوونە فەرمانرەوای مەکسیك.

• نیشتەجێبوونی گەلانی ڤایکینگ لە گرینلاند.

987 • دەستپێکی بەرەپاشای کاپیتان لە فەرەنسا.

• کۆمەڵەی مایاپان لە ئەمریکای باشوور دامەزرا.

991 • نوێبوونەوەی هێرشەکانی گەلانی ڤایکینگ بۆسەر بەریتانیا.

994 • لەندەن لەلایەن گەلانی دانیمارك و نەرویجەوە ئابلووقەدرا.

نز • سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی کانێم لە باکووری نایجیریا.

1000 • سەرهەڵدانی دەولەتی چیم لە پیرۆ.

• وێرانکردنی کلتووری ئاراواك لە ناوچەی کاریبی.

• دەوترێت گوایە لەیف ئەریکسۆن کە ڤایکینگ بوو گەیشتۆتە نۆڤا سکۆشیا.

• نووسینی (بەسەرهاتی گێنجی) کە یەکەم رۆمانی سایکۆلۆژییە لەلایەن ئافرەتێکەوە لە دەرباری ژاپۆن.

• چینیەکان باروتیان تەواو سازکرد.

1016 • داگیرکەری دانیمارکی کانوت بوو بە پاشای ئینگلتەرا.

1018 • بیزانتەییەکان بولگاریایان داگیرکرد.

1023 • فەرمانرەوایی (بەنوعیباد) ی موسڵمانەکان لە سیڤیلێ (ئیشبیلییە).

1028 • کانوت وەك پاشای نەرویج قەبووڵکرا.

1035 • گەلانی موور لە ناوچەی ئاراگۆن دەرکران کە بوو بە



شانشینێکی ئیسپانیایی.

1040 • کوشتنی دونکان پاشای سکۆتەکان بەدەستی ماکبێس کە خۆی کرد بە پاشا.

1042 • شا ئێدوارد بوو بە پاشای ئینگلتەرا.

1045 • ئیمپراتۆریەتی بێزانتە ئەرمینیای داگیرکرد.

• میلان بوو بە شارەوڵاتێکی سەربەخۆ.

نز • سەرەتای ئیمپراتۆریەتی ئەلمورابیتون لە مەراکیش.

1050 • سەرەتای هێرەشە سەرەکییەکانی موسڵمانان بۆ سەر هندستان لە ئەفغانستانەوە.

• کۆمەڵە شیعری روباعیاتی عومەر خەییام.

• هەرەس هێنانی شانشینە هندییەکان.

1054 • دابەشبوونی نێوان کەنیسە بۆ کەنیسەی رۆمانی و یۆنانی ئۆرسۆدۆکس.

• سەرەتای داگیرکرنی رۆژاوای ئەفریقا لەلایەن موسڵمانانەوە بەدەستی عەبدوڵڵا بن یاسین.

1055 • تورکە سەلجوقییەکان خەلافەتیان گرتە دەست.

1057 • کوژرانی پاشای سکۆتلاند  ماکبێس بەدەستی مالکۆلم.

1061 • داگیرکردنی باکوری ئەفریقا لەلایەن سوپای ئەلمورابیتونەوە.

• داگیرکردنی مێسینا لەلایەن گەلی نۆرمانەوە.

1065 • وێستمینیستەر ئابی لە لەندەن کرا بە شوێنێکی پیرۆز لەلایەن شا ئەدواردەوە.

1066 • شەڕی هاستینگ لە 14ی تشرینی یەکەمدا: سوپای نۆرمان

بە سەرکردایەتی ولیامی داگیرکەر شکستی بە سوپای شا هارۆڵدی دووەم هێنا و ئینگلتەرای داگیرکرد.

- 1067 دەستپێکی دروستکردنی تۆمارە قوماشی بایوو کە نەخشێکی سەر پارچە قوماشێکی گەورەیە بەسەرهاتی داگیرکردنی ئینگلتەرا لەلایەن نۆرمانەکانەوە نیشان دەدا.
- 1071 تورکەکان ئاسیای بچووکیان داگیرکرد.
- 1075 سەرەتای ململانێی نێوان پاپا و ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆم.
- 1084 نۆرمانەکان رۆمایان تاڵان کرد.
- 1085 جەنگی ناوخۆ لە ئێرلاند.
- 1086 تەواوکردنی کتێبی (کتێبی دۆمسدەی) کە ئاماری دانیشتوان و ئیفرازی زەمینی بەریتانیا بوو.
- 1087 سەخت بریندابوونی شا ولیامی یەکەمی بەریتانیا لە شەڕی نانتس دا و جێگرتنەوەی بە ولیامی دووەمی کوڕی.
- 1090 چینییەکان قیبلەنومای موگناتیسییان داهێنا.
- 1093 دەستپێکی دروستکردنی کاتدرائیەی دورهام لە بەریتانیا لەسەر شێوەی نۆرمانی.
- 1095 – 1099 جەنگی خاچپەروەری یەکەم.
- 1100 شا ولیامی دووەم لەکاتی راودا لە نیوفۆرێست کوژرا و هێنری ی برای بوو بە پاشا.
- 1109 دەستپێکی جەنگی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.
- گەلانی ناهوان بوونە فەرمانرەوایی ناوەراستی مەکسیک.



- ئەلکول (کحول) بۆ یەکەم جار دڵۆپێنرا.
- 1113 دامەزرانی تیپی سوارەی هۆسپیتالەری ئۆرشەلیمی سانت جۆن بەمەبەستی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان.
- 1119 دامەزرانی تیپی سوارەی سەربازیی مەسیحی پەرستگای سلێمان کە دەورێکی زۆریان بینی لە جەنگە خاچپەروەرەکاندا.
- 1122 رێکەوتنی وۆرمس بووە هۆی ئاشتبوونەوەی ئیمپراتۆری رۆمانی و پاپا.
- 1127 تەواوکردنی داگیرکردنی سقلیە لەلایەن نۆرمانەکانەوە.
- سەرهەڵدانی شارە وڵاتی مۆسکۆڤی (مۆسکۆ) لە رووسیا.
- بەرەپاشای سۆنگی باشوور لە چین جێگیربوو.
- 1144 دامەزرانی فەرمانرەوایی کۆماری لە رۆما.
- 1147 پورتوگال بوو بە شانشینێکی سەربەخۆ.
- 1147 – 1149 جەنگی خاچپەروەری دووەم.
- 1148 خاچپەروەران لە دیمەشق شکان.
- 1150 یەکەم دەرکەوتنی کاتژمێری میکانیکی لە ئەوروپا.
- 1152 فریدریک باربارۆسا بوو بە پاشای ئەڵمانەکان.
- 1154 دەستپێکی بەرەپاشای پلانتاجینێت لە ئینگلتەرا بە چوونە سەرتەختی هێنری ئەنجو.
- 1157 تۆماس بێکێت بوو بە راوێژکاری گەورەی ئینگلتەرا.
- 1160 نۆرمانەکان لە باکووری ئەفریقا دەرکران.
- 1162 تۆماس بێکێت بوو بە سەرقەشەی کانتەربێری.

1163 ● دەستپێکی دروستکردنی تەلاری نۆتردام لە فەرەنسا.

1164 – 1174 ● سەلاحەدینی ئەیوبی میسری داگیرکرد.

1167 ● دامەزرانی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا.

● گروپە سەرکەشەکانی ئەنگلۆنۆرمان پەلاماری ئێرلاندیان دا.

1168 ● توولای پایتەختی تۆلتێك کەوتە بەردەستی گەلی ئازتێك.

1169 ● ئینگلیزەکان پەلاماری ئێرلاندیان دا.

● یەکگرتنی شانشینی سربستان.

1170 ● کوژرانی تۆماس بێکێت.

1174 ● سەلاحەدین جەنگی پیرۆزی دژی مەسیحیەکان دەست پێکرد.

1175 ● دابەشبوونی میسر بۆ دوو شانشین.

1176 ● لە شەری میریۆکیفالۆن دا تورکەکان سوپای بێزانتەیان لە ئاسیای بچووك شکاند.

1180 ● ولاتی تۆلتێك کەوتە بەر دەستی خێڵە رەوەندەکان.

1185 ● شکانی تایرا (هایکە) لە ژاپۆن بەدەستی خێڵی میناموتۆ(گێنجی) ی نەیاریان لە شەڕی دەریایی دانوورا دا کە کۆتایی بە جەنگی گەمپی هێنا کە 1180 دەستی پێکردبوو.

1187 ● سەلاحەدینی ئەیوبی سوپای مەسیحیەکانی لە شەڕی حەتین دا بەزاند و بەردەوام بوو تا ئۆرشەلیمی گرت.

1189 ● ریچاردی یەکەم بوو بە پاشای ئینگلتەرا.



1189 – 1192 ● جەنگی خاچپەروەری سێیەم بە سەرکردایەتیی شا ریچاردی ئینگلتەرا و شا فیلیپی دووی فەرەنسا و شا فریدریك (باربارۆسا).

1192 ● دەستپێکی فەرمانرەوایی رەهای کاماکورا لە ژاپۆن (تا 1333).

● ریچاردی یەکەم ئاگربەستی لەگەڵ سەلاحەدین کرد بەڵام لەکاتی گەرانەوەیدا بۆ ئینگلتەرا لەلایەن شا (لیۆپۆڵ) ی نەمساوە دەستگیرکرا.

1194 ● داگیرکردنی شاری چەچین ئیتزا ی گەلانی تۆلتێك لە یوکاتان.

● دەستپێکی کاتیدرائیەی چارتەرز لە فەرەنسا.

1198 ● شاری فلۆرەنسا بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ.

1199 ● کوژرانی ریچاری یەکەم لە کاتی شەردا لەگەڵ فەرەنسا، جۆن لەجێگەی ئەو چوو سەر تەختی ئینگلتەرا.

1200 ● دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی ئازتێك لە باکووری مەکسیك.

● پەلاماردانی شانشینە مەسیحیەکانی سوودان لەلایەن موسڵمانەکانەوە.

1202 ● بیرکاریزانی ئیتالیایی لیۆناردۆ فیبۆناچی لێکۆڵینەوەی لە زنجیرەی ئەو ژمارانە کرد کە هەریەکەیان یەکسانە بە کۆی دوو ژمارەکەی پێش خۆی وانە (1، 1، 2، 3، 5، 8، هتد) و ئەم باسەی چاپ کرد.

1202 – 1204 ● جەنگی خاچپەروەری چوارەم.

1204 ● سوپای خاچپەرەوەران قوستەنتینییەی تالان کرد.

● جۆن پاشای ئینگلیز ناوچەی نۆرماندی دۆڕاند بە فەرەنسا.

1206 ● جەنگیزخان بوو بە فەرمانرەوای هەموو گەلانی مەغۆل لە رۆژهەڵاتی ئاسیا.

● سولتاننشینی دەلهی دامەزرا کە یەکەم فەرمانرەوایی موسڵمانان بوو لە هندستان.

1212 ● هەڵگیرسانەوەی جەنگ لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا.

● هەزاران منداڵ خۆیان ناونووس کرد بۆ جەنگی خاچپەرەوەری منداڵان کە سەرەنجامی خراپ بوو.

1213 ● پەلاماردانی چین لەلایەن سوپای مەغۆلەوە بەسەرکردایەتی جەنگیزخان.

1214 ● داگیرکردنی پەکین لەلایەن سوپای مەغۆلەوە.

1215 ● پاشای ئینگلتەرا جۆن ناچار کرا پەیمانی ماگناکارتا ئیمزا بکات کە مافی پیاوماقووڵاتی دابین کردبوو (15ی حوزەیران).

" هیچ پیاوێك (کەسێك) ماف یا دادپەروەری پێ نافرۆشرێت، لێی بێبەش ناکرێت یا لێی دواناخرێت." پەیمانی ماگنا کارتا.

1216 ● مردنی پاشا جۆن، هێنری سێیەمی منداڵی چووە شوێنی.

1218 – 1221 ● جەنگی خاچپەروەری پێنجەم: گرتن و پاشان دۆڕاندنی دەمیات لە میسر.

1219 ● مەغۆلەکان سەمەرقەند و بوخارا و وڵاتی فارسیان داگیرکرد.



1220 ● دەستپێکی کاری دروستکردنی کاتیدرائیەی سالیسبۆری لە ئینگلتەرا.

1221 ● پەلاماردانی سولتاننشینی دەلهی لەلایەن سوپای مەغۆلەوە.

1223 ● مەغۆلەکان پێدەشتەکانی رووسیایان راماڵی.

1224 ● هەڵگیرسانەوەی جەنگی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.

1227 ● هێنری سێیەم گەیشتە تەمەنی پاشایەتی.

● مردنی جەنگیزخان و دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتەکەی لەنێوان سێ کوڕەکەیدا.

1228 ● فرانسیسی ئاسیسی کە عارفێکی مەسیحی بوو، دووساڵ دوای مردنی کرا بە سانت (قدیس).

1229 ● لەئەنجامی جەنگی خاچپەروەری شەشەمدا بە بێ شەڕ، فریدریکی دووەم ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆم کرا بە پاشای ئۆرشەلیم (1228–1229).

1230 ● خاچپەروەران نەخۆشی گەڕی (لیپرەسی) یان هێنا بۆ ئەوروپا.

● سورچاکانی تیوتۆنی کە گروپێکی سەربازی مەسیحی بوون کۆنترۆڵی لاتڤیایان گرتەدەست.

1236 ● فێردیناندی سێیەمی پاشای کاستیلیا شاری کۆردۆبا (قورتوبە) ی لە چنگی عەرەبەکان دەرهێنا.

1237 ● بۆ جاری دووەم مەغۆلەکان پەلاماری روسیایان دا: سوپای مەغۆل کە بە هێزی زێڕین ناسرابوو کەوتە تۆقاندنی ئەوروپا.

- 1240 سوپای مەغۆل شاری مۆسکۆ و کییڤی داگیرکرد.
- دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی مالی لە رۆژاوای ئەفریقا.
- 1241 سوپای مەغۆل سوپای ئەلمانیای بەزاند و پەلاماری پۆلۆنیا و هەنگاریای دا بەڵام دواتر لە ئەوروپا کشایەوە.
- 1242 باروت لە رۆژهەڵاتی دوورەوە گەیەنرایە ئەوروپا.
- هەڵگیرسانی شەر لەنێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.
- 1243 کۆتایی فەرمانرەوایی تورکانی سەلجووقی.
- 1245 فریدریکی دووەم لەلایەن ئەنجوومەنی لیۆنەوە بەهۆی ناکۆکییەکی درێژخایەنەوە لەگەڵ پاپادا، لەسەر تەخت لابرا.
- 1248 دەستپێکی دروستکردنی کاتیدرائیەی کۆلۆن.
- 1249 رۆجەر باکۆن تێبینی هەبوونی مادەی تەقینەوەی کرد.
- 1250 گەلی ئینکا لە ناوچەی کوزکۆ لە باشووری پیرۆ نیشتەجێ بوون.
- دامەزرانی چیموو لە باکووری پیرۆ.
- سەرەتای فەرمانرەوایی مەمالیك لە میسر.
- لە جەنگی خاچپەرەوەری حەوتەمدا عەرەبەکان شا لوی (لویس)ی نۆیەمی شای فەرەنسایان گرت.
- پەتایەکی نادیار بووە هۆی لاوازبوونی شارستانیەتی دانیشتوانە ئەسلییەکانی ئەمریکا.
- 1252 ئینکیزیسیۆن (دادگای لێپێچینەوەی کەنیسەی کاسۆلیکی رۆمانی لە کوفر) دەستی کرد بەبەکارهێنانی ئەشکەنجە.
- 1258 شاری بەغدا لەلایەن سوپای مەغۆلەوە داگیرکرا.



- 1259 پەیمانی پاریس لە نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا.
- قوبلای خان بوو بە ئیمپراتۆری مەغۆل لە چین.
- سوپای مەغۆل پەلاماری سوریای دا.
- 1261 – 1263 گەلانی ڤایکینگ لە ئایسلاند و گرینلاند سەربەخۆیی نەرویجیان قەبووڵ کرد.
- 1264 قەشەو فەیلەسوف ئیتالیایی تۆماس ئەکویناس ( لەدژی هەڵەکانی بێباوەڕان) ی تەواو کرد کە نووسینێك بوو دەربارەی ئەقڵ و ئیمان.
- 1264 – 1267 جەنگی دووەمی بارۆنەکان لە ئینگلتەرا لە نێوان هێنری سێیەم و پیاوماقووڵاندا بە سەرکردایەتیی سیمۆن دی مۆنتفۆرت.
- 1265 لەدایکبوونی پەرلەمانی ئینگلیزی کاتێك سیمۆن دی مۆنتفۆرت داوای لە نوێنەرانی شارو شارۆچکەکان کرد بەشداری بکەن.
- لەدایکبوونی شاعیری ئیتالیایی دانتی ئالیگێری.
- 1266 رۆجەر باکۆن دەستی کرد بە نووسینی (بەرهەمی مەزن) کە کەشکۆڵی هەموو لقەکانی زانیاری بوو.
- 1271 – 1275 گەشتی مارکۆ پۆلۆ لە ڤینیسیاوە بۆ چین بە سەر وشکانیدا.
  " نیوەی ئەوەشم نەگێراوەتەوە کە دیومە." لە دوا وتەکانی مارکۆ پۆلۆ.
- 1272 مردنی پاشای ئینگلتەرا هێنری سێیەم و هاتنە سەر تەختی ئیدواردی یەکەم.

1274 • بەرپەرچ دانەوەی هێرشی سوپای مەغۆل بۆ سەر ژاپۆن بە کۆمەکی تۆفانێك کە بە بایەکی خودایی (کامیکازیَ) دەزانرا.

• مردنی تۆماس ئەکویناس، قەشەو فەیلەسوفی ئیتالیایی.

1275 • مارکۆ پۆلۆ لای ئیمپراتۆری مەغۆل قوبلای خان دەست بەکار بوو.

1279 • فەرمانرەوایی مەغۆلەکانی بەسەر هەموو ولاتی چیندا.

• دەستپێکی فەرمانرەوایی بەرەپاشای یوان لە چین لەلایەن قوبلای خانەوە.

1280 • کۆکردنەوەی کۆمەڵێك گۆرانی قوتابیان لە ژێرناوی (کارمینا بورانا) لە باڤاریا.

1281 • هەوڵی دووەمی هێرشی مەغۆل بۆسەر ژاپۆن کە دیسان بەهۆی بای بەتینەوە شکستی هێنا.

1282 • خەڵکی سیسیلی لەدژی نۆرمانەکان راپەرین.

1283 • ئێدواردی یەکەم دەستی کرد بە دروستکردنی قەڵای کایەرنارڤۆن لە باکووری وێڵز.

1284 • بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە شانشینی ناڤارە بوو بە بەشێك لە فەرەنسا.

1285 • میسری و هیتییەکان جەنگیان لەسەر سوریا کرد و پاشان دابەشیان کرد.

1288 • مردنی ئادەم دولا هاڵ، گەورەترین بەیتبێژی فەرەنسایی، لە ناپۆلی.

• داهێنانی چاویلکە.



1290 • ئینگلتەرا جووەکانی وەدەرنا.

1291 • پێکهاتنی کرۆکی سویسرا بە یەکگرتنی کانتۆنەکانی شویز و ئووری و ئولتەروالدینی خواروو لەدژی فەرمانرەوایی هابسبۆرگ.

• کۆنترۆڵکردنی ئەیکر دوا قەڵای مەسیحیەکان لە سوریا، لەلایەن موسڵمانەکانەوە.

1294 • دەستپێکی هاوپەیمانێتیی نێوان فەرەنسا و سکۆتلاند.

• مردنی قوبلای خان.

سەدەی 14 • سەرەتای سەردەمی ژیانەوە (رێنیسانس) و گرنگی دانی زیاتر بە بەرهەمە کلاسیکییەکانی یۆنان و رۆم لە بورای هونەر و تەلارسازیدا، بە وێرانە و پارچە هونەرییەکانی ژێر خاکیشەوە.

1300 • دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن سوڵتان عوسمانی یەکەمەوە.

• هێرشی شا ئێدوارد بۆ سەر سکۆتلاند.

• داهێنانی تفەنگ لەلایەن عەرەبەکانەوە.

1306 • رۆبێرت بروس بوو بە شا رۆبێرتی یەکەمی سکۆتلاند.

• تەواوکردنی دیواربەند (فریسکۆ)ی پەرستگای ئارینا لە شاری پادوا لە ئیتالیا.

1307 • شا ئێدواردی یەکەمی ئینگلتەرا مرد و ئێدواردی دووەم شوێنی گرتەوە.

• شاعیری ئیتالیایی دانتی دەستی کرد بە نووسینی (کۆمیدیای خودایی).

" هیچ خەفەتێك لەوە گەورەتر نیە لەكاتی نەگبەتیدا بیری
كاتێكی خۆشت بكەویتەوە." دانتی.

1313 • داهێنانی تۆپ(چەك) لەلایەن قەشەیەكی ئەڵمانییەوە
بەناوی بێرتۆڵد شوارتز.

1314 • شەڕی بانۆكبێرن: رۆبێرت بروس سوپای ئینگلیزی بە
سەركردایەتی ئێدواردی دووەم بەزاند.

• تەواوكردنی ماپا موندی (نەخشەی رەمزیی جیهان) كە
ئۆرشەلیم لە ناوەراستیدایە.

1321 • مردنی شاعیری ئیتالیایی دانتی ئەلیگێری

1324 • دانیماركییەكان ناوچەی ئیستۆنیایان فرۆشت بە سوارچاكە
تیوتۆنییەكان.

1325 • سوڵتاننشینی دەلهی گەیشتە ئەوپەری رەونەقی لە سایەی
فەرمانرەوایی محەمەد ئیبن توغلوق دا.

• گەلانی ئازتێك لە مەكسیك پایتەختی خۆیان ، تینۆچتیلان،
دروست كرد.

1327 • شا ئێدواردی دووەم لەسەر تەخت لابرا و لە قەڵای بێركلی
كوژرا و ئێدواردی سێیەم شوێنی گرتەوە.

1329 • مردنی شا رۆبێرت بروس لە سكۆتلاند و هاتنە سەر تەختی
داڤیدی دووەم.

1332 • بۆ یەكەمجار پەرلەمانی ئینگلیزی دابەش بوو بۆ دوو خانە
(ئەنجوومەن).

1333 • وێنەكێشی ئیتالیایی سیمیۆنە مارتینی شاكاری سەر
ئەڵتار (میحرابی كەنیسە) ی كێشا بە ناوی



(ئەنونسیاسیۆن= روونبوونەوە).

1336 • دامەزرانی شانشینی ڤیجایاناگار لە باشووری هندستان.

• ململانێی نێوان دەربار لە باشوور و باكووری ژاپۆن (تا
1392).

1337 • ئێدواردی سێیەم داوای تەختی فەرەنسای كرد.

• جەنگی سەد ساڵەی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.

1339 • دامەزرانی فەرمانرەوایی رەهای ئاشیكاگا لە ژاپۆن.

1340 • لەدایكبوونی شاعیری ئینگلیزی جیۆفێری چۆسێر دانەری
حیكایەتەكانی كانتەربێری.

• شكستی فەرەنسا بە دەستی سوپای ئینگلیز لە شەری
دەریایی سلۆژ دا.

1341 • رێزلێنانی شاعیری ئیتالیایی پێترارك (فرانچێسكۆ پێترارکا)

1346 • شەڕی كرێسی لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا كە
بۆیەكەمجار باروت لە شەڕدا بەكارهێنرا (وا پێدەچێ) و
فەرەنسا شكستی خوارد.

نز • داهێنانی بەرزترین نیشانەی پیاوماقووڵی بۆ رێزلینانی
1348 سوارچاكان (نیشانەی گارتەر) لەلایەن شا ئێدواردی
سێیەمی ئینگلتەراوە.

• بڵاوبوونەوەی تاعوونی لیمفی لە ئەوروپا كە لە هندستان یا
چینەوە هاتبوو و دواتر لە سەدەی نۆزدەیەمدا ناوی نرا
رەشەمەرگ. لەماوەی چەند ساڵێكی كەمدا زیاتر لە
سێیەكی هەموو دانیشتوانی ئەورووپای كوشت.

• كۆكردنەوەی چیرۆكەكانی شاعیر و نووسەری ئیتالیایی

جیۆڤانی بۆکاچیۆ لە کتێبی (دیکامیرۆن) دا.

1350 ● سەرهەڵدانی وڵاتی سیام (تایلاندی ئەمڕۆ).

● فیرۆز شا بوو بە سوڵتانی دەلهی.

1353 ● تورکەکان دەستیان کرد بە پەلاماردانی ئەوروپا.

1354 ● تورکەکان دەستیان گرت بەسەر ناوچەی گالیپۆلی دا.

1355 ● ئیلیاس شا ناوچەی بەنگاڵی سەربەخۆی دامەزراند.

1356 ● ئینگلیزەکان لە شەری پوارتییە دا فەرەنسایان شکاند.

● تورکە عوسمانییەکان گەیشتنە ئەوروپا.

1357 ● تورکەکان شاری ئەدریاناپۆل (ئەدیرنە ی ئێستا) یان گرت.

1360 ● پەیمانی بریتانی لە نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا کە بووە هۆی وەستانی قۆناغی یەکەمی جەنگی سەد ساڵە.

1363 ● تەیموری لەنگ هێرشەکانی لە ئاسیادا دەست پێکرد.

1364 ● یەکەم شاکاری مۆسیقا، (جەماوەری نۆتردام) ی ژیلۆم دو ماشۆ، لە شاری ڕێمس لە فەرەنسا لە ڕێورەسمی تاج لەسەرنانی شا شارل (چارلس) ی پێنجەمی فەرەنسا پێشکەش کرا.

1368 ● مەغۆلەکان لە چین دەرپەڕێندران.

● فەرمانرەوایی بەرەپاشای مینگ لە چین دەستی پێکرد و نانجینگ کرا بە پایتەخت.

● تەیموری لەنگ تاجی سەمەرقەندی لەسەرنا.

1372 ● شکانی ئینگلیزەکان بەدەستی فەرەنسا کە ناوچەکانی پواتیە و ئەنگولم و لارۆشێل کەوتە دەستی فەرەنسا.

1375 ● سەرهەڵدانی درامای (نۆ) لە ژاپۆن.



1377 ● شا ئێدواردی سێیەمی ئینگلتەرا مرد و ریچاردی دووەم جێگای گرتەوە.

● گەلی مالای لە مالاکا لە مالیزیای ئێستا نیشتەجێ بوون.

1478 ● کەرتبوونی گەورەی پاپایەتی بۆ دوو پاپای رکابەر لە رۆما و لە (ئاڤینیۆن) ی فەرەنسا.

● هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان ئینگلتەرا و هەریەك لە فەرەنسا و ئیسپانیا و سکۆتلاند.

1380 ● تەیموری لەنگ دەستی دایەوە چەندین هێرش بۆ سەر وڵاتی فارس و گورجستان و روسیا و میسر.

1381 ● راپەرینی رەنجدەرەکان لە بەریتانیا.

1382 ● یەکەم وەرگێڕانی ئینجیل بۆ زمانی ئینگلیزی بە دەستی جۆن وایکلیف.

● گرتنی شاری سۆفیا لەلایەن تورکەکانەوە.

1385 ● پورتوگال سەربەخۆیی لە ئیسپانیا مسۆگەرکرد.

1387 ● کۆکردنەوەی حیکایەتەکانی کانتەربێری نووسراوی جیۆفێری چۆسێر لە بەریتانیا.

1389 ● شکستی سربەکان لە کۆسۆڤۆ بووە هۆی ئەوەی بکەونە ژێردەستی تورکەکان.

1395 ● تەیموری لەنگ هێزی زێڕینی مەغۆلی شکست دا.

1396 ● شەڕی نیکۆپۆلیس: شکستی سوپای مەسیحیی شا سیگسیمۆندی هەنگاریا بەدەستی سوپای سوڵتان بایەزیدی عوسمانی.

● هەرەسی دوا قەڵای بولگاریایی بەدەستی تورکەکان کە

بۆماوەی پێنجسەد ساڵی دوای ئەوە کۆنترۆڵی بولگاریایان کرد.

1397 • یەکگرتنی کالمار بووە هۆی یەکگرتنی سوید و نەرویج و دانیمارك.

1398 • تەیموری لەنگ پەلاماری هندستانی دا و دەلهی داگیرکرد و ناوچەی پەنجابی خستە ژێر دەستی خۆی.

1399 • شا ریچاردی دووەمی ئینگلتەرا لەسەر تەخت لابرا: هێنری خەڵکی لانکاستەر وەك هێنری چوارەم چووە سەر تەخت.

1400 • شا ریچاردی دووەم پێدەچێت کوژرابێت.

• راپەرینی ئۆوین گلیندۆوەر لە وێلز دژی فەرمانرەوایی ئینگلیز.

• ئیمپراتۆریەتی ئازتێك گەشەی کرد و زۆربەی مەکسیکی گرتەوە.

• کۆمکاری هانسیاتی کە کۆنفیدراسیۆنێکی بازرگانیی شارە ئازادەکان بوو لە باکووری ئەوروپا گەیشتە ئەوپەڕی گەشەو زیاتر لە 160 شاری گرتبووە خۆی.

1401 • تەیموری لەنگ بەغدا و دیمەشقی داگیرکرد.

• یەکێتیی نێوان پۆلۆنیا و لیتوانیا.

1402 • هێنری چوارەم پەلاماری وێڵزی دا.

• تەیموری لەنگ لە ئەنقەرە شکستی بە سوپای سوڵتان بایەزید داو خۆیشی بەدیل گرت.

1403 • لە چین فەرمانرەوایی بەرەپاشای مینگ قەلەمرەوی خۆی فراوان کرد.



1405 • مردنی تەیموری لەنگ لەکاتی هێرشدا بۆ سەر چین، شاهروخ جێگەی گرتەوە.

1407 • کەشتییە چینییەکان گەیشتنە سیلان (سریلانکا).

1410 • شەڕی تانێنبێرگ کە تیایدا سوپای پۆلۆنیا و لیتوانیا سوارچاکە تیوتۆنیەکانیان شکاند.

1412 • لەدایکبوونی ژنە قارەمانی فەرەنسا ژان دارك.

1413 • مردنی هێنری چوارەم پاشای ئینگلتەرا و هاتنەر سەرکاری هێنری پێنجەم.

1415 • شکستی سوپای فەرەنسا بەدەستی ئینگلیزەکان لە شەڕی ئاژینکۆرت دا.

1416 • سوپای ڤینیسیا تورکەکانی لە گالیپۆلی دەرپەڕاند.

1417 • کۆتایی هاتنی کەرتبوونی گەورەی کلێسای کاسۆلیك بە ئەنجوومەنی کۆنستانس.

1419 • شازادەی پورتوگالی هێنری دەریاگەڕ قوتابخانەیەکی بۆ دەریاگەڕی دامەزراند.

1421 • پەکین (بەیجین) کرایەوە بە پایتەختی چین.

1422 • مردنی هێنری پێنجەم پاشای ئینگلتەرا و شوێنگرتنەوەی لەلایەم کورە ساواکەیەوە هێنری شەشەم.

1429 • سوپای فەرەنسا بە سەرکردایەتی ژان دارك ئابلۆوقەی شاری ئۆرلیانی شکاند لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

1430 • کەشتییە چینییەکان گەیشتنە دەریای سوور.

1431 • ئیعدام کردنی ژان دارك بە سووتاندن بەتۆمەتی سیحربازی.

• شاهێنری شەشەمی ئینگلتەرا بوو بە پاشای فەرەنسا.

"هەموو ئەوشتانەی کردوومە و باش بوون بە فەرمانی ئەو دەنگانە بووە کە پێم وتراوە." ژان دارك لەکاتی دادگایی کردنیدا ساڵی 1431.

1432 • تەواوبوونی شاکاری هونەری سەر ئەلتار (میحرابی کەنیسە) بەناوی (پەرستنی بەرخی غەیبی) لەلایەن وێنەکێشی بەلچیکایی (یان ڤان ئایك).

1434 • بەرەپاشای مێدیچی بوون بە فەرمانرەوای فلۆرەنسا.

1436 • بەرهەمی (دێلتا پیتورا) نووسراوی فلۆرینتین لیۆن باتیستا ئەلبێرتی بناغەی تێۆری هونەر و پێرسپێکتیڤی ماتماتیکی دانا.

1438 • بنیاتنانەوەی شاری کوزکۆ ی شارستانیەتی ئینکا و بەرفراوانبوونی لە ئەمریکای باشوور.

• تەواوبوونی گومەزی کاسیدرائییەی فلۆرەنسا یەدەستی هونەرمەند فلیپۆ برونیللێچی.

1440 • مۆنتێزونای یەکەم بوو بە پاشای گەلی ئازتێك.

• شەری کوزکۆ: ئینکا چانکای شکست دا.

• دانانی یەکەم کارخانەی چاپ لە مەینز لە ئەڵمانیا بەدەستی یۆهان گوتەنبێرگ.

• دامەزرانی قوتابخانەی گشتیی کۆلێجی ئیتۆن لە ئینگلتەرا.

1441 • ئیمپراتۆریەتی نوێی مایا پارچەپارچە بوو بۆ چەند ولاتێك.

1442 • بۆ یەکەمجار کۆیلەرەشەکان نێردران بۆ پورتوگال.

1447 • هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی تەیموری لەنگ: هندستان و وڵاتی فارس و ئەفغانستان سەربەخۆ بوون.



1448 • بنیاتنانی یەکەم سەربازخانەی ئەوروپایی لە کەنارەکانی ئەفریقا لە ئارگوینی مۆریتانیا لەلایەن پورتوگالەوە.

1449 • جیابوونەوەی سوید لە دانیمارك و نەرویج.

• دەرکردنی یەکەم بروانامەی داهێنان لەلایەن هێنری شەشەمی پاشای ئینگلتەراوە بۆ دروستکردنی شووشەی رەنگکراو بۆ کۆلێجی ئیتۆن.

1450 • بەرەپاشای سفۆرزا جێگەی ڤیسکۆنتی گرتەوە لە میلانۆ.

1451 • محەمەدی دووەم بوو بە سوڵتانی تورکەکان.

1452 • بەکارهێنانی کۆیلە لەلایەن پاپاوە پەسەند کرا.

1453 • جۆن دەنستەبڵ، یەکەم دانەری مۆسیقای بەناوبانگی ئینگلیزی لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

• کۆتایی جەنگی سەد ساڵەی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.

• تورکەکان بە سەرکردایەتی محەمەدی دووەم شاری قوستەنتینیەیان گرت.

1454 • رێکەوتنی ئاشتیی لۆدی لە نێوان میلانۆ و ڤینیسیادا.

1455 – 1485 • جەنگی ناوخۆ لە ئینگلتەرا لە نێوان ناوچەکانی لانکاستەر و یۆرك دا.

1456 • تورکەکان ئەسینایان گرت.

1459 • تورکەکان سربستانیان گرت.

1460 • دانیمارك ناوچەی دوکنشینی شلێسویگ و هۆلشتاینی سەر بە ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی خستەر ژێر رکێفی خۆیەوە.

1461 • ئێدواری ناوچەی یۆرك کرا بە پاشای ئینگلتەرا.

1462 • سوپای کاستیلیا ناوچەی جەبەل تاریقی لە عەرەبەکان سەندەوە.

1463 • تورکەکان بۆسنیایان داگیرکرد.

• تورکەکان کەوتنە شەڕ لەگەڵ ڤینیسیا.

1467 – 1477 • هەڵگیرسانی جەنگی ئۆنین لە ژاپۆن و نزیکەی 100 ساڵ جەنگی ناوخۆ، سووتانی کیۆتۆ.

1468 • گەشەکردنی ئیمپراتۆریەتی سۆنگای لە باکوری رۆژاوای ئەفریقا.

1470 • پورتوگالییەکان گەیشتنە کەناری زێرینی رۆژاوای ئەفریقا.

1471 • چاپکردنی یەکەم کتێبی ئینگلیزی لەلایەن ولیام کاکستۆنەوە لە بەلیچیکا.

• هێنری شەشەم لە بورجی لەندەن تێرۆر کرا.

• دەریاگەڕە پورتوگالییەکان گەیشتنە کەنارەکانی گینیا.

• ئێدواردی خەڵکی یۆرك بۆ جاری دووەم بوو بە پاشای ئینگلتەرا.

• لەدایکبوونی هونەرمەندی ئەڵمانی ئەلبرێخت دوورەر لە نۆرمبۆرگ.

1473 • یەکەم پارچە مۆسیقای زانراوی چاپکراو لەلایەن یۆهانیس گیرسۆن کە لەئێزلینگێن لە نزیك شتوتگات چاپ کرا.

• لەدایکبوونی ئاسمانناسی پۆلۆنیایی نیکۆلای کۆپەرنیکۆس.

1475 • گرتنی ناوچەی کریمیا (قرم) لەلایەن تورکەکانەوە.

1476 • گرتنی ناوچەی چیموو (ئیکوادۆر) لەلایەن ئینکاوە.



1477 • چاپکردنی یەکەم کتێب لە ئینگلتەرا (وتەی فەیلەسوفەکان) بەدەستی ولیام کاکستۆن.

1479 • رێکەوتنی ئاشتیی قوستەنتینییە: ڤینیسیا هەندێ خاکی لە ئەلبانیا و لیمنۆس دا بە تورکەکان.

• یەکگرتنی ئاراگۆن و کاستیلیا لەژێر فەرمانرەوایی فیردیناند و ئیزابیلا و دروستبوونی شانشینی ئیسپانیا.

• دابەشکردنی ناڤارە لەنێوان ئیسپانیا و فەرەنسادا.

• پەیمانی ئالڤۆڤۆس لە نێوان ئیسپانیا و پورتوگال سەبارەت بە دوورگەکانی ناو ئۆقیانووسی ئەتلەسی.

1480 • ئیڤانی سێیەم لە مۆسکۆ فەرمانرەوایی مەغۆلەکانی رووخاند.

• ئینکا پۆلیڤیای گرت.

• لیۆناردۆ داڤینچی پەرەشووتی بچکۆلەی دروستکرد.

1482 • پورتوگال بنکەی بازرگانییان لە کەناری زێرین دانا لە گانا.

1483 • مردنی شا ئێدواردی چوارەمی ئینگلتەرا: ئێدواردی پێنجەمی کوڕی لەسەر تەخت لابراو باوەر وایە کوژرابێت.

• ریچاردی خەڵکی گلۆسێستەر کرا بە پاشا بەناوی ریچاریدی سێیەم.

• فەرەنسا ناوچەکانی بورگانی و بریتانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

• سەرەتای کنەکردنی رووسیا بە ناوچەی سیبریادا.

1484 • داگیرکردنی ناوەراستی چیلی و باکوری رۆژاوای ئەرجەنتین لەلایەن ئینکاوە.

- پورتوگالییەکان گەیشتنە دەمی روباری کۆنگۆ لە رۆژاوای ئەفریقا.
- تەواوکردنی تابلۆی لەدایکبوونی ڤینۆس لەلایەن وێنەکێشی فلۆرەنساییەوە، ساندرۆ بۆتیچێللی.

1485
- شەڕی بۆسوۆرس:ریچاردی سێیەم بەدەستی هێنری تودۆر شکستی خوارد و کوژرا و هێنری وەك هێنری حەوتەم بوو بە پاشا.
- دامەزرانی تیپی پاسەوانی پاشایی ئینگلیزی (یۆمێن).

1486
- دەریاوانە پورتوگالییەکان گەیشتنە ئەنگۆلا.

1487
- دامەزرانی دادگای ستارچامبەر لە ئینگلتەرا بە فەرمانی هێنری حەوتەم.

1488
- دەریاوانی پورتوگالی بارتۆلیمۆ دیاز یەکەم کەسی ئەوروپایی بوو بە دەوری لوتکەی هیوا دا (ئەوسا پێی دەوترا لوتکەی تۆفان) بە دەریادا سوورایەوە و رێگەیەکی دەریایی بەدەوری ئەفریقادا دیاری کرد.

1489
- پەیمانی دۆردرێخت: هاوپەیمانێتی نێوان هێنری حەوتەمی ئینگلتەرا و ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆمانی فریدریکی سێیەم.

نز 1489
- بنیاتنانی شاری بیجاپور لە کارانتاکای هندستان وەك پایەتەختی (شانشینی بیافرا) ی موسڵمانەکان.

1492
- ئیسپانیا شاری گرانادا (غەرناتە) ی لە موسڵمانەکان سەندەوە.
- لیۆناردۆ داڤینچی مەکینەیەکی فڕیوی دیزاین کرد.
- مردنی وێنەکێشی ئیتالیایی پیارۆ دیلا فرانچێسکا.



- دەریاگەڕی ئیتالیایی کریستۆفەر کۆلۆمبوس بۆ یەکەمجار لە شوێنی ئێستای ئەمریکادا وشکانیی بەدی کرد (12 ی تشرینی یەکەم).

"من هەر دەبێ بە دەریادا بڕۆم تا پشت بە خوا وشکانی دەدۆزمەوە." کریستۆفەر کۆلۆمبوس بۆ تاقمەکەی رۆژی پێش دۆزینەوەی ئەمریکا (1492).

1494
- پەیمانی تۆردیسیاس لە نێوان ئیسپانیا و پورتوگال بۆ دابەشکردنی سەرزەمینە تازە دۆزراوەکانی جیهانی نوێ.
- چاپی کتێبی (سوما ئەریسماتیکا) لە ڤینیسیا لەلایەن لوکا پاچیۆلی کە کتێبێکی مەنهەجی بوو دەربارەی ژمێرە و جەبر.

نز 1495
- یەکەم نمایشی شانۆگەری (هەموو پیاوێك) کە بەناوبانگترین شانۆگەریی ئەخلاقی بوو لە ئینگلتەرا.
- شارلی هەشتەمی پاشای فەرەنسا چووە ناو ناپۆلی بەڵام کۆمکاری پیرۆز ناچاری کرد بەجێی بهێڵێت.
- ئەنجوومەنی رۆم باجی سەپاند بە سەراسەری ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانیدا .

1496
- گرتنی تێهوانتەپەك بەدەستی ئینکا.
- بارتۆلۆمیۆ کۆلۆمبوس (برای کریستۆفەر) سانتۆ دۆمینگۆی دۆزیەوە کە یەکەم شاری کۆلۆنیالی بوو لە ئەمریکا.
- لەنگەرگای سەربازی لە بەندەری پۆرتسمۆس لە باشووری ئینگلتەرا دامەزرا.

1497
- پێرکین واربێك کە دەیوت ریچاردی برای شا ئێدواردی

پێنجەمە، یاخیبوونێکی ناسەرکەوتووی لەدژی هێنری حەوتەم بەرپاکرد.

- جیۆڤانی کابۆتۆ کە لە گەشتێکی دۆزینەوەدا بەرەو ئینگلتەرا بەرێوەبوو خۆی لە دورگەی نیوفاوندلاند دییەوە.
- ئیسپانیەکان لە دورگەی ئیسپانیۆلا نیشتەجێبوون.
- لیۆناردۆ داڤینچی لە میلانۆ تابلۆی (دوا شێو) ی کێشا.

1498
- ڤاسکۆ دیگاما ی پورتوگالی گەیشتە هندستان و بەمەش رێگەیەکی دەریایی لە نێوان ئەوروپا و نیمچە کیشوەری هندستان دا دۆزیەوە.
- کابۆتۆ لەسەر کەناری گرینلاند دابەزی.
- کۆلۆمبوس گەیشتە سەرزەمینی سەرەکیی ئەمریکای باشوور.

1499
- دامەزرانی فەرمانرەوایی بەرەپاشای سەفەوی لە ئێران.

نز
- شارستانیەتی ئۆلمێك لە ئەمریکای ناوەراست.

1500
- دامەزرانی کۆمەڵگای جووتیاری لە پیرۆ.
- لیۆناردۆ داڤینچی لێکۆلینەوەی لەسەر توێکاری لەشی مرۆڤ کرد بەمەبەستی پەرەپێدانی توانای وێنەکێشانی و بەمەش وێنەی توێکاریی پڕ وردەکاریی بەرهەم هێنا.

" لە ریزبەنیدا، شاعیر لەبواری نمایشکردنی شتە بینراوەکاندا زۆر لە خوار وێنەکێشەوەیە و لە بواری نمایش کردنی شتە نەبینراوەکانیشدا زۆر لەخوار مۆسیقارەوەیە." لیۆناردۆ داڤینچی.

1500
- تراموای (گالیسکەی رۆیو لەسەر راهێڵی تەختە) لە ناو



کانەکاندا بەکاردەهێنرا.

- دەریاگەڕی پورتوگالی پێدرۆ کابراڵ کە بەرەو دورگەکانی ئیندیسی رۆژهەڵات دەچوو بە رێکەوت گەیشتە کەنارەکانی بەرازیل.
- شاری بازل چووە تەك کۆنفیدراسیۆنی سویسرا.

1502
- دامەزرانی کۆمەڵگای پورتوگالی لە مۆزەمبیق.
- مۆنتیزۆمای دووەم بوو بە ئیمپراتۆری ئەزتێك.

1502 – 1504
- لە دوا گەشتیدا کۆلۆمبوس کەنداوی مەکسیك و نیکاراگوای دۆزیەوە.

1503
- لیۆناردۆ داڤینچی دەستی کرد بە کێشانی تابلۆی مۆنالیزا.

1504
- پەیمانی لیۆن: فەرەنسا وازی لە ناپۆلی هێنا بۆ ئیسپانیا.
- تەواوبوونی پەیکەری بەناوبانگی (داڤید) بەدەستی مایکل ئەنجیلۆ.

1505
- رێکەوتننامەی بازرگانی لە نێوان هندستان و پورتوگالدا.
- مۆزەمبیق بوو بە کۆلۆنییەکی پورتوگال.
- ئیسپانییەکان پۆرتۆریکۆیان داگیرکرد.

1506
- دەسپێکی کاری نۆژەنکردنەوەی کاسیدرائییەی سانت پیتەر لە رۆما بەسەرپەرشتیی دۆناتۆ برامانتێ.

1508
- مایکڵ ئەنجیلۆ دەستی کرد بە دروستکردنی دیواربەندی پەرستگای سیستین لە ڤاتیکان.
- وێنەکێشی سەردەمی رێنیسانس رافائیل دەستی کرد بە رازاندنەوەی ئەپارتمانەکانی پاپا.

1509
- مردنی هێنری حەوتەم پاشای ئینگلتەرا و هاتنە سەر

تەختی کورەکەی، هێنری هەشتەم.

- گرتنی بەندەری ئۆرلان لە باکوری ئەفریقا لەلایەن ئیسپانییەکانەوە لەدەستی عوسمانییەکان.
- بیرمەندی مرۆڤپەروەری هۆڵاندی ئیراسمۆس کتێبی (پیاهەڵدانی گێلی) بڵاوکردەوە.

1510
- لیۆناردۆ داڤینچی تۆربینێکی ئاوی دیزاین کرد.
- وێنەکێشی هۆڵاندی هیرۆنیمۆس بۆش تابلۆی (باخی خۆشییە زەمینییەکان) ی تەواوکرد.

1511
- دامەز رانی کۆمکاری پیرۆز لەدژی فەرەنسا بە بەشداری ئینگلتەرا و ئیسپانیا و سویسرا و ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی.
- پورتوگالییەکان گەیشتنە وڵاتی سیام.
- پورتوگالییەکان مالاکایان خستە بندەستی خۆیان.

1512
- جەنگی نێوان رووسیا و پۆڵۆنیا (تا 1822).
- شکانی فەرەنساییەکان لە شەڕی راڤێنا دا کە ناچارکران ئیتالیا بەجێ بێڵن.

1513
- هێنری هەشتەمی ئینگلتەرا فەرەنسای لە شەری سپورس دا شکست دا و لە کۆمکاری پیرۆز کشایەوە.
- شەڕی فلۆدن لە نێوان ئینگلتەرا و سکۆتلاند کە بەشکستی سکۆتلاند و کوژرانی شا جەیمسی چوارەم تەواوبوو.
- گەڕیدەی سەرکەشی ئیسپانیایی ڤاسکۆ بالبوا بە سەر کەنارەکانی دارێن (پاناما ی ئێستا) دا تێپەڕی و لەوسەرەوە ئۆقیانووسی ئارامی بەدی کرد.



- نووسینی کتێبی (شازادە) لەلایەن نیکۆڵ ماکیاڤیللی، بیرمەندی فلۆرەنسایی.

"یەکێك لەو بە بەهێزترین گارەنتییانەی شازادە دەتوانێت هەیبێت بەرامبەر پیلانگێڕان لە دژی، ئەوەیە نەهێڵێت خەڵك رقیان لێی بێت." ماکیاڤیللی.

1514
- پەیمانی هاوپەیمانێتی لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسادا.
- هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان تورك و فارسدا.

1515
- شەڕی چاڵدێران: تورکەکان سوپای فارسیان شکست دا.
- بنیاتنانی تەلاری هامپتۆن کۆرت لەنزیك لەندەن لەلایەن کاردینال وۆلسی یەوە.
- لیۆناردۆ داڤینچی وەسفی کامێرای نادیاری (کامێرا ئۆبسکورا) کرد بۆ نیشاندانی وێنە لەرێگەی هاوێنە یا کونێکی بچکۆلەوە لە تاریکیدا (فانوس سیحری).

1516
- ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سوریای خستە ژێر رکێفی خۆی.
- مایکل ئەنجیلۆ پەیکەری مووسای تەواو کرد.
- سیاسەتکاری ئینگلیزی تۆماس مۆر کتێبی (یۆتۆپیا)ی نووسی.

"ئەوانە (هاووڵاتیانی یوتۆپیا) تەنیا چەند یاسایەکی کەمیان هەیە... بەڵام ئەوان بە پێوەری راستی و دادپەروەری بیردەکەنەوە کە دەبێ مرۆڤ پابەندی ئەم یاسایانە بێت." تۆماس مۆر.

1517
- تورکە عوسمانییەکان قاهیرەیان داگیر کرد.
- بازرگانانی ئەوروپا گەیشتنە چین.

- دەستپێکی بزوتنەوەی چاکسازیخوازی کلێسای ڕۆمانی (بزوتنەوەی پرۆتستانت) لە ئەڵمانیا لەلایەن مارتن لوسەر بە هەڵواسینی 95 وتە بە دەرگای کەنیسەی ویتەنبێرگ دا (31 ی تشرینی یەکەم).

1519 • چارلسی پێنجەم بە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم هەڵبژێردرا.

- دەستپێکی بزوتنەوەی چاکسازیخوازی لە سویسرا بە رابەرایەتی ئورلیخ زوینگلی.

1519 – 1521 • هەرەسی ئیمپراتۆریەتی ئازتێك بەدەستی گەڕیدەی سەرکەشی ئیسپانیایی هێرنان کۆرتێس.

"من و هاورێکانم تووشی نەخۆشییەك بووین لە دلماندا کە تەنیا بە زێڕ چارەسەر دەکرێت." هێرنان کۆرتێس، پەیامێکی نێردراو بۆ مۆنتیزوما 1519.

1519 – 1522 • دەریاگەڕی پورتوگالی فێردیناند ماجەلان بە دەریادا لە ئیسپانیاوە بەرەو ڕۆژاوا کەوتە ڕێ تا گەیشتە فیلیپین. هاورێکانی سوورەکەیان بەدەوری زەویدا تەواوکرد.

1520 • کۆبوونەوەی نێوان هێنری هەشتەم پاشای ئینگلتەرا لەگەڵ شا فرانسیسی یەکەمی فەرەنسا.

- سولتان سولەیمانی مەزن بوو بە سوڵتانی عوسمانی.
- مارتن لوسەر لەبەرچاوی خەڵکی لە ویتەنبێرگ ئەو فەرمانەی پاپای سوتاند کە تیایدا بڕیاری دەرکردنی لووسەری دابوو لە کەنیسە.

1521 • گرتنی بەلگراد لەلایەن تورکەکانەوە.

- تەتەرەکان لە کریمیاوە پەلاماری باشووری روسیایان دا تا



مۆسکۆ.

- ئەنجومەنی کلێسای ڕۆمانی کۆبوونەوەی کرد بۆ باسکردنی بۆچوونەکانی لووسەر و بڕیاریان دا کە کابرایەکی زەندیقە. "ویژدانی من ئەسیری وتەکانی خوایە. من ناتوانم و نامەوێ لە هیچ شتێك پەشیمان ببمەوە... ئەوەتا لێرەدا راوەستاوم، ناتوانم هیچ شتێکی تر بکەم. خوا لە پشتم بێت. ئامین." مارتن لوسەر لەبەردەم ئەنجومەنی کەنیسەدا 1521.

1522 • گرتنی دورگەی ڕۆدیس لەلایەن تورکەکانەوە.

- مارتن لوسەر تەرجەمەی مزگێنی نوێ (بەشی دووەمی ئینجیل) ی بۆ ئەڵمانی تەواو کرد.

1522 – 1525 • جەنگی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.

1523 • دەرکردنی ئەوروپاییەکان لە چین.

1524 • فرانچێسکۆ پیزارۆ کەنارەکانی ئەمریکای باشووری کنەکرد.

- بڵاوبوونەوەی یەکەم کتێبی سروودی ئاینی لوسەری.

1526 • زاهیر (باهور) کە نەوەی تەیموری لەنگ بوو فەرمانرەوایی مەغۆلی دامەزراند (تا 1858) و زۆربەی هندستانی داگیرکرد.

1527 • پەیمانی ئامیان لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا بە وتووێژی گەورە راوێژکار وۆلسی.

- تاڵان کردنی ڕۆما لەلایەن بەکرێگیراوانی ئەڵمانی و ئیسپانیاییەوە.

1528 • جەنگی ئینگلیز و ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی.

• دانەی کاکاو بۆ یەکەمجار هێنرایە ئەوروپا.

1529 • پەیمانی ئاشتی نێوان شا فرانسیسی یەکەمی فەرەنسا و چارلسی پێنجەمی ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆمانی.

• هێنری هەشتەم گەورە راوێژکار وۆلسی لە دەربار دەرکرد و تۆمەتباری کرد بە خیانەتی گەورە بەڵام پێش دادگایی کردن کۆچی دوایی کرد.

• تۆماس مۆر کرا بە گەورە راوێژکاری دەرباری ئینگلیز.

• ئابلۆوقەی بێ ئەنجامی ڤییەننا لەلایەن تورکەکانەوە (ئەیلول–تشرینی یەکەم).

• پەیمانی زاراگۆزا: ئیسپانیا و پورتوگال رۆژهەڵاتی دووریان دابەشکرد.

1530 • دان پیانانی ئاوگسبێرگ: بەیاننامەی ئاینی پرۆتستانت لە ئەنجوومەنی ئاوگسبێرگ دا پێشکەش بە چارلسی پێنجەم کرا.

• دەستپێکی بەرهەمهێنانی مینای رەنگکراو لەسەر مس لە شاری لیمۆگ لە فەرەنسا.

• دەستپێکی لێکۆڵینەوەی جیۆرجیۆس ئەگریکۆلا دەربارەی کانزازانی کە دواتر لە 1556 لە کتێبی (دی رە میتالیکا) دا چاپ کرا.

• دامەزرانی ئینکیزیسیۆن (دادگای لێپێچینەوەی کەنیسە دەربارەی کفر) لە پورتوگال.

1531 • پیزارۆ پیرۆی داگیرکرد: ئاتاهوالپای پاشای ئینکا زیندانی



– کرا و کوژرا.

1533

1532 • هێنری هەشتەم باڵادەستیی پاپای رەت کردەوە و خۆی کرد بو سەرۆکی کەنیسەی ئینگلتەرا.

• پورتوگالییەکان دەستیان کرد بە نیشتەجێ بوون لە بەرازیل.

• تورکەکان پەلاماری هەنگاریایان دا بەڵام لە گۆمس شکان.

1533 • جۆن کالڤین بزوتنەوەی چاکسازیخوازی لە پاریس دەست پێکرد.

• ئیمپراتۆریەتی ئینکا لەوپەری بەر فراوانیدا بوو.

• هونەرمەند تیتیان کە لە ڤینیسیا ناوبانگی دەرکردبوو، بوو بە وێنەکێشی دەرباری چارلسی پێنجەم، ئیمپراتۆری رۆمانی پیرۆز.

• تۆماس کرانمەر بوو بە سەرقەشەی کانتەربێری لە ئینگلتەرا.

• دامەزرانی کۆمەڵەی مەسیح لەلایەن ئیگناتیۆس لۆیۆلاوە.

• مارتن لووسەر تەرجەمەی ئینجیلی تەواو کرد.

• تورکەکان شاری بەغدایان داگیرکرد.

• فەرەنساییەکان گەیشتنە کەنەدا.

1535 • تۆماس مۆر بە فەرمانی شا هێنری هەشتەم ئیعدام کرا لەبەرئەوەی پاشای بە سەرۆکی کەنیسەی ئینگلیزی قەبووڵ نەبوو.

• ئیسپانیا میلانۆی خستە ژێر رکێفی خۆی.

- پیزارۆ شاری لیمای لە پیرۆ دروست کرد.
- ئەوروپاییەکان گەیشتنە دورگەکانی گالاپاگۆس.

1536
- یەکگرتنی ئینگلتەرا و ویڵز.
- هێنری هەشتەم (ئان بۆلین)ی ژنی ئیعدام کرد و جەین سیمۆر ی مارەکرد.
- فەرەنسا و بەریتانیا کەوتنە خۆیان بۆ چوونە ناوچە کاریبییەکانی سەر بە ئیسپانیا.
- وێنەی (پۆرترێتی) هێنری هەشتەم بە دەستی هانز هۆلبین تەواو بوو.

1537
- مردنی جەین سیمۆر پاش لەدایکبوونی کورەکەی (شازادە ئێدوارد).
- جێراردۆس مێرکاتۆر نەخشەیەکی فەلەستینی کێشا.

1538
- ئیسپانیا بۆلیڤیای داگیرکرد.
- کالڤین لە جینێف دەرکرا بەهۆی توندرەویی لە بیروبۆچوونە پرۆتستانتییەکانیدا.
- ئیمپراتۆریەتی عوسمانی باکووری یەمەنی خستە سەر قەلەمرەوی خۆی.

1539
- ئیسپانیا کوبای خستە سەر قەلەمرەوی خۆی.

1540
- گەریدە ئیسپانیاییەکان گەیشتنە کالیفۆرنیا.
- ئیعدام کردنی تۆماس کرۆموێڵ بە تۆمەتی خیانەت لە ئینگلتەرا.
- هێنری هەشتەم ژنێکی هێناو تەلاقی دا (ئان ئۆف کلیڤیس) پاشان کاترین هاواردی مارەکرد.



- مایکڵ سێرڤیتۆس سووڕی خوێنی بەناو سییەکاندا دۆزییەوە.

1541
- تورکەکان هەنگاریایان داگیرکرد.
- دەسپێکی چاکسازیخوازی کەنیسە لە سکۆتلاند لەلایەن جۆن نۆکس.
- گەڕیدەی ئیسپانیایی پێدرۆ دی ڤالدیڤیا چیلی ی داگیر کردو سانتیاگۆی دروستکرد.

1541 – 1543
- گەڕیدەی ئیسپانیایی فرانچێسکۆ ئۆریلانا کنەی رووباری ئەمەزۆنی کرد بەدرێژایی رێرەوی لە پیرۆوە بۆ دەمی رووبارەکە.

1542
- جەنگی ئینگلتەرا و سکۆتلاند.
- ئیعدام کردنی کاترین هاوارد، هێنری هەشتەم ژنێکی تری هێنا (کاترن پار).
- لەدایکبوونی ماری ستوارت کە لەتەمەتی یەك هەفتەییدا بوو بە خاوەنی تاجی سکۆتلاند.

1543
- پزیشکی بەلچیکایی ئەندریاس ڤیسالیۆس باسێکی راست و وردی دەربارەی لەشی مرۆڤ پێشکەش کرد.
- پورتوگالییەکان پێش هەموو ئەوروپاییەکانی تر گەیشتنە ژاپۆن.
- کۆپەرنیکۆس تیۆرییەکەی ئەریستارکۆسی زیندووکردەوە دەربارەی ئەوەی خۆر لە ناوەراستی گەردووندایە، لە کتێبی (سوورانەوەی تەنە ئاسمانییەکان) دا کە لە هەمان ساڵی مردنی خۆیدا بڵاوکرایەوە.

"سەرەنجام هەر ئەبێ خۆر خۆی بخەینە ناوەراستی گەردوونەوە." نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس.

1545 • دەستبەکاربوونی ئەنجوومەنی ترێنت کە دژی چاکسازیخوازی کەنیسە بوو.

نز 1545 • زیو لە مەکسیك و پیرۆ دۆزرایەوە.

1546 • هێنری هەشتەم ئەنجومەنی هێزی دەریایی ئینگلیزی دامەزراند.

• نێردەی بازرگانی پورتوگال چوون بۆ سیلان(سریلانکا).

• لە پاریس تەلاری لۆڤەر بنیات نرایەوە.

• یەکەم نەخشتەی دروستی بەریتانیا بەرهەم هێنرا.

1547 • مردنی هێنری هەشتەم: ئێدواردی چوارەمی کوڕی خرایە شوێنی کە هێشتا منداڵ بوو بۆیە دۆکی سۆمەرسێت کرا بە پارێزەری.

• هونەرمەندی ڤێنیسیایی تینتۆریتۆ تابلۆی (دوا شێو) ی کێشا.

• ئیڤانی چوارەم، ئیڤانی ترسناک، بوو بە قەیسەری رووسیا.

"ئایا من بە رێگرتن و خوێنرێژیی چەکدارانە هاتوومەت سەر تەخت؟ من هاتوومەتە دنیاوە بۆئەوەی بە فەزڵی یەزدان فەرمانرەوایی بکەم... من هەر لەسەر تەختی شاهانە گەورە بووم." ئیڤانی ترسناک، لە نامەیەکدا بۆ شازادە کوربسکی 1577.

1549 • هەڵگیرسانەوەی جەنگی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.



• فرانسیس خاڤیار کە نێردەیەکی یەسوعی ئیسپانیایی بوو لە ژاپۆن دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی.

1550 • لە ئەڵمانیا، رێتیکۆس خشتەگەلی سێگۆشەپێوی چاپکرد کە بۆ ئاسانکردنی ئەنجامدانی پرۆسەی ژمێرەیی دەربارەی سێگۆشە بەسوودبوون.

1551 • سوپای تورك شاری تەرابولسی لە لوبنان گرت.

• نووسینی یەکەم کۆمیدیای ئینگلیزی بەدەستی نیکۆلاس ئوداڵ بە ناوی (رالفی بەدمەست).

1552 • رووسیا وڵاتی تاتاری داگیرکرد.

1553 • شا ئێدواردی چوارەمی ئینگلتەرا مرد. خاتو جەین گرەی بۆ ماوەی نۆ رۆژ حوکمی کرد تا ماری تودۆر هاتە سەرتەخت.

1554 • خاتو جەین گرەی ئیعدام کرا بەهۆی ئەوەی باوکی لە یاخی بوونێکی جەماوەریدا ( ویات) دەستی هەبوو.

1555 • شاژن ماری دەستی کرد بە راوەدوونانی پرۆتستانتەکان: لە شاری ئۆکسفۆرد قەشە لاتیمەر و قەشە ریدڵی سووتێنران.

1556 • لە هندستان ئیمپراتۆری مەغۆل ئەکبەر هاتە سەر تەخت.

• سەرقەشەی کانتەربێری لە ئینگلتەرا ، تۆماس کرانمەر، سووتێنرا.

• لانی کەم 800 هەزار کەس لە چین بە بومەلەرزە مردن.

1558 • مردنی شاژن ماری یەکەمی ئینگلتەرا: ئیلیزابیس تودۆر وەك ئیلیزابیسی یەکەم هاتە شوێنی.

• فەرەنسایيەکان چوونە سینیگاڵ.

1559 ● کەنیسەی پرۆتستانتی ئینگلتەرا دانرایەوە.

1562 ● جەنگە ئاینییەکانی فەرەنسا (تا 1598).

1563 ● جەنگی سوید و دانیمارک.

1564 ● هەلگیرسانی جەنگی نێوان ئیسپانیا و ئینگلتەرا.

● سەردەمی تۆقاندن لە رووسیا لەسەر دەستی تزار (قەیسەر) ئیڤانی ترسناک.

● دیزاین و دروستکردنی کەمانچە لەلایەن ئەندریا ئاماتی لە شاری کریمۆنا لە ئیتالیا.

● لەدایکبوونی ولیام شکسپیر.

1565 ● ئیسپانیاییەکان لە فلۆریدا نیشتەجێ بوون.

● ئیسپانیا فیلیپینی داگیرکرد.

● شکستی هێرشی تورکەکان بۆ سەر ماڵتا.

1566 ● مردنی سوڵتان سولەیمانی گەورەی تورک.

1567 ● پورتوگالییەکان شاری ریۆ دی جانیرۆ یان بنیات نا.

● ماری شاژنی سکۆتلاند ناچارکرا واز لە تەخت بهێنێت.

1568 ● راپەرینی هۆڵاند لەدژی فەرمانرەوایی ئیسپانیا: ئینکیزیسیۆنی ئیسپانیا فەرمانی دا کە هەموو دانیشتوانی هۆڵاند زەندیقن.

● گرتنی کیۆتۆ بەدەستی سەرکردە ئۆدا نابوناگا کە یەکێك بوو لەو سێ سەرکردە دلێرانەی ژاپۆنیان یەکخست.

● وێنەکێشانی تابلۆی (تاج لەسەرنانی سانت یا پاشا) لە ئیسپانیا بەدەستی ئێل گریکۆ.

● داهێنانی نەخشەی دەریاگەڕیی مێرکاتۆر بۆ بەکارهێنان لە



دەریاوانیدا.

1570 ● شاژن ئیلیزابیسی یەکەم لە کەنیسە دەرکرا.

● هەلگیرسانی جەنگ لە نێوان سوید و دانیمارك دا.

1571 ● تورکانی عوسمانی قوبروس و تونسیان گرت.

● شەڕی لیپانتۆ: شکانی هێزی دەریایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەدەستی هێزە دەریاییەکانی ڤینیسیا و جینۆوا و ئیسپانیا و وڵاتەکانی سەر بە پاپا بەسەرکردایەتی (دۆن جۆن) ی نەمسا.

● سوتاندنی مۆسکۆ بەدەستی خانی کریمیا.

1572 ● هێرشی فەرەنسا بۆ سەر هۆڵاند.

● کوشتاری سانت بارتۆلۆمێو: نزیکەی 25 هەزار پرۆتستانتی فەرەنسایی بە هاندانی کاترین دو مێدیچی کوژران.

1573 ● لە ژاپۆن دوا دیکتاتۆری ئاشیکاگا بەدەستی نۆبوناگا لەسەر تەخت لابرا.

1574 ● پورتوگالییەکان دەستیان کرد بە کۆلۆنیاڵ (ئیستیعمار) کردنی ئەنگۆلا.

1575 ● شا ئەکبەر بەنگالی داگیرکرد.

● دوو دانەری مۆسیقا لە ئینگلتەرا، تۆماس تالیس و ولیام بیرد، پێکەوە بەرهەمێکیان چاپ کرد (سرووده پیرۆزەکان) کە 34 سروودی لەخۆ گرتبوو.

نز 1576 ● یەکەم شانۆخانەی ئینگلیزی لە لەندەن لەسەر دەستی جەیمس بورباج دروستکرا.

- 1576 دەریاگەڕی ئینگلیزی مارتن فرۆبیشەر کنەی بە باکوری کەنەدا دا کرد.
- مردنی گۆرانیبێژو شاعیر هانز ساشز لە نوریمبۆرگ.
- ئاسماننناسی دانیمارکی تیکۆ براهە روانگەیەکی ئاسمانی لە دورگەیەکدا دروستکرد.
- 1577 – 1581 فرانسیس درەیك بە کەشتیی پێلیکان یەکەم گەشتی دەریایی کەسێکی ئینگلیزی ئەنجام دا بەدەوری زەویدا.
- 1579 هەرێمە یەکگرتووەکانی هۆڵاند لە پەیمانی یەکێتیی ئوتریخت دا بانگی سەربەخۆییان لەدەست ئیسپانیا دا.
- 1580 ئیسپانیا پورتوگالی داگیرکرد.
- مردنی وو چێنگێن نووسەری رۆمانی کلاسیکی چینی (مەیموون).
- 1581 رووسەکان دەستیانکرد بە داگیرکردنی سیبریا.
- ئەکبەرشا ئەفغانستانی داگیرکرد.
- یەکەم بالیەی درامایی لە پاریس نمایش کرا.
- 1582 پۆلۆنیا هەڵمەتێکی سەرکەوتووی لەدژی رووسیا ئەنجام دا.
- 1583 گالیلۆ گالیلی لە پیزا ئەوەی دۆزیەوە کە هەموو لەرەیەکی پەندۆڵ هەمان ماوە دەخایەنێت با لادانی لەرەکانیش جیاواز بێت.
- 1584 مردنی تزاری رووسیا ئیڤانی چوارەم: فیۆدۆری کوڕی شوێنی گرتەوە.
- کوژرانی شازادەی هۆڵاندی ولیامی یەکەمی ئۆرانج.
- گەڕیدەی سەرکەشی ئینگلیزی والتەر راڵەی ڤیرجینیای



خستە ژێر رکێف.

- 1585 ئیلیزابیسی یەکەم شەڕی لەگەڵ ئیسپانیا دەست پێکرد.
- تۆیۆتۆمی هیدیۆشی کە دووەم گەورەترین سەرکردەی شەڕ بوو لە ژاپۆن لە ئەنجومەنی فەرمانرەوایی دانرا.
- 1587 کوژرانی ماری، شاژنی سکۆتەکان.
- ئەکبەرشا کشمیری گرت.
- بڵاوبوونەوەی شانۆگەریی (تەیمورلەنگی مەزن) نووسراوی کریستۆفەر مارلۆ بووە سەرەتای سەردەمێکی درەخشانی درامای ئینگلیزی.
- 1588 سوپای ئینگلیز شکستیان بە هێزی دەریایی ئیسپانیا دا.
- 1589 دەستپێکی فەرمانرەوایی بەرەبابی بۆربۆن لە فەرەنسا.
- شانۆگەریی (تراژیدیای ئیسپانیایی) نووسراوی تۆماس کید یەکەم تراژیدیای تۆڵەسەندنەوە بوو.
- نز 1590 ئەکبەرشا پەلاماری وڵاتی ئۆریسای دا.
- نز 1590–1612 شکسپیر گرنگترین شانۆگەرییەکانی نووسی لەوانەش هاملێت و شا لیر.
- 1591 مەراکیش ئیمپراتۆریەتی سۆنگای داگیرکرد.
- 1592 پەلاماری هیدیۆشی ژاپۆنی بۆ سەر کۆریا شکستی هێنا.
- ئەکبەر شا سندی داگیرکرد.
- دەریاگەڕی ئینگلیزی جۆن دەیڤیس یەکەم کەسی ئەوروپایی بوو بگاتە دوورگەکانی فۆلکلاند.
- کریستۆفەر مارلۆ شانۆگەریی (بەسەرهاتی تراژیدیی دکتۆر

فاوستۆس) ی نووسی.

- 1593 کوژرانی شانۆنووس کریستۆفەر مارلۆ لە بارێکدا.
- 1595 هەڵگیرسانی جەنگی فەرەنسا و ئیسپانیا.
- 1596 مردنی دەریاگەڕ فرانیسیس درەیك لە دەریادا.
- تەماتە هێنرایە ئینگلتەرا.
- 1597 دووەم هێزی دەریایی ئیسپانیایی نێردرا بۆ سەر ئینگلتەرا بەڵام بەهۆی تۆفانەوە تێکشکا.
- نمایشی تایبەتیی یەکەم ئۆپێرا لە فلۆرەنسا بە ناوی (لا دافنە) نووسراوی جاکۆپۆ پێری.
- 1598 مردنی تزاری رووسیا فیۆدۆر، دانانی بۆریس گۆدونۆڤ بە تزار. ئاژاوەی مەدەنی لە رووسیا دەستی پێکرد.
- مردنی هیدیۆشی لە ژاپۆن.
- تۆماس بۆدلی دەستی کرد بە نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی ئۆکسفۆرد.
- فەرمانی نانتس لەلایەن شا هێنری چوارەمی فەرەنساوە کە رێگەی بە پرۆتستانتەکان دا بەپێی باوەڕی خۆیان خواپەرستی بکەن.

"ئێمە رێگە بەو کەسانە دەدەین کە پەیڕەوی ئەو شتەن کە پێی دەوترێ چاکسازی ئاینی، لە هەموو شار و ناوچەکانی قەڵەمرەوی ئێمەدا... بژین دوور لە لێپرسینەوە و ئەشکەنجە یا ناچارکردنیان بۆ ئەوەی شتێك بکەن کە پێچەوانەی باوەڕی خۆیان بێت." فەرمانی نانتس.

- 1599 ئەکبەر شا دەستی کرد بە داگیرکردنی پێدەشتی دێکان لە



هندستان.

- بنیاتنانی شانۆخانەی گلۆب لە ساوسوارك لە لەندەن.
- 1600 دامەزرانی کۆمپانیای ئینگلیزیی هندی رۆژهەڵات.
- بە سەرکەوتنی لە شەری سێکیگاهارا دا سەرکردەی شەڕ تۆکوگاوا ئیاسو کۆنترۆڵی ژاپۆنی گرتەدەست.
- زانای ئینگلیزی ولیام گیلبێرت باسی دیاردەی موگناتیسی کرد.
- سووتاندنی فەیلەسوف ئیتالیایی جیۆردانۆ برونۆ بە تۆمەتی زەندەقە بە بڕیاری ئینکیزیسیۆن (دادگای لێپێچینەوەی کەنیسە).
- 1601 پەسەند کردنی یاسای فریاکەوتنی هەژاران لە ئینگلتەرا.
- 1602 دامەزرانی کۆمپانیای هۆڵاندیی رۆژهەڵاتی هندستان.
- 1602 – 1618 جەنگی ئیمپراتۆریەتی تورك و وڵاتی فارس.
- 1603 مردنی ئیلیزابیسی یەکەم: جەیمسی چوارەمی سکۆتلاند هاتە سەر تەختی ئینگلتەرا و ناسرا بە جەیمسی یەکەم.
- ئیمپراتۆریەتی رەهای تۆکوگاوا لە ئیدۆ (تۆکیۆ) دامەزرا.
- شانۆگەری کابوکی لە کیۆتۆ دەستی پێکرد.
- 1604 دامەزرانی کۆمپانیای فەرەنسایی هندی رۆژهەڵات.
- لەسەر داوای شا جەیمسی یەکەم ، ئیگنیۆ جۆنس جلوبەرگێکی تایبەتی دیزاین کرد بۆ شانۆگەریی (ماسکی رەش) نووسراوی بێن جۆنسۆن.
- 1605 فەرەنساییەکان لە نۆڤا سکۆتیا نیشتەجێ بوون.

● ئینگلتەرا وڵاتی باراباد‌ۆسی بە هی خۆی دانا.
● ئاشکرابوونی پیلانی تەقاندنەوەی خانەی پەرلەمانی ئینگلتەرا بە باروت: گەی هاوکس ئیعدام کرا.
● مردنی ئەکبەرشای هندستان، سالمی کوڕی شوێنی گرتەوە.
● چاپکردنی رۆمانی دۆن کیخۆتێ (دۆن کیشۆت) نووسراوی میگێل سێرڤانتس لە ئیسپانیا.
"وەك یەکێك لە نەنکەکانی من هەمیشە وتوویەتی، لە جیهاندا تەنیا دوو خێزان هەیە: ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نییانە." سێرڤانتس لە دۆن کیخۆتێ دا.

1606 ● بۆ یەکەمجار ئەوروپاییەکان چاویان بە ئوسترالیا کەوت لەسەر کەشتییەکی هۆڵاندییەوە.
● لویس ڤاییێز تۆرێز توانی بە تەنگەی نێوان ئوسترالیا و گینیای نوێ دا دەریاگەڕی بکات.
● هونەرمەندی بەلچیکایی پیتەر پۆڵ روبێنس تابلۆی (خەتەنە) ی کێشا بۆ سەر میحرابی کەنیسە لە جنێوای ئیتالیا.

1607 ● یەکەم شاری هەمیشەیی ئینگلیزەکان لە ئەمریکای باکوور، جەیمستاون، لە ڤێرجینیا دروستکرا.
● هەڵگیرسانی جەنگی نێوان سویدو پۆڵۆنیا.

1608 ● دەریاگەڕی فەرەنسایی سامۆئیل دو شامپلان ناوچەی (کێبەك)ی کەنەدای دۆزیەوە.
● وەستای هاوێنەسازی هۆڵاندی هانز لیپەرشی تەلەسکۆپی



شکێنەرەوەی (بە هاوێنە) داهێنا.

1609 ● پورتوگال وڵاتی سیلانی لە هۆڵاند داگیرکرد.
● لە تونس هێزی دەریایی ئیسپانیا هێزە تورکەکانی شکاند.
● دەریاگەڕی ئینگلیزی هێنری هودسن کەنداوی نیویۆرکی دۆرزیەوە و بەدەریادا رۆیشت تا ئەو روبارەی کە ئێستا بەناوی خۆیەوە ناسراوە.
● گالیلۆ تەلەسکۆپێکی دروستکرد و تێبینی چاڵەکانی سەر رووی مانگی کرد.
● ئاسماناسی ئەڵمانی یۆهان کیپلەر دوو یاسای دەربارەی جووڵەی هەسارەکان بڵاوکردەوە(یاسای سێیەمی 1619 بڵاوکرایەوە).

1610 ● دەریاگەڕ هێنری هودسن ئەو شوێنەی دۆزیەوە کە ئێستا پێی دەوتری تەنگەی هودسن. ساڵی دوایی لەو شوێنەدا کە پێی دەوترێ کەنداوی هودسن، تاقمەکەی لێی یاخی بوون و دایان بەدەم ئاوەوە.
● بەرهەمی (ڤێسپەرز) دانراوی مۆسقار مۆنتەڤێردی لە ڤینیسیا بڵاوکرایەوە.
● یەکەم نمایشی شانۆگەری کیمیاگەر نووسراوی (بێن جۆنسۆن) ی ئینگلیزی.
● گالیلۆ ئەو راستییەی دۆزییەوە کە ئەو تەنانەی دەکەونە خوارەوە بەیەك خێرایی بەرەو زەوی دەجووڵێن.
"لە مەسەلەی زانستدا، دەسەڵاتی هەزارکەس نرخی بیرکردنەوەی خاکیانەی یەك تاکە کەسی نیە." گالیلۆ.

1611 ● یەکەم پەرلەمانی سەردەمی شا جەیمسی یەکەم هەڵوەشایەوە.

● چاپکردنی ئینجیلی ڕێگە پێدراو لەلایەن شا جەیمسی یەکەمەوە لە ئینگلتەرا.

1613 ● دەستپێکی بەرەپاشای ڕۆمانۆڤ لە رووسیا.

● نیشتەجێ بوونی هۆڵاندییەکان لە مانهاتان لە ئەمریکا.

1614 ● دانیشتنی پارلەمانە شێواوەکەی شا جەیمسی یەکەمی ئینگلتەرا.

● چاپکردنی کتێبی (مێژووی جیهان) نووسراوی واڵتەر راڵەی کە لە کاتی زیندانیدا لە گرتووخانەی بورجی لەندەن نووسیبووی.

● داهێنانی لۆگاریتم لەلایەن بیرکاریزانی سکۆتلاندییەوە، جۆن ناپیەر.

● سەرەتای رێنیسانسی درامای ئیسپانیایی بە بڵاوبوونەوەی فوێنتەئۆڤێخۆنا بەرهەمی لۆپ دی ڤێگا. کالدیرۆن دی لا بارکا نووسەرێکی تری ئەو سەردەمە بوو.

1615 ● دەریاگەڕی فەرەنسایی چامپلان گەیشتە ناوچەب دەریاچە گەورەکانی کەنەدا.

● خێڵەکانی چین کەوتنە پێکهێنانی گروپی چەکدار کە دواتر ناسران بە نانچوو.

● تەلارسازی ئینگلیزی ئینیگۆ جۆنز دەستنیشان کرا بە رووپێوکاری گشتیی تەلارە پاشاییەکان.

1616 ● دۆزینەوەی کەنداوی بافین لە کەنەدا بە کنەی ولیام بافین



بە هاورێیەتی رۆبێرت بایلۆت.

● دەریاگەڕی هۆڵاندی ویلێم شووتین توانی بە دەوری لوتکەی هۆرن لەو پەری ئەمریکای باشوور دا بسوورێتەوە، لوتکەکە بە ناوی شوێنی لەدایکبوونیەوە ناونرا.

● لە ژاپۆن فەرمان دژی ئاینی مەسیحی دەرکرا.

1618 ● هەڵگیرسانی جەنگی سی ساڵە لە ئەڵمانیا کە زۆربەی ئەورووپای ناوەراستی گرتەوە.

● ئیعدام کردنی والتەر راڵەی لە ئینگلتەرا بە تۆمەتی خیانەت.

1619 ● دەرچوونی یەکەم یاسای ئەمریکایی لە ڤێرجینیا.

● دابەزینی یەکەم دەستەی کۆیلە رەشەکان لە کۆلۆنییەکی ئینگلیزیدا لە ڤێرجینیا.

● دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی هۆڵاندی لە دوورگەکانی ئیندیسی رۆژهەلات.

● دەستپێکی کاری دروستکردنی تەلارێکی پاشایی ئینگلیزی (تەلاری نوێ) لە وایتهۆڵ.

1620 ● کەشتیی مەیفلاوەر کە حاجیانی کۆچبەری مەسیحی تێدابوو گەیشتە نیوئینگلاند لە ئەمریکای باکوور و حاجییەکان لە ماسەشوسێتس جێگیر بوون.

● داهێنانی ژێردەریایی لەلایەن ئەندازیاری هۆڵاندیی کرۆنیلیۆس درێبیل.

● فەیلەسوفی ئینگلیزی فرانسیس باکۆن بەدرێژی چۆنێتی بیرکردنەوەی زانستیی شیکردەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی

(نۆڤەم ئۆرگانەم).

" شتێك نیە لە کەم زانین زیاتر وا لە مرۆڤ بکات گومانی لە زۆر شت هەبێت." فرانسیس باکۆن.

1621 • سێیەم پەرلەمانی جەیمسی یەکەمی پاشای ئینگلتەرا.

• سوپای فارس عێراقی داگیرکردەوە.

• کۆمپانیای هۆڵاندی هندی رۆژاوا دامەزرا.

• گویانا کەوتە دەستی هۆڵاندییەکان.

• سوید باکووری لاتڤیای داگیرکرد، بەشەکەی تری لاتڤیا لەژێر دەستی پۆلۆنیا و لیتوانیادا بوو.

• دۆزینەوەی یاسای سنێڵ دەربارەی شکانەوەی رووناکی لەلایەن (ویلیبرۆرد سنێڵ) ـەوە

1622 • هەڵوەشانەوەی سێیەم پەرلەمانی جەیمسی یەکەم.

• بیرکاریزانی ئینگلیزی ولیام ئۆترێد ئامێری ژمێرەی راستەی خزیو (سلاید رووڵ) ی داهێنا.

• بروانامەی داهێنانی پرۆسەی گۆڕینی خەڵوزی بەرد بۆ خەڵوزی سوتاو لە ئینگلتەرا تۆمارکرا.

1623 • ویلهێلم شیکارد ماشێنی ژمێرەری میکانیکی داهێنا.

• لەدایکبوونی بیرکاریزان و فەیلەسوفی فەرەنسایی بلەیز پاسکاڵ.

1624 • چوارەم پەرلەمانی جەیمسی یەکەم

• جەنگی پورتوگال و هولاند لەسەر بەرازیل (تا 1654).

• ڤێرجینیا بوو بە کۆلۆنییەکی شاهانە (ی ئینگلیز).

• ئیدمۆند گونتەر، (چەین) ی داهێنا کە یەکەی پێوانی



درێژییە و بریتی بوو لە 22 یارد و لە رووپێوی زەویدا بەکار دەهات.

• هێنری بریگس لۆگاریتمی بۆ بنچینەی دە هێنایە کایەوە.

• هونەرمەندی بەلجیکایی فرانس هالس وێنەی تابلۆی (سوارچاکی دەم بە پێکەنین) ی کێشا.

1625 • مردنی جەیمسی یەکەمی پاشای ئینگلتەرا، چارلسی یەکەم هاتە شوێنی.

• دانیمارکی پرۆتستانت چووە ناو جەنگی سی ساڵەی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان.

• هۆڵاندییەیەکان کۆلۆنیی ئەمستەردامی نوێ (نیویۆرك) یان دامەزراند.

• سوید ئیستۆنیای خستە سەر قەڵەمرەوی خۆی.

• پارێزەری هۆڵاندیی هۆگۆ گرۆتیۆس کتێبی (یاسای جەنگ و ئاشتی) نووسی کە بنچینەی یاسای نێودەوڵەتییە.

1626 • لە شەڕی واڵهۆف دا سوپای سویدی لەژێر فەرمانی گوستاڤۆس ئەدۆلفۆس دا سوپای پۆلۆنیای شکست دا.

1627 • جەنگی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.

• ئینگلتەرا دورگەی باربادۆسی مسۆگەرکرد.

• کۆریا بوو بە وڵاتێکی پاشکۆی چین.

• چاپکردنی (خشتەکانی رۆدۆلفین) دانراوی یۆهانس کیپلەر کە برینی بوو لە نەخشە و خشتەی هەسارە و ئەستێرەکان.

1628 • پزیشکی ئینگلیزی ولیام هارڤی لە کتێبی (دەربارەی

جووڵەی دڵ و خوێن لە ئاژەڵدا) باسی سووڕی خوێن و فرمانەکانی دڵی کرد.

1629
- سوپای ئینگلیزی ناوچەی کێبەکی لە فەرەنسا داگیرکرد.

1630
- دەستپێکی کۆچ بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ جیهانی نوێ.
- هەریەکە لە ئینگلتەرا و فەرەنسا ئیدیعای خاوەنێتیی دورگەکانی ئیندیسی رۆژاوایان دەکرد.
- سویدی پرۆتستانت چووە ناو جەنگی سی ساڵەی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان.
- دەستپێکی دروستکردنی تەلاری تاج محەل لە نزیك ئاگرا لە هندستان.
- بوومەلەرزە لە ناپۆلی.
- بیرکاریزانی فەرەنسایی پیار ڤێرنییە بەرهەمێکی چاپ کرد و رێگایەکی باس کرد بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردرنی زۆر ورد.
- تەلارسازی ئینگلیزی ئینیگۆ جۆنس نەخشەی پارکی (کۆڤێنت گاردن) ی لەندەنی دانا.

1632
- پورتوگالییەکان لە بەنگاڵ کشانەوە.
- یەکەم روانینگەی ئاسماننناسی رەسمیی جیهان لە لایدن لە هۆڵاند دامەزرا.

1633
- پورتوگالییەکان لە خاکی ئەسیوپیا دەرکران.
- تیۆری خۆرسێنتەری گالیلۆ ( کە لای وابوو خۆر لە ناوەراستی گەردووندایە) لەلایەن ئینکیزیسیۆن (دادگای لێپێچینەوەی کەنیسە) ەوە مەحکوم کرا.



1634
- کاسۆلیکە ئینگلیزەکان شاری ماریلاند یان لە ئەمریکا دروستکرد.
- چارلسی یەکەمی ئینگلتەرا هەوڵی دا باجی کەشتی لە هەموو وڵات کۆبکاتەوە بۆ پشتگیریی هێزی دەریایی (تا 1636).

1635
- فەرەنساییەکان چوونە جەنگی سی ساڵەی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەوە لە دژی ئیسپانیا.
- دامەزرانی کۆلۆنیی کۆنێکتیکەت بەدەستی زاهیدەکانی ماسەشوسێتس.

1636
- ژاپۆن خۆی لە هەموو جیهانی تر دابڕی (تا 1853).
- دامەزرانی زانکۆی هارڤارد لە شاری نیوتاون (کە دوای بوو بە کامبریج) لە ماسەشوسیتس.

1637
- فەرەنسا پەلاماری هۆڵاندی دا.
- گەڕیدە رووسەکان گەیشتنە کەنارەکای ئۆقیانووسی ئارام.
- کۆمەڵگای فەرەنسایی لە سێنیگاڵ دروستکرا.
- کرانەوەی یەکەم ئۆپێراخانەی جیهان لە ڤینیسیا.
- فەیلەسوف و بیرکاریزانی فەرەنسایی رینێ دیکارت زانستی ئەندازەی تانوپۆی (کۆئۆردینەت) هێنایە کایەوە.
- هاتنەکایەی تراژیدیای کلاسیکی فەرەنسایی بە شانۆگەریی (سید) نووسراوی پیار کۆرنای.

"ئەگەر شەڕەکە مەترسی تێدا نەبێت سەرکەوتن شکۆی تێدا نیە." پیار کۆرنای.

1637
- راپەرینی شیمابارا لە ژاپۆن: ئەو ژاپۆنیانەی ببوون بە

– مەسیحی راپەرین و لەلایەم هێزەکانی تۆکۆگاواوە سەرکوت کران کوشتارێکی زۆریان لێکرا.

1638 ● هۆڵاند دورگەی مۆریشۆسی گرت.

1639 ● هۆڵاند ناوچەی ترینکۆمالی لە سریلانکا لە پورتوگالییەکان داگیرکرد.

1640 ● سەرهەڵدانەوەی جەنگی نیوان ئینگلتەرا و سکۆتلاند.

● پورتوگال و کەتەلۆنیا لەدژی ئیسپانیا راپەرین.

1641 ● سەرهەڵدانی راپەرین لە ئێرلاند لەدژی فەرمانرەوایی ئینگلیز.

● هۆڵاندییەکان فەرنرەوایی پورتوگالیان لە مالاکا رووخاند.

● فەرەنساییەکان لە مەشیگان نیشتەجێ بوون.

1642 ● دەستپێکی جەنگی ناوخۆ لە ئینگلتەرا لە نێوان لایەنگرانی پەرلەمان بەسەرۆکایەتیی ئۆلیڤەر کرۆموێڵ و شاپەروەرەکان کە لایەنگری چارلسی یەکەم بوون. لە یەکەم شەڕدا (شەڕی ئێجهیل) هیچ لایەك سەرنەکەوت.

● دەریاگەڕی هۆڵاندی ئابێل تاسمان لەسەر خاکی ڤان دیمەن (تاسمانیا) دابەزی.

● شاری مۆنتریاڵ لەکەندا دروستکرا.

● هونەرمەندی هۆڵاندی رامبرانت یەکێك لە بەناوبانگترین تابلۆکانی کێشا (پاسی شەو).

● بەپێی یاسایەکی پەرلەمان هەموو شانۆخانەکان لە ئینگلتەرا داخران.

● لەدایکبوونی زانای ئینگلیزی ئایزاك نیوتن.



● بیرکاریزانی فەرەنسایی بلەیز پاسکاڵ بنەماکانی زانستی جووڵەی شلەکان (هایدرۆلیکس) ی دارشت.

"دڵ هۆگەلی خۆی هەیە کە عەقڵ هیچ خەبەری لێیان نیە." پاسکاڵ.

1643 ● کۆتایی فەرمانرەوایی بەرەپاشای مینگ لە چین.

● داهێنانی پەستانپێو (بارۆمەتر) ی جیوەیی لە ئیتالیا لەلایەن ئیڤانجێلیستا تۆریچێللی.

1644 ● شەری مارستۆن لە ئینگلتەرا: سوپای کرۆموێڵ لایەنگرانی پاشای شکاند.

● دەستپێکی فەرمانرەوایی بەرەپاشای کینگ (مانچوو) لە چین.

● لەدایکبوونی وەستای کەمانچەسازی ئیتالیایی ئەنتۆنیۆ ستراديڤاريۆس: زیاتر لە 600 کەمانچەی ئەم وەستایە کە لە کریمۆنا دروستکراون تا سەدەی بیستەمیش مابوون.

1645 ● شەڕی ناسبی لە ئینگلتەرا لە نێوان لایەنگرانی پەرلەمان و پاشادا: سوپای کرۆموێڵ سوپاکەی شا چارلسی یەکەمی شکاند.

● جەنگی تورکیا و ڤینیسیا لەسەر کریت.

● پاسکاڵ ئامێرێکی ژمێرەر (کالکولەیتەر) ی دروستکرد.

1646 ● چارلسی یەکەمی پاشای ئینگلتەرا تەسلیمی سوپای سکۆتلاند بوو لە ناوچەی نیوارك.

1647 ● سکۆتەکان شا چارلسی یەکەمیان تەسلیمی پەرلەمان کرد.

1648 ● سەرکوتی راپەرینی لایەنگرانی شا چارلس بەدەستی

(سوپای مۆدێلی نوێ) ی کرۆموێڵ.

- پەیمانی وێستفالیا: کۆتایی هاتنی جەنگی سی ساڵەی نێوان وڵاتانی کاسۆلیك و پرۆتستانت کە بووە مایەی وێرانی ئەڵمانیا.

1649 • ئیعدام کردنی شا چارلسی یەکەم: بەریتانیا بوو بە رژێمێکی کۆماری تا 1660.

- کرۆموێڵ پەلاماری ئێرلاندی دا و راپەڕینی ئەوێی سەرکوت کرد.

1650 • لە ناوچەی دونبار لە سکۆتلاند، کرۆموێڵ سوپای لایەنگرانی پاشای شکاند کە بەسەرکردایەتی چارلسی دووەمی داهاتوو بوو.

- فەرەنساییەکان دەستیان کرد بە کۆلۆنیاڵ کردنی کەنەدا.
- سەرهەڵدانی گەلی ئاشانتی لە رۆژاوای ئەفریقا.
- ئینگلیزەکان فەرمانیان دا هیچ کەشتییەکی بیانی بۆی نیە لە کۆلۆنییەکانی ئینگلتەرادا بازرگانی بکات.
- مردنی فەیلەسوف و ماتماتیکزانی فەرەنسایی رینێ دیکارت.
- دامەزرانی یەکەم تاقیگەی کیمیا لە زانکۆی لەیدن لە هۆڵاند.

1651 • شکستی لایەنگرانی پاشایەتی لە بەرامبەر سوپای کرۆموێڵ دا لە شەری وارسێستەر : چارلسی دووەمی داهاتوو هەڵات بۆ فەرەنسا.

- فەیلەسوفی سیاسی ئینگلیزی تۆماس هۆبس کتێبی (دێو)ی



چاپ کرد کە تیایدا لایەنگیری فەرمارەوایی رەها دەکات بۆ راگرتنی نەزم.

- یاسای دەریاگەڕی لە بەریتانیا هاوردەکردنی هەر شمەکێکی یاساغ کرد ئەگەر بە کەشتی ئینگلیزی نەهێنرابێت یان بە کەشتی ئەو شوێنەی سەرچاوەی شمەکەکەیە.

1652 • هۆڵاندییەکان کۆلۆنیی (کەیپ) یان لە باشووری ئەفریقا دامەزراند.

- هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی نێوان ئینگلتەرا و هۆڵاند بەهۆی یاسای دەریاگەڕیی ئینگلتەراوە.

1653 • چاپکردنی کتێبی مەنهەجیی بەناوبانگی ئایزاك والتۆن دەربارەی ماسیگرتن (ماسیگری تەواو) لە ئینگلتەرا.

- کرۆموێڵ پەرلەمانی بەلاوە ناو خۆی بوو بە پارێزەری باڵا.

"چەند کەسێکی پاك باشترە لە ژمارەیەکی زۆر." ئۆلیڤەر کرۆموێڵ.

1654 • کۆتایی یەکەم جەنگی نێوان ئینگلتەرا و هۆڵاند.

- پورتوگالییەکان هۆڵاندیان لە بەرازیل دەرکرد.
- جەنگی پۆڵۆنیا لەگەڵ رووسیا و سوید.
- لە فەرەنسا بلەیز پاسکاڵ و پیار دی فێرما تیۆریی پرۆبابیلیتی (ئیحتیمالیەت) یان دەرهێنا.

1655 • ئینگلیزەکان جامایکایان لەدەست ئیسپانیا دەرهێنا.

- هونەرمەند دیاگۆ ڤیلاسکوێز تابلۆی (لاس مێنیناس=خانمانی چاوەروان) ی بۆ دەرباری ئیسپانی

کێشا.

1656 • جەنگی ئیسپانیا و ئینگلتەرا.

• داهێنانی کاتژمێری پەندۆڵی لەلایەن فیزیکزانی هۆڵاندییەوە، کریستیان هیگینس.

1657 • جەنگی هۆڵاند و پورتوگال.

• چارلسی دەیەمی سوید بەسەر دەریای مەیودا سوپاکەی برد بۆ شەڕی دانیمارک.

1658 • هۆڵاند فەرمانرەوای سیلانیان لەدەست پورتوگال دەرهێنا.

• ئاورەنگ زیب بوو بە ئیمپراتۆری مەغۆل لە هندستان.

• مردنی ئۆلیڤەر کرۆموێڵ: ریچاردی کوڕی وەك پارێزەری بالآ شوێنی گرتەوە.

1659 • پەیمانی پیرینێ کۆتایی بەشەڕی نێوان ئیسپانیا و فەرەنسا هێنا.

• بیورۆکراتی ئینگلیزی سامۆیل پێپیس دەستی کرد بە نووسینی بیرەوەرییەکانی.

1660 • نمایشی دراما لە ئینگلتەرا دەستی پێکردەوە: یەکەم ژنە ئەکتەری پیشەیی رۆڵی دیزدەمۆنای بینی لە شانۆگەریی ئۆتێللۆ ی شکسپیردا.

• دامەزرانی رەسمیی کۆمەڵەی شاهانەی ئینگلیزی (رۆیال سۆسایێتی) کە کۆمەڵەی ئەکادیمیی پشتگیریی زانستەکانە.

• چارلسی دووەم تەختی پاشایەتی ئینگلتەرای گرتەوە دەست.



" ئەمە زۆر راستە: چونکە قسەکانم قسەی خۆمن بەڵام کارەکانم هی وەزیرەکانمن." چارلسی دووەم لە وەڵامی تێبینیەکی لۆرد رۆچێستەردا کە وتبووی پاشا "هەرگیز شتێکی بێمانای نەوتووە و هەرگیزیش کارێکی عاقڵانەی نەکردووە."

1661 • جەنگی تورکیا و ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی.

• کیمیازانی ئێرلاندی رۆبێرت بۆیل پێناسەی زانستیی بۆ توخم دانا و پێشبینی هەبوونی ئەتۆمی کرد.

• چاپ و دەرکردنی پارەی کاغەز بۆیەکەمجار لە جیهاندا لەلایەن بانکی سویدەوە.

1662 • بۆیڵ یاسایەکی دانا بۆ لێکدانەوەی چۆنێتی رەفتاری گازەکان.

• شاری بۆمبای کەوتە ژێر فەرمانرەوایی کۆمپانیای ئینگلیزیی هندی رۆژهەڵات.

1663 • دامەزرانی کۆلۆنیی کارۆلینای باکوور لە ئەمریکای باکوور.

1664 • هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی نێوان ئینگلتەرا و هۆڵاند. ئینگلیزەکان کۆلۆنیی ئەمستردامی نوێیان لە هۆڵاند گرت و هۆڵاندیش نیوجێرسی تەسلیم کرد.

• دامەزرانی کۆمپانیای فەرەنسایی هندی رۆژهەڵات.

• وێنەکێشی فەرەنسایی کلۆد لۆریان تابلۆی (قەڵای بەختەوەری) کێشا لە رۆما.

• یاساخ کردنی شانۆگەری (تارتوف=ریاکار) ی مۆلیێر، نووسەری فەرەنسایی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەلایەن گروپە

ئاینییەکانەوە.

1665 • شەڕی ئەمبویلا: پورتوگالییەکان پاشای شانشینی کۆنگۆیان کوشت.

• ئینگلیزەکان لە لۆسۆفت هێزی دەریایی هۆڵاندیان شکاند.

• ئایزاك نیوتن یاسای هێزی کێشکردنی خستەروو کە دەڵێ زەوی بە هێزێکی دیاریکراو تەنەکان بەرەو خۆی کێش دەکات.

• زانای ئینگلیزی رۆبەرت هووك میکرۆسکۆبی بەکار هێنا بۆ وەسفکردنی پێکاهەتەی خانەیی رووەك.

• تاعوونە گەورەکەی لەندەن نزیکەی چواریەکی دانیشتووانی ئەو شارەی لەناوبرد.

1666 • فەرەنسا جەنگی لەدژی ئینگلتەرا راگەیاند.

• ئایزاك نیوتن ژمێرەی جیاکاریی (تەفازول) داهێنا کە شێوزێکە بۆ ژماردنی رێژەی گۆڕاو.

• کەوتنەوەی ئاگرە گەورەکەی لەندەن کە لە کۆڵانی پەدینگ دەستی پێکرد و سەرەنجام کاسیدرائییەی گۆتیکی سانت پۆڵ سووتا.

1667 • پەیمانی بریدا: کۆتایی هاتنی جەنگی ئینگلتەرا و هۆڵاند.

• شاری ئەمستەردامی نوێ لە ئەمریکا ناوی گۆڕا بۆ یۆرکی نوێ (نیو یۆرك).

• یەکەم سەرکەوتنی نووسەری فەرەنسایی ژان راسین بە نمایشی تراجیدیای (ئەندرۆماك).

• بڵاوبوونەوەی هۆنراوەی رەزمی (مەلحەمە) شاعیری



ئینگلیزی جۆن میلیتۆن بەناوی (بەهەشتی ونبوو).

" مێشك شوێنی خۆیی هەیە و هەر لەخۆیدا دەتوانێ لە دۆزەخ بەهەشت دروست بکات و لە بەهەشت دۆزەخ."

جۆن میلتۆن لە (بەهەشتی ونبوو) دا.

1667 – 1668 • جەنگی دیڤۆلوسیۆن: هەوڵی سەرنەکەوتووی فەرەنسا بۆ بەدەستهێنانی هەندێك لەو سەرزەمینە هۆڵاندییانەی بەدەست ئیسپانیاوە بوون.

1668 • هاوپەیمانیی سێ لایەنەی ئینگلتەرا و هۆڵاند و سوید لەدژی فەرەنسا.

• پەیمانی لیشبۆنە: ئیسپانیا دانی بە سەربەخۆیی پورتوگالدا نا.

• ئینگلتەرا شاری بۆمبای بەدەست هێنا.

1669 • چەوساندنەوەی هندۆسییەکان بەدەستی ئاورەنگ زیب پاشای مەغۆل.

• کۆتایی هاتنی یاداشتنامەی بیرەوەرییەکانی سامۆیل پێپیس.

1670 • پەیمانی نهێنیی دۆڤەر لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا.

• پاسکاڵ کتێبی (پێنسێ=بیروبۆچوونەکان) ی نووسی.

• ئایزاك نیوتن یەکەم تەلەسکۆپی پێچەوانەکەرەوەی (بە ئاوێنە) دروستکرد.

• قەلاچۆبوونی باڵندەی دۆدۆ لە دورگەی مۆریشۆس.

1671 • دەستپێکی کاری دروستکردنی (ئۆتێل دێز ئینڤالید) لە پاریس کە نەخۆشخانەیەك بوو بۆ بایەخدان بە سەربازە

پیرەکان.

1672
- هەڵگیرسانی شەڕی سێیەمی نێوان نێوان ئینگلتەرا و هۆڵاند.
- بیرکاریزانی ئەڵمانی گۆتفرید ویلهێلم لیبنز یەکەم ئامێری ژمێرەری خۆی دروستکرد.
- مارچێللۆ مالپیجی یەکەم لێکۆڵینەوەی لە کۆرپەلەزانیدا کرد ئەویش بە لێکۆڵینەوەی گەشەکردن لە هێلکەی مریشکدا.
- کەمانچەژەن جۆن بانیستەر یەکەم کەس بوو لە لەندەن کۆنسێرتی گشتیی ئەنجام دا.

1674
- پەیمانی وێستمینیستەر: کۆتایی جەنگی سێیەمی ئینگلتەرا و هۆڵاند.
- پەلاماردانی شانشینی ماراسا لە هندستان.

1675
- دروستکردنی روانینگەی ئاسماننناسیی شاهانەی گرینویچ لە ئینگلتەرا.
- گۆتفرید لیبنز شێوازی نوێی دەربڕینی ژمێرەی تەواوکاری (تکامل) ی هێنایە کایەوە.
- دەستپێکی کاری دروستکردنی  کاسیدارئییەی نوێی سانت پۆڵ لە لەندەن بە دیزاینی کریستۆفەر رێن.
- بڵاوبوونەوەی شێوازی بارۆك بۆ دیکۆری تەلارسازی لە رۆماوە بۆ هەموو ئەوروپا.
- مردنی وێنەکێشی هۆڵاندی یان ڤێرمەر لە دێلفت.

1676
- راپەرینی سیخەکان لە هندستان.



1677
- داهێنانی میکرۆسکۆپی سادە لە دێلفت لە هۆڵاند بەدەستی ئەنتۆن ڤان لیڤنهۆك.

1678 – 1679
- پەیمانی نیجمەگین: کۆتایی جەنگی سێیەمی هۆڵاند کە تیایدا فەرەنسا لەدژی هۆڵاند و ئیسپانیا و ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی دەجەنگا.

1679
- بیرکاریزانی ئەڵمانی گۆتفرێد لیبنیز سیستەمی ژمێرەی دووانی دانا کە تیایدا هەموو ژمارەکان تەنیا بە دوو رەنووس نیشان دەدرێن.

1680
- دامەزرانی کۆمیدی فرانسەیز ( شانۆخانەی فەرەنسا) لەلایەن شا لوی(س) ی چواردەیەمەوە لە پاریس.

1681
- لویسی چواردەهەمی پاشای فەرەنسا دەستی گرت بەسەر شاری ستراسبۆرگ دا لە ناوچەی ئەلزاس.
- دانانی چرا لەسەر شەقامەکانی لەندەن بۆ یەکەمجار.
- دامەزرانی کۆلۆنیی پەنسلڤانیا لە ئەمریکا بەدەستی گروپی (کواکەرز)ی مەسیحی.

1682
- پیتەری یەکەم ، پیتەری مەزن، بوو بە تزاری رووسیا.
- گەڕیدەیەکی فەرەنسایی بەناوی لاساڵ ناوچەی لویزیانای ئەمریکای باکووری  کنەکرد و بە موڵکی فەرەنسای دانا.
- ئیسپانییەکان لە تەکساس جێگیر بوون.
- ئاسماننناسی ئینگلیزی ئەدمۆند هالی تێبینیی ئەستێرەیەکی کلکداری کرد کە دواتر ناونرا کلکداری هالی.
- زانای ئینگلیزی نەهیمیا گروو یەکەم کتێبی مەنهەجیی دەربارەی رووەکزانی بڵاوکردەوە.

- دامەزرانی نەخۆشخانەی شاهانەی چێلسی لە لەندەن بۆ سەربازە پیر و کەمئەندامەکان.

1683 • پەیمانی ئاشتی لەنێوان ولیام پێن و هندییەکانی ئەمریکای باکوور.

- شکانی تورکیا لە ڤیەننا کۆتایی بە پێشرەویی ئیسلام لە ئەورپا هێنا.
- تایوان (فەرمۆزا) خرایە سەر چین.

1684 • بیرکاریزانی ئەڵمانی گۆتفرێد لیبنیز یەکەم نووسراوی لەسەر ژمێرەی جیاکاری نووسی.

- ئایزاک نیوتن کتێبێکی نووسی بەناوی (دەربارەی جووڵەی تەنەکان لە خولگەدا).

1685 • مردنی چارلسی دووەم پاشای ئینگلتەرا، جەیمسی دووەم هاتە شوێنی.

- فەرمانی نانتس پووچ کرایەوە: کۆچی بەکۆمەڵی هوگۆنۆتەکانی فەرەنسا (پرۆتستانتەکانی پەیرەوی جۆن کالڤین) بۆ دەرەوە.
- کرانەوەی هەموو بەندەرە چینییەکان بەرووی بازرگانیی بیانیدا.

1686 • ئاورەنگ زیب ی ئیمپراتۆری مەغۆل شانشینی بیافرای هندستانی خستە سەر قەلەمرەوی خۆی.

1687 • چاپکردنی کتێبی ئایزاک نیوتن بەناوی (پرینسیپیا) کە روونکردنەوەی یاسای کێشکردنی گەردوونیشی تێدابوو.

1688 • (شۆرشی شکۆمەند) لە ئینگلتەرا: نەیارانی شا جەیمسی



دووەم داوای تاجی پاشایەتییان کرد بۆ ولیامی ئۆرانج کە دوایی بوو بە شا ولیامی سێیەم.

- جەنگی کۆمکاری ئاوگسبێرگ: فەرەنسا بەرامبەر هاوپایمانێتیی مەزن.

1689 • ولیامی سێیەمی ئۆرانج و ماری دووەم بە جووتە کران بە شا و شاژنی ئینگلتەرا.

- دەرچوونی (بەیاننامەی مافەکان) لە لایەن پەرلەمانی ئینگلتەراوە کە بەپێی ئەو دەبوایە پاشا بە رەزامەندی پەرلەمان حوکمی بکردایە.
- پەیمانی نەرچینسک لەنێوان رووسیاو چین بۆ رێکەوتن لەسەر سنوورەکانیان.

1690 • شەڕی بۆین لە ئێرلاند کە تیایدا سوپای شا جەیمسی دووەم بەدەستی شا ولیامی سێیەم شکستی هێنا.

- مەغۆلەکان نزیکەی هەموو باشووری هندستانیان داگیرکرد.
- زانای هۆڵاندی کریستیان هویگینز گورێکی تری دا بەو بۆچوونەی کە رووناکی بریتییە لە شەپۆل.

1692 • کوشتاری گلێنکۆ لە سکۆتلاند کە تیایدا خێڵی ماکدۆناڵد بە بیانووی لایەنگیری نەکردن لە پاشا تازەکان (ولیامی سێیەم و ماری دووەم) بەدەستی جۆن کامپبێڵ کوشتاریان لێ کرا.

- لە چین فەرمانی رێگەنەگرتن لە پەیرەوانی ئاینی کاسۆلیکی رۆمانی دەرچوو.

1693 • چین پەلاماری مەنگۆلیای دا.

1694 • به پێی یاسایەکی پەرلەمان بانکی ئینگلتەرا دامەزرا.

1695 • هەڵگیرسانی جەنگی رووسیاو تورکیا.

1696 • ئەندازیاری ئینگلیزی تۆماس ساڤێری پەمپی ئاوی داهێنا کە بەهێزی هەڵم کاری دەکرد.

1697 • فەرەنساییەکان بوون بە خاوەنی هاییتی.

• پەیمانی ئاشتیی ریسویك: شکستی فەرەنسا بەدەستی هاوپەیمانێتیی مەزن.

• کیمیازانی ئەڵمانی جۆرج ستال تێۆرییەکی هەڵەی داهێنا کە دەیوت مادەکان بۆیە دەستووتێن چونکە برێکی زۆر لە مادەیەکیان تێدایە بە ناوی فلۆجیستۆن.

1699 • تورکەکان هەنگاریایان دۆڕاند بە نەمسا.

• دامەزرانی سەڵتەنەتی عومان لە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا.

• فەرەنساییەکان دەستیان کرد بە کۆلۆنیالٚ کردنی لویزیانا.

1700 • هەڵگیرسانی جەنگی گەورەی باکوور لە نێوان رووسیا و سوید (تا 1721).

• کۆمپانیای ئینگلیزیی هندی رۆژهەڵات دەستی گرت بەسەر بەندەرە سەرەکییەکانی هندستاندا.

• نووسینی شانۆگەریی (رێگای جیهان) لەلایەن ولیام کۆنگرێڤ، گەورەترین کۆمیدینووسی سەردەمی دامەزرانەوەی پاشایەتی ئینگلتەرا (لە هاتنەوە سەرتەختی چارلسی دووەم بەدواوە).

1701 • دەرچوونی یاسای چەسپاندن لە ئینگلتەرا کە دابینی



ئەوەی کرد تەختی ئینگلتەرا هەمیشە بەدەست کەسێکی پرۆتستانتەوە بێت، ئێلکترێس سۆفیای هانۆڤەر کرا بە جێنشین.

• مردنی شا جەیمسی دووەمی ئینگلتەرا.

• هەڵگیرسانی جەنگی جێنشینی ئیسپانیا لە نێوان ئیمپاتۆری پیرۆزی رۆمانی و ئینگلتەرا و هۆڵاند لەلایەك و فەرەنسا و ئیسپانیا لەلایەکی تر.

• لە ئینگلتەرا جێترۆ توڵ ئامێرێکی میکانیکی داهێنا بۆ ناشتنی تۆو.

1702 • فەرەنساییەکان لە ئەلەباما نیشتەجێ بوون.

1703 • دەستپێکی کاری دروستکردنی تەلاری بەکینگهام لە لەندەن بۆ دوکی بەکینگهام.

• گەورەترین شانۆنووسی ژاپۆنی چیکاماتسو مۆنزیمۆن شانۆگەریی (خۆکوشتن لە پێناوی ئەویندا لە سۆنیزاکی) ی نووسی بەمەبەستی نمایش بە شانۆی بووکەڵانی ئۆساکا.

1704 • ئینگلتەرا ناوچەی جەبەل تاریقی داگیرکرد.

• ئایزاك نیوتن (تیۆریی تەنۆچکەیی رووناکی) خستەروو کە دەیوت رووناکی لە تەنۆچکەی ورد پێکهاتووە.

1705 • یەکەم بروانامەی داهێنان بۆ مەکینەی هەڵم بەناوی تۆماس نیوکۆمین تۆمارکرا لە ئینگلتەرا.

1707 • یاسای یەکگرتنی ئینگلتەرا و سکۆتلاند پەسەند کرا کە بەپێی ئەوە شانشینی ئینگلتەرا و سکۆتلاند، هەریەك خاوەنی یاسای خۆی دەبێ بەڵام لەژێر تاجی یەك

پاشایەتیدا یەکیان گرت بەناوی شانشینی بەریتانیای گەورە.

- مردنی ئیمپراتۆری مەغۆل ئاورەنگ زیب: شەڕی دەسەلات لە هندستان دەستی پێکرد تا 1761.

1709
- شەڕی بۆڵتاڤا: پیتەری مەزنی رووسیا شا چارلسی دوانزەیەمی سویدی شکاند.
- دروستکردنی یەکەم پیانۆ لە فلۆرەنسا بەدەستی بارتۆلۆمیۆ کریستۆفۆری.

1710
- بەریتانییەکان ناوچەی نۆڤا سکۆتیای کەنەدایان لەدەست فەرەنسا داگیرکرد.
- رووسیا کۆنترلێ ئیستۆنیا و باکووری لاتڤیای گرتە دەست.

1711
- هەڵگیرسانی جەنگی نێوان رووسیا و تورکیا.
- فەرەنسا شاری ریۆدی جانیرۆ ی داگیرکرد.
- شاعیری ئینگلیزی ئەلێکساندەر پۆپ چامەی (بابەتێك لەسەر رەخنە) ی بڵاوکردەوە.

1713
- بەریتانیا ناوچەی نیوفاوندلاند و کەنداوی هەدسن ی لەکەنەدا بەدەست هێنا.
- پەیمانی ئوتریخت کۆتایی بە جیهانگیریی لویسی چواردەیەمی فەرەنسا هێنا: بەریتانیا جەبەل تاریقی دەستکەوت، بەرەپاشای بۆربۆن هاتە سەر تەختی ئیسپانیا، ئیسپانیا مولکەکانی لە هۆڵاند و ئیتالیا لەدەست دا.
- هەڵگیرسانەوەی جەنگی رووسیا و تورکیا.



1714
- شاری تەرابلوس سەربەخۆیی لە تورکیا وەرگرت.
- پەیمانی راستات لەنێوان نەمسا و فەرەنسا کە کۆتایی بە جەنگی جێنشینی لە ئیسپانیا هێنا.
- داهێنانی گەرمیپێوی جیوە لەلایەن زانای ئەڵمانی گابریێل فاهرەنهایت.

1715
- راپەرینی جاکۆبییەکان (لایەنگرانی شاجەیمسی دووەم) لە سکۆتلاند.

1716
- بنیاتنانی یەکەم شانۆخانەی زانراوی ئەمریکا لە شاری ولیامسبێرگ لە ڤیرجینیا.

1717
- خاتو ماری وۆرتلی مۆنتاگو لە تورکیاوە کوتانی رەشۆکی ئاولەی (بە بەکارهێنانی کەمێك لینجاوی زامی ئاولە) هێنایە بەریتانیاوە و هەوڵی دا بڵاوی بکاتەوە بەڵام ناوەندە ئەکادیمییەکان زۆر بەربەرکانییان کرد گەرچی خانەوادەی پاشایی منداڵەکانیان کوتا.
- ژان ئەنتوان واتوو وێنەکێشی فەرەنسایی بە شێوازی رۆکۆ بە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسایی وەرگیرا بە تابلۆی (سیتێرا سواری کەشتی دەبێت).

1718
- ئینگلتەرا شەری دژی ئیسپانیا راگەیاند.
- یاکۆب بێرنوللی بەرهەمێکی بیرکاریی دەربارەی ژمێرەی برە گۆڕاوەکان چاپ کرد.

1719
- ئیسپانیا پەلاماری سکۆتلاندی دا بۆ پشتگیریی جاکۆبییەکان.
- فەرەنسا جەنگی دژی ئیسپانیا راگەیاند.

- لەدایکبوونی مۆسیقادانەری نەمسایی وۆلفگانگ ئەمادێوس مۆزارت.
- چاپی چیرۆکی رۆبنسۆن کروسۆ نووسراوی نووسەری ئینگلیزی دانیال دیفۆ.

"پێویستی پیاوێکی سەرڕاست دەکات بە ساختەچی."
دانیال دیفۆ.

- 1720 قەیرانی مالیی بەریتانیا بە هۆی خراپیی باری (کۆمپانیای دەریای باشوور).
- 1721 راگەیاندنی ئیمپراتۆریەتی رووسیا.
- مۆسیقادانەری ئەڵمانی یۆهان سەباستیان باخ شەش کۆنسێرتۆی براندینبێرگی تەواوکرد.
- 1722 هاتنەکایەی تیۆری مۆدێرنی هارۆمۆنی لە مۆسیقادا بەهۆی چاپی کتێبی مۆسیقادانەری فەرەنسایی ژان فلیپ رامو بەناوی (لێکدانەوەی هارمۆنی).
- 1725 پەیمانی ڤیەننا کە بوو بەهۆی یەکگرتنی نەمسا و ئیسپانیا.
- مردنی پیتەری مەزن تزاری رووسیا: کاترینی یەکەم شوێنی گرتەوە.
- چاپی  (چوار وەرزەکە) لە ئەمستەردام، بەناوبانگترین بەرهەمی مۆسیقادانەری ئیتالیایی ئەنتۆنیۆ ڤیڤاڵدی کەبریتی بوو لە چوار کۆنسێرتۆی کەمانچە.
- 1726 چاپی رۆمانی (گەشتەکانی گولیڤەر) نووسراوی نووسەری گاڵتەبازی ئێرلاندی جۆناسان سویفت.
- 1727 ئابلۆوقەی جەبەل تاریق لەلایەن ئیسپانیاوە: جەنگی



بەریتانیا و ئیسپانیا.

- 1728 یەکەم نمایشی ئۆپێرای (ئۆپێرای دەرۆزەکەرەکە) نووسراوی جۆن گەی لە ئینگلتەرا.
- 1729 عەرەبەکان شاری مۆمباسای سەر کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقایان لە پورتوگالییەکان سەند.
- 1730 دامەزرانی کۆمەڵەی میسۆدیست (رێچکەیەك لە مەزهەبی پرۆتستانت) لە شاری ئۆکسفۆرد لەلایەم جۆن و چارلس وێسلی.
- داهێنانی گەرمپێوی ئەلکۆلی لەلایەن رێنێ رێمور.
- داهێنانی ئامێری سێکستانت کە کە پێوەرێك بوو بۆ دەریاگەڕی لەلایەن جۆن هادلی.
- 1731 پەیمانی ڤیەننا بە بەشداری ئینگلتەرا و هۆڵاند و ئیسپانیا و ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆمانی.
- 1732 کردنەوەی شانۆخانەی کۆڤێنت گاردن لە لەندەن کە دواتر دووجار بە ئاگر وێران بوو لە 1808 و 1856 دا بەڵام بنیات نرایەوە.
- 1733 جۆرجیا بوو بە سیازدەیەمین کۆلۆنیی بەریتانیا لە جیهانی نوێ.
- 1734 هەڵگیرسانی جەنگی تورك و فارس.
- 1735 پەلکێشانی چین و فراوانبوون لە تورکستان و ئانام (ڤێتنام) و بورما و نیپاڵ.
- پارێزەری ئینگلیزی جۆرج هادلی وەسفی ئەتمۆسفیری کرد وەك جووڵەی بەهێز و گەوەری تەوژمی گەرمای شاقووڵی

به دەوری هێڵی ئیستیوا دا.

1736 • جەنگی تورک و رووسیا.

• زانای سویدی کارۆلوس لینایوس (کارل ڤۆن لینێ) بەرهەمێکی دەربارەی پۆلێنکردنی سیستەماتیکی رووەکەکان چاپ کرد و بەمەش بناخەی زانستی پۆلێنزانی دانا.

1737 • یاسای مۆڵەتی شانۆ لە ئینگلتەرا وای ئیلزام کرد کە پێویستە هەموو شانۆگەرییەك پێش نواندن لەلایەن بەرپرسی ماڵی پاشاوە (لۆرد چامبەرلەین) پەسەند بکرێت.

1739 • جەنگی (گوێچکەی جەنکینس) لە نێوان بەریتانیا و ئیسپانیا بەهۆی بازگانی کردنی نایاسایی بەریتانیاوە لە ئەمریکای باشوور: ئەم جەنگە بە بڕینی گوێچکەی کاپتنێکی بەریتانیایی (رۆبەرت جەنکینس) لەلایەن ئیسپانیاوە دەستی پێکرد.

• فارسەکان شاری دەلهییان تالان کرد.

• نیوگرانادا لە پیرۆ جیابووەوە.

1739 – 1740 • فەیلەسوفی سکۆتلاندی داڤید هیوم کتێبێکی چاپ کرد بە ناوی (بابەتێك لەسەر سروشتی مرۆڤ) کە سەرچاوەیەکی سەرەکییە دەربارەی فەلسەفەی ئیمپیریسزم (کە دەڵێت سەرچاوەی زانیاری بریتییە لە ئەزموونی رابوردوو).

1739 – 1741 • برسێتی (گرانی) لە ئێرلاند کە بووە هۆی مردنی سێیەکی دانیشتووان.

1740 • هەڵگیرسانی جەنگی جێنشینی لە نەمسا.



• هونەرمەند کانالیتۆ تابلۆی گۆڕەپانی سانت مارکۆی کێشا لە ڤینیسیا.

• هاتنە سەرتەختی فریدریکی دووەم، فریدریکی گەورە لە پروسیا و ماریا تێریزا لە نەمسا.

"من و گەلەکەم رێکەوتنێکمان کردووە کە بەدڵی هەردوو لامانە. ئەوان هەرچییەکیان پێ خۆش بێت دەیڵێن و منیش هەرچییەکم پێ خۆش بێت دەیکەم." فریدریکی دووەمی گەورە.

1742 • یەکەم پێشکەش کردنی سروودی ئاینی (مەسیحا) دانراوی جۆرج فریدیك هاندل لە دوبلین لە ئێرلاند.

1743 • دانانی یەکەم نەخشەی جوگرافیایی باشووری ئینگلتەرا لەلایەن کریستۆفەر پاك.

1744 • فەرەنسا شەڕی لەدژی بەریتانیا و نەمسا راگەیاند.

• بەرهەمهێنانی یەکەم نەخشە لەسەر بنەما مۆدێرنەکانی رووپێوکردنی زەوی لەلایەن سیزار فرانسوا کاسینی لە فەرەنسا.

1745 • پەیمانی ئاشتیی درێسدن: پروسیا دانی نا بە فەرمانی (ئابلۆوقەی پراگماتیکی) 1725 دا کە لەبەرژەوەندی نەمسا.

• دوا راپەرینی جاکۆبییەکانی لایەنگری شا جەیمسی دووەم لە بەریتانیا.

• لە رووسیا میخایل ڤاسیلیێڤیچ لۆمۆنۆسۆڤ کەتەلۆگێکی چاپ کرد ناوی زیاتر لە 3 هەزار کانزای تێدا بوو.

1746 • شەڕی کولۆدێن: شکستی ڕاپەڕینی جاکۆبییەکان لە سکۆتلاند.
• لە فەرەنسا ژان لو ڕۆند دالێمبێر تیۆری ژمارە ئاڵۆزەکانی دانا.
• دەستەیەك نێردراوی فەرەنسایی چوونە ناوچەی لاپلاند لە باکووری ئەوروپا و سەلماندیان زەوی لە ناوچەی پۆڵەکاندا تەختە.

1747 • یەکگرتنی ئەفغانستان.
• زانای فەرەنسایی دالێمبێر هاوکێشەی جیاکەرەوەیی بەکارهێنا لە بوارە بیرکارییەکانی فیزیکدا.

1748 • کۆتایی جەنگی جێنشینی نەمسا.
• دۆزینەوەی پاشماوەی شاری ڕۆمانیی پۆمپەی لەژێر بەردە گڕکانییەکانی گڕکانی ڤێسیڤیۆس دا.

1749 • چاپی ڕۆمانی تۆم جۆنس نووسراوی نووسەری ئینگلیزی هێنری فیلدینگ.

1750 • ڕێکەوتنی ئیسپانیا و پورتوگال لەسەر ئەمریکای باشوور.
• نگوانەی دووەم کە بە یەکەم پاشای سویسرا دادەنرێت، سویسرای داگیرکرد.
• ڕووخانی فەرمانرەوایی بەرەپاشای تۆنوگوو لە بورما (میانمار).

1751 • بەریتانیا ناوچەی ئارکۆتی لە هندستان لەدەست فەرەنسا سەند.
• چین پەلاماری تیبێت ی دا.



• لە فەرەنسا یەکەم بەرگی کتێبی 28 بەرگیی (ئینسایکلۆپیدیا) چاپ کرا کە بیر و زانیارییەکانی سەردەمی ڕێنیسانسی لەخۆ گرتبوو.

1752 • یەکگرتنی بورما لەژێر فەرمانرەوایی ئالۆنگپایا کە شاری ڕانگۆن (یانگۆن) یشی دروستکرد.

1754 • کیمیازانی سکۆتلاندی جۆزیف بلاك ئاوێتەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی دۆزییەوە.
• دامەزرانی یانەی گۆڵفی شاهانە و دێرینی سکۆتلاند.

1755 • بوومەلەرزە لیشبۆنەی وێران کرد.
• چاپی (فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی) دانراوی سامۆئیل جۆنسۆن.

1756 • جەنگی حەوت ساڵە: بەریتانیا جەنگی لەدژی فەرەنسا ڕاگەیاند لەسەر خاوەندارێتیی کۆلۆنییەکان و ململانێی وڵاتە ئەوروپاییەکانی تریش.
• کوژرانی سەربازانی دیلی ئینگلیزی بەدەستی سراج ئەلدەولە فەرمانرەوا (نەواب)ی بەنگاڵ پاش گرتنی قەلاّکەیان.

1757 • مردنی مۆسیقادانەری چیکی یۆهان ستامیتز لە مانهایم لە ئەڵمانیا کە هەرلەوێ یەکەم ئۆرکێسترای پسپۆڕی دامەزراندبوو.
• جەنگی پلاسی: شکستی نەوابی بەنگاڵ بەدەستی سوپای ئینگلیز.
"بە گیان لەدەستدانی 22 سەرباز و بریندربوونی پەنجا،

ژەنەراڵ کلیڤ توانی سوپایەکی شەست هەزار کەسی
پەرەوازە بکات و سەر بە ئیمپراتۆریەتێک دانەوێنێت کە
خاک و دانیشتووانی لە بەریتانیای گەورە زیاتربوو." لۆرد
ماکولەی دەربارەی شەڕی پلاسی.

1758 • بەریتانیا ناوچە فەرەنساییەکانی کەنەدای داگیرکرد.

1759 • هێزە بەریتانیاییەکان بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ جەیمس وۆلف ناوچەی (کێبەک) ی کەنەدایان لە دەست فەرەنسا داگیرکرد.

• چین رۆژهەڵاتی تورکستانی داگیرکرد.

1760 • دامەزاندنی باخچەکانی رووەکناسیی شاهانە (باخچەکانی کیو) لە گەڕەکی کیو لە لەندەن.

• جۆن میچیل پێشنیاری ئەوەی کرد کە بوومەلەرزە لەئەنجامی جوولانی چینێک بەرد بەسەر چینێکی تردا دروست دەبێت.

• دەستپێکی کۆمەڵەی تۆماری لۆید بۆ کەشتیەوانی.

1761 • بەریتانیا کۆنترۆڵی دوورگەکانی ئیندیسی نوێی کرد.

• شەڕی پانیپات کۆتایی بەهەوڵی ماراسا هێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی هندستان.

• مۆسیقادانەری نەمسایی فرانک جۆزیف هایدن بوو بە جێگری مایسترۆی خانەوەدای ئەریستۆکراتیی ئیستەرهازی و تا مردنی (1809) لەگەڵیان مایەوە.

1762 • بەریتانیا جەنگی دژی ئیسپانیا راگەیاند.

• چاپی کتێبی (رێکەوتننانەی کۆمەڵایەنی) نووسراوی



فەیلەسوف فەرەنسایی ژان ژاک رۆسۆ کە جەختکردنی لەسەر مافەکانی مرۆڤ کاریگەریی هەبوو لەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا.

• هاتنەسەر تەختی خاتوو کاترینای دووەم (کاترینای مەزن) وەک ئیمپراتۆری رووسیا.

"من دیکتاتۆرێکی بێرەحم دەبم چونکە ئەوە کاری منە. خوداش لێم دەبوورێ چونکە ئەوە کاری ئەوە." کاترینای دووەم.

1763 • ئاشتی پاریس کۆتایی بە جەنگی حەوت ساڵە هێنا: فەرەنسا سەرزەمینە ئەمریکاییەکانی بە بەریتانیا دۆڕاند.

• هندییەکانی ناوچەی ئۆتاوای کەنەدا شەڕیان لەگەڵ بەریتانیا دەست پێکرد.

• شاری ریۆ دی جانیرۆ بوو بە پایتەختی بەرازیل.

• مرنی نووسەری چینی کاو چان خاوەنی (خەونی ژووره سوورەکە) کە رۆمانێکی کلاسیکی ئەخلاقیی چینییە.

1764 • ئەندازیاری ئینگلیزی جەیمس هارگریڤس مەکینەیەکی رستنی داهێنا (ماکەری تەشی رێس).

• کیمیازانی بەریتانی جۆزیف بلاک باسی لە گەرما تایبەتی و گەرمای شاراوە کرد.

1765 • پەرلەمانی بەریتانیا (یاسای پوول) ی بەسەر کۆلۆنییە ئەمریکاییەکانیدا سەپاند کە بەکارهێنانی پوولی بەپێویست دانا بۆ هەموو مامەڵەو دۆکیومێنتێکی رەسمی.

• کەوتنەکاری کەشتی جەنگیی بەریتانیا بەناوی ئێچ ئێم

ئێس ڤیکتۆری کە دواتر ناوی نرا کەشتیی نیلسۆن.

1766 • بەردینەی (فۆسیلێ) ئێسکی ئاژەڵێکی زەبەلاح لە رووباری میوز لە هۆڵاند دۆزرایەوە و ناونرا مۆساسورۆس.

• فیزیکزانی ئینگلیزی هێنری کاڤێندیش توخمی هایدرۆجینی دۆزییەوە (هەوای لە گڕگرتن هاتوو).

• سنووری نێوان ماریلاند و پەنسلڤانیا بە هێڵی ماسۆن– دیکسۆن دیاری کرا.

1767 • یەکەم جەنگی مایسۆر لە رۆژهەڵاتی هندستان لەدژی هێزەکانی کۆمپانیای هندی رۆژهەڵات.

1768 • تورکیا جەنگی لەدژی رووسیا راگەیاند.

• توێکارزانی سکۆتلاندی جۆن هەنتەر بنچینەیەی نەخۆشیزانی (پاسۆلۆجی) ی ئەزموونی و نەخۆشیزانیی نەشتەرکاریی دانا.

• گەڕیدەی ئینگلیزی جەیمس کوك لەسەر خاکی نیوزیلاند و کەناری رۆژهەڵاتی ئوستراليا دابەزی.

• وەستای ئینگلیزی ریچارد ئارکرایت مەکینەی رستنی لۆکەی داهێنا.

• یەکەم سەرهەڵدانی کتێبی زانیارینامەی (ئینسایکلۆپیدیا بریتانیکا).

• وێنەکێشی پۆرترەیتی ئینگلیزی جۆشوا راینۆلدس بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەکادیمیای پاشایەتی.

1769 • بورماییەکان دانیان بە سەروەریی چیندا نا.

• لەدایکبوونی ناپۆلیۆن بۆناپارت لە دورگەی کۆرسیکای



سەر بە فەرەنسا.

• ئەندازیاری سکۆتلاندی جەیمس وات گۆڕانی زۆری بەسەر بزوێنەر (ئینجین) ی هەڵمدا هێنا و باشتری کرد.

• نیکۆلا ژۆزیف کوگنۆ لە فەرەنسا تراکتۆرێی هەڵمیی دروستکرد.

1770 • گەڕیدەی بەریتانیایی ناوچەی نیوساوس وەیلزی لە ئوستراليا بە هی بەریتانیا حسابکرد.

• گەڕیدەی سکۆتلاندی جەیمس بروس سەرچاوەی روباری نیلی شینی دۆزییەوە.

• کارئەندامزانی ئیتالیایی لویجی گالڤانی پەیوەندیی نێوان کارەباو فرمانی دەماری دۆزییەوە.

• کیمیازانی سویدی کارل ویلهێلم شیل توخمی ئۆکسجینی دۆزییەوە.

• دانانی یەکەم کارخانەی رستنی لۆکە لە ئینگلتەرا.

1772 • دابەشکردنی پۆڵۆنیا لەنێوان رووسیا و پروسیادا.

• کیمیازانی بەریتانیایی دانیال رەزەرفۆرد توخمی نایترۆجینی جیاکردەوە.

1773 • ئاهەنگی چای بۆستۆن: وەك نارەزایی دەربرین بەرامبەر سەپاندنی باجی چایی لەلایەن بەریتانیاوە، برێکی زۆر چایی لە کەشتییەوە فڕێ درایە ئاوی لەنگەرگای بەندەری بۆستۆنەوە.

• سەرهەڵدانی کۆمیدیای ئەخلاقی لە بەریتانیا بە بەرهەمی (خانم بەمەبەستی خۆ زاڵکردن دەچەمێتەوە) نووسراوی

ئۆلیڤەر گۆڵدسمیس و بەرهەمی رکابەرەکان (1775) نووسراوی ریچارد شێریدان.

- شانۆگەریی (گوێتز ڤۆن بێرلیختگێن) نووسراوی شاعیر و رۆماننووسی ئەڵمانی گۆتە، بە یەکێك لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئەدەبیاتی رۆمانسی دادەنرێت.
- یاسای بۆد (ئاسماناسی ئەڵمانی یۆهان بۆد) تەخمینی دووری رێژەیی هەریەك لە هەسارەکانی کرد لە خۆرەوە.

1774
- تورکیا ناوچەی کریمیای بەجێ هێشت.
- کیمیازانی ئینگلیزی جۆزیف پریستلی توخمی ئۆکسجینی دۆزییەوە و ناوی نا (هەوای سووتێنەر لێ دەرهێنراو).
- کیمیازانی فەرەنسایی ئەنتوان لاڤوازییە یاساکەی سەبارەت بە لەناونەچوونی (پاراستنی) مادە خستەڕوو.
- رێساکانی یاریی کریکێت بۆ یەکەمجار دەستنیشان کران.

1775
- جەنگی یەکەمی ماراسا لە هندستان.

– 1783
- دەستپێکی شۆرشی ئەمریکا بە هەڵگیرسانی شەڕ لە لێکسینگتۆن و کۆنکۆرد لە ماسەشوسێتس.

1776
- دەرچوونی (بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا) رۆژی 4 ی تەموز لە دەستی بەریتانیا.
- ئەفریقاییە هۆڵاندییەکان دانیشتنیان لەگەڵ گەلی باتنتوو ی ئەفریقا کرد.
- ئەندازیاری ئەمەیکایی داڤید بوشوێڵ کەشتییەکی ژێردەریایی دروستکرد کە بە هێزی دەست کاری دەکرد و تەنکیی سەرئاوکەوتنی تێدا بەکارهێنابوو.



- ئۆپێراخانەی بۆلشۆی لە مۆسکۆ دامەزرا.
- مێژوونووسی ئینگلیزی ئەدوارد گیبۆن دەستی کرد بە نووسینی کتێبی (مێژووی لاوازبوون و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی).

1777
- یەکەم بەلەم بە چوارچێوەی ئاسن لە ناوچەی یۆرکشەر لە ئینگلتەرا دروستکرا.
- کیمیازانی فەرەنسایی ئەنتوان لاڤوازییە روونی کردەوە کەوا هەوا لە تێکەڵێك گاز پێك هاتووە کە یەکێکیان (ئۆکسجین) پێویستە بۆ روودانی پرۆسەی سووتان و ژەنگ کردن.

1778
- پشتگیریی فەرەنسا و ئیسپانیا بۆ ئەمریکا لە شەڕی سەربەخۆییدا لە دژی بەریتانیا.

1779
- سروشتناسی فەرەنسایی کۆنت جۆرج دو بوفۆن پێشبینیی ئەوەی کرد کە زەوی زۆر لەو شەش هەزار ساڵە کۆنترە کە ئینجیل باسی کردووە.
- سامۆئیل کرۆمپتۆن مەکینەیەکی رستنی دروستکرد بەناوی (هێستری تەشی رێس) کە هەنگاوێکی تر بوو بەرەو شۆرشی پیشەسازی لە بەریتانیا.

1780
- راپەرینی هندییەکانی خەڵکی پیرۆ لەدژی ئیسپانیا.
- جەنگی دووەمی مایسۆر لە هندستان لەدژی کۆمپانیای هندی رۆژهەڵات.

1781
- شەڕی یۆرکتاون لە شۆرشی ئەمریکادا کە سوپای بەریتانیایی تەسلیمی هێزە ئەمریکایی و فەرەنساییەکان

بوو.

- کیمیازانی بەریتانیایی هێنری کاڤێندیش نیشانی دا ئاو ئاوێتەیە.
- نیشاندانی سەرکەوتووانەی شانۆگەریی (جەردەکان) نووسراوی نووسەری ئەڵمانی فریدریك ڤۆن شیلەر.
- ئاسماناسی بەڕەگەز ئەڵمانی، ولیام هەرشڵ، لە بەریتانیا هەسارەی ئۆرانۆسی دۆزییەوە و بۆی دەرکەوت لەولای گالاکسییەکەی خۆمانەوە ئەستێرەی تریش هەن.
- چاپی کتێبی (لێکدانەوەی رەخنەیی ئەقڵی پەتی) نووسراوی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت.

1782
- ئیعدامکردنی ئانا گۆدی کە دوا ژن بوو بە تۆمەتی جادوگەری بە شێوەیەکی رەسمی لە ئەوروپا ئیعدام بکرێت.

1783
- کۆتایی هاتنی شۆرشی ئەمریکا بە پەیمانی پاریس.
- رووسیا ناوچەی کریمیای خستەسەر قەڵەمرەوی خۆی.
- یەکەم فڕینی مرۆڤ لەلایەن ژان پیلاتر و مارکی دو ئارلاند لە پاریس بە بەکارهێنانی باڵۆنێکی پڕ لە هەوای گەرم کە لەلایەن ژۆزیف مۆنتگۆلفییە و ئیایان مۆنتگۆلفییەوە دروستکرابوو.
- یەکەم فڕین بە باڵۆنی پڕ لە هایدرۆجین لە پاریس لەلایەن ژاك شارل و ئێم ئێن رۆبێرت.
- کابرایەکی فەرەنسایی بە ناوی ژۆفرۆی دو ئابان یەکەم بەلەمی هەڵمی دروستکرد کە لێخورینی بە سەوڵ بوو.



1784
- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بازرگانیی لەگەڵ چین دا دەست پێکرد.
- تۆماس جێفەرسۆن کنەکاریی لە گۆرستانێکی هندییە(سوورە)کاندا کرد لە ناوچیە روباری ریڤانا لە ڤیرجینیا و تێبینییەکانی خۆی یاداشت کرد.
- یاسای پیت دەربارەی هندستان: پەرلەمانی بەریتانیا کۆنترۆڵی کۆمپانیای هندی رۆژهەڵاتی خستە ژێر دەستی حکومەت.
- یەکەم نمایشی شانۆگەری کۆمیدیی (هاوسەرگیریی فیگارۆ) نووسراوی درامانووسی فەرەنسایی بومارچییە کە ساڵی 1778 نووسیبووی.
- هونەرمەندی فەرەنسایی ژاك لوی داڤید تابلۆی (سوێندەکەی هۆرات)ی کێشا.

1785
- بورما شانشینی ئاراکان ی داگیرکرد.
- یەکەم پەڕینەوە لە کەناڵی ئینگلیزی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا بە باڵۆن لە لایەن ژان پیار بلانشار و جۆن ژێفرییە.
- زەمینناسی سکۆتلاندی جەیمس تیۆریی (یونیفۆرمیتاریانیزم) ی دانا کە لای وایە هەموو خاسیەتە جیۆلۆجییەکان دەرەنجامی ئەو پرۆسانەن کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کاردابوون و ئێستاش بەردەوامن.
- دۆلار وەك یەکەی پارەی ستانداردی ئەمریکا پەسەندکرا.
- داهێنانی یاسای دووجای پێچەوانەی لەلایەن زانای

فەرەنسایی شارڵ کۆلۆم.

1786 • داگیرکردنی ناوچەی مالاکا لە مالیزیا لەلایەن بەریتانیاوە.

• زانانی ئەڵمانی-سویسری یۆهان ڤۆن کارپێنتیەر باسی لە چاخی سەهۆڵی ئەوروپا کرد.

1787 • پەسەندکردنی دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

• تورکیا جەنگی دژی رووسیا راگەیاند.

• فیزیکزانی فەرەنسایی ژاك شارڵ یاسایەکی دانا بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان پەستان و قەبارە و پلەی گەرما لە گازەکاندا.

• دامەزرانی یانەی کریکێتی ماریلیبۆن کە رێساکانی ئەمرۆی کریکێتی دانا.

1788 • بە کۆلۆنی کردنی ئوستراليا لە ناوچەی کەنداوی بۆتەنی دەستی پێکرد.

• مۆزارت لە ماوەی شەش هەفتەدا دوا سێ سیمفۆنیای خۆیی دانا (سیمفۆنیای 39-41).

1789 • بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1614 ـەوە پەرلەمانی فەرەنسا بانگکرا بۆ دانیشتن و بەشێکیان ئەنجومەنی نیشتمانییان پێکهێنا.

• سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسا: گرتووخانەی باستیل لە 14 ی تەموزدا پەلاماردرا.

• چاپی دیوانی هۆنراوەی (گۆرانییەکانی بێگوناهی) نووسراوی شاعیری ئینگلیزی تۆماس بلەیك.

• چاپی (مێژووی سروشتی و دێرینەی سێلبۆرن) نووسراوی



سروشتانسی ئینگلیزی گیلبەرت وایت.

• ولیان هێرشل تەلسکۆپێکی گەورەی دروستکرد کە تیرەکەی 12 مەتر بوو.

• اخیبوونی تاقمی کەشتیی (باونتی) ی هێزی دەریایی پادشاهی بەریتانیا لە کاپتنەکەیان ئەدمیراڵ بلای: کاپتنیان لە بەلەمێمدا لە دەریادا بەرەڵاکرد بەڵام ئەو پاش چەند هەفتەیەك بەسەلامەتی لە دووری 4 هەزار میلەوە سەری هەڵدا.

• جۆرج واشنگتۆن وەك یەکەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا.

"هیچ شتێك نیە ئەوەندەی ئامادەکاریی باش بۆ رووبەرووبوونەوەی دوژمن، ئەگەری هێنانەدیی ئاشتی زیاد بکات." جۆرج واشنگتۆن لە نامەیەکدا ساڵی 1780.

1790 • جەنگی سێیەمی مایسۆر لە هندستان دژی هێزەکانی کۆمپانیای هندی رۆژهەڵات.

• کیمیازانی فەرەنسایی نیکۆلا لوبلان رێگەیەکی دۆزیەوە بۆ بەرهەمهێنانی کاربۆناتی سۆدیۆم لە کلۆریدی سۆدیۆم (خوێی چێشت).

• شوێنەوارناسی ئینگلیزی جۆن فرێری هەندێ ئامێری چاخی بەردی دێرینی (پالیۆلیسی) دۆزییەوە لەگەڵ پاشماوەی هەندێ ئاژەڵی گەورەی قەڵاچۆبوودا.

1791 • کەنەدا دابەش بوو بۆ کەنەدای سەروو و کەنەدای خواروو و رێگەی پێدرا حکومەتی هەڵبژاردەی هەبێت.

- کۆنگرەی ئەمریکا یاسای (تۆماری مافەکان)ی پەسەند کرد.
- یاخیبوونی کۆیلەکان لە هاییتی بەسەرکردایەتیی پیار توسان لۆڤێرتوور.
- تەلارسازی نوێ–کلاسیکیی رۆبەرت ئادەم (گۆرەپانی چارلۆت) ی لە ئەدنبەرە دیزاین کرد.

1792
- کوژانی گوستاف سێیەم پاشای سوید.
- ئیمپراتۆریەتی رووسیا تا سەر دەریای رەش فراوان بوو.
- بەریتانیابیەکان (لوتکەی هیوای باش) یان گرتەدەست.
- فیزیکزانی ئیتالیایی ئەلێساندرۆ ڤۆلتا پرۆسەی کیمیایی– کارەبایی نیشان دا.

1793
- ئیعدام کردنی لوی (لویس) ی شازدەیەمی پاشای فەرەنسا و شاژن ماری ئەنتوانێت بە گیوتین.
- دەستپێکی جەنگەکانی فەرەنسا (جەنگە شۆرشگێرییەکان) لەگەڵ وڵاتەکانی دراوسێ.
- دەستپێکی حوکمی تۆقاندن لە فەرەنسا بە سەرکردایەتی ماکسیمیلیان رۆبسپێر.
- دووەم دابەشکردنی پۆڵۆنیا: رووسیا و پروسیا خاکی تریشیان لێ زەوت کرد.
- داهێنانی مەکینەی جیاکردنەوەی لۆکە لە تۆوەکانی لە ئەمریکا.
- سروشتزانی فەرەنسایی ژان باپتیست دو لامارك وتی بەردینەی زیندەوەر تایبەت بە رووەك و گیانەوارانێکن کە



پێشتر لەسەر زەوی ژیاون.

1794
- کۆتایی بازرگانی کردن بە کۆیلەوە لە کۆلۆنییە فەرەنساییەکاندا.
- کۆتایی حوکمی تۆقاندن لە فەرەنسا.
- بەریتانیاییەکان دورگەی کۆرسیکایان لە دەستی فەرەنسا داگیرکرد.

1795
- رووسیا و نەمسا و پروسیا پاشماوەی پۆڵۆنیایان لەنێوان خۆیاندا بەش کرد: رووسیا لیتوانیا ی بەرکەوت.
- لە فەرەنسا، توێکارزان ژۆرژ کوڤییە بەردینەی ئێسکەکانی گیانەوەرێکی خشۆکی قەڵاچۆبووی دەستنیشان کرد.
- مۆسیقادانەر و داهێنەر تۆماس رایت نیشانەکانی مێترۆنۆمی هێنایە کایەوە بۆ دیارکردنی تێمپۆی مۆسیقا.
- لە فەرەنسا سیستەمی مەتری بۆ پێوانە پەسەندکرا.
- گەریدەی سکۆتلاندی مونگۆ پارك دەستی کرد بە کنەکردن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی روباری نایجەر لە ئەفریقا.

1796
- هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیسپانیا و بەریتانیا.
- بەریتانیا گویانا و سیلانی داگیرکرد.
- رووخانی کۆماری ڤینیسیا بەدەستی ناپۆلیۆن.
- لە بەریتانیا، ئەدوارد جێنەر کوتانی لە دژی ئاوڵە کرد بە باو و بەمەش بنچینەی تیۆریی دامەزراند بۆ لێکدانەوەی دژەتەن و پرۆسەکانی بەرگری لە لەش.

1798
- فەرەنسا پەلاماری میسری دا.
- سیلان بوو بە کۆلۆنییەکی بەریتانیایی.

- فیزیکزانی بەریتانیایی بێنجامین رامفۆرد پەیوەندیی نێوان گەرما و لێکخشاندنی لێکدایەوە.
- یەکەم گۆڤاری رەخنەی مۆسیقایی لە لایپزیگ لە ئەڵمانیا چاپ کرا (ئەلگەماینە موزیکالیشە زایتونگ).
- دوو شاعیری ئینگلیزی ولیام وودسۆرس و سامۆیل کۆلێریج پێکەو دیوانێکی هاوبەشیان لە هۆنراوەی لیریکی چاپ کرد بەناوی (بەیتەکانی گۆرانی).

1799
- ناپۆلیۆن وەك كۆنسوڵی یەكەمی فەرەنسا فەرمانرەوایی گرتەدەست.
- شانشینی مایسۆر لە هندستان لە نێوان بەریتانیا و حەیدەرئاباد دا دابەشکرا.
- بە نایاسایی دانانی نەقابە سەرەتاییەکانی کرێکاران لە بەریتانیا بەپێی یاسایەکی پەرلەمان (یاسای پێکەوەگرێدان).
- بیرکاریزانی ئەڵمانی کارل فریدریك گاوس تیۆرییەکی بنەرەتی جەبری سەلماند: ژمارەی شیکار (حەل)ەکانی هاوکێشەیەکی جەبری بریتییە لە توانی گەورەترین برِ.
-

1800
- زانای ئیتالیایی ئەلێساندرۆ ڤۆڵتا خانەی (پاتری) ڤۆڵتای داهێنا کە لە کارلێکی کیمیایی وزەی کارەبایی دروست دەکات.
- تۆماس جیفەرسۆن بوو بە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.



" لە رۆژنامەدا ریکلامەکان تەنیا راستیگەلێکن کە پیاو ئەتوانێت باوەریان پێ بکات." تۆماس جێفەرسۆن.

1801
- یاسای یەکگرتن (نێون بەریتانیا و ئێرلاند) کە ساڵی 1800 پەسەندکرابوو کەوتە بواری جێبیجێ بوونەوە: یەکگرتنی بەریتانیا و شانشینی ئێرلاند بۆ دروستکردنی شانشینی بەریتانیای گەورەو ئێرلاند.
- فەرەنساییەکان سوپای تورکیان لە هێلیۆپۆلیس لە میسر بەزاند بەڵام دواتر خۆشیان میسریان بەجێ هێشت.
- شەڕی کۆپنهاگن: شکستی هێزی دەریایی دانیمارکی بەدەستی هێزەکانی بەریتانیا بە سەرکردایەتی ئەدمیراڵ نیلسۆن.
- فیزیکزانی بەریتانیایی تۆماس یۆنگ بەیەکداچوونی تیشکی دۆزییەوە (کارلەیەك کردنی چەند شەپۆلێکی تیشك).
- ئەندازیاری بەریتانیایی ریچارد ترێڤیسیك گالیسکەیەکی دروستکرد بە هێزی هەڵم کاری دەکرد.
- قوماشسازی فەرەنسایی ژۆزیف ماری ژاکار مەکینەیەکی ئۆتۆماتیکی دروستکرد بۆ چنینی قوماش.
- گیسیپێ پیازی لە پالێرمۆ لە ئیتالیا یەکەم ئەستێرۆچکەی دۆزییەوە ( ئەستێرۆچکە ئەو تەنە ئاسمانییە بچووکانەن کە بە دەوری خۆردا دەسوورێنەوە) و ناوی نا سێرێس.
- تەواوبوونی سۆناتای (سۆناتای تیشکی مانگ) دانراوی مۆسیقادانەری ئەڵمانی لودویگ ڤان بیتهۆڤن.

1802
- پەیمانی ئاشتیی ئامیان لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا.

- ناپۆلیۆن بە کۆنسوڵی یەکەمی فەرەنسا تا کۆتایی ژیان دانرا.
- ئەندازیاری سکۆتلاندی ولیام سیمینگتۆن یەکەم پاپۆڕی دروستکرد(چارلۆت دونداس) کە بە هێزی هەڵم کاری دەکرد و چەرخی گوژمدانی هەبوو لە پشتەوە.

1803
- کڕینی لویزیانا: ئەمریکا ناوچەی لویزیانای لە فەرەنسا کڕیەوە بەبڕی شەست ملیۆن فرانك.
- هەڵگیرسانەوەی جەنگی فەرەنسا و بەریتانیا (لە جەنگەکانی ناپۆلیۆن).
- جەنگی دووەمی ماراسا لە هندستان.

1804
- ناپۆلیۆن بوو بە ئیمپراتۆری فەرەنسا.
- هاییتی سەربەخۆیی لە فەرەنسا ستاند.
- سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی سربەکان لە فەرمانرەوایی تورکەکان.
- یاخیبوونی کاسڵ هیڵ: ژمارەیەکی زۆر تاوانبارە ئێرلاندییەکان کە ڕەوانەی ئوسترالیا کرابوون دژی فەرمانرەوایی بەریتانیا لە ناوچەی نیوساوس وێڵز راپەڕین و سەرکوت کران.
- دوو فیزیکزانی فەرەنسایی بەناوی ژان بیو و ژۆزیف گای لوزاك بەسواری باڵۆنێکی هەوای گەرم لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەتمۆسفیر کرد.
- ریچارد ترێڤیسیك یەکەم شەمەندەفەری هەڵمی دروستکرد و لەسەر سکەی کانێك لە باشووری وێلز رەواندی.



1805
- شەڕی ترافالگار: هێزی دەریایی بەریتانیا بە فەرماندەیی ئەدمیراڵ هۆراتیۆ نیلسۆن هێزەکانی فەرەنسا و ئیسپانیای شکاند لە نزیك لوتکەی ترافالگار لە کەنارەکانی ئیسپانیا و بەمەش هەوڵی پەلاماردانی بەریتانیا لەلایەن فەرەنساوە شکستی هێنا.
- شەڕی ئۆستەرلیتز: سەرکەوتنی سوپای فەرەنسا بەسەر رووسیا و نەمسادا.
- ناپۆلیۆن خۆی کرد بە پاشای ئیتالیا.
- ئەفسەری ئەلبانیایی محەمەد عەلی بوو بە پاشای میسر.
- سیمفۆنیای ئیرۆیکا ی بیتهۆڤن مەودای کاریگەریی ئۆرکێسترای زۆر فراوان کرد.

1806
- بەریتانیا کۆلۆنیی کەیپ(لوتکەی ئەفریقا)ی لە هۆڵاندییەکان ستاند.
- شەڕی جینا: فەرەنساییەکان سوپای پروسیایان شکاند.
- هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی: ناپۆلیۆن رۆژاوای ئەڵمانیای لە کۆنفیدراسیۆنی راین دا یەکخست.
- ئەدیمیراڵی بەریتانیایی فرانسیس بیوفۆرت پێوەرێکی داهێنا(پێوەری بیوفۆرت) بۆ پێوانی هێزی با.

1807
- پەیمانی تیلسیت لە نێوان رووسیا و فەرەنسا: رووسیا بەرەی خۆی لە جەنگدا گۆڕی، لەگەڵ فەرەنسا رێکەوت و پەلاماری سویدی دا.
- بۆردمانی دانیمارك لەلایەن بەریتانیاوە بووە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بچێتە پاڵ فەرەنسا.

● بازرگانیی کۆیلە لە بەریتانیا وازی لێهێنرا.

● دەستپێکی بزوتنەوەی سەربەخۆیی کۆلۆمبیا لە ڤەنزەویلا.

● یەکەم پاپۆڕی هەڵمیی سەرکەوتوو کە داهێنەرو ئەندازیاری ئەمریکایی رۆبێرت فولتۆن دروستی کرد لە نیویۆرکەوە رێی دەریای کرد تا ئەلبانی.

● کیمیازانی بەریتانیایی هەمفری دەیڤی پرۆسەی شیکردنەوەی کارەبایی داهێنا بۆ جیاکردنەوەی توخمەکان وەك پۆتاسیۆم لە ئاوێتە کیمیاییەکان.

● کیمیازانی سویدی جۆنز بێرزێلیۆس پێشنیاری ئەوەی کرد ئەو مادە کیمیاییانەی لەلایەن زیندەوەرەوە دروست دەکردێن پێیان بوترێ ئۆرگانی (ئەندامی).

● بیرکاریزانی فەرەنسایی ژۆزیف فۆرنییە ئەوەی دەرخست کە فرمانە (فەنکشن) بیرکارییەکان دەکرێ بە زنجیرەی سێگۆشەپێوی (ترایگۆنۆمێتری) دەربربردرێن.

1808 ● هەڵگیرسانی جەنگی نیمچەدورگە بە دەستپێکردنی پەلاماری فەرەنسا بۆسەر ئیسپانیا و پورتوگال: بەریتانیا هێزی رەوانەکرد بە سەرکردایەتی ئارسەر وێڵسلی کە دواتر بوو بە دوکی وێڵینگتۆن.

● کیمیازانی بەریتانیایی جۆن داڵتۆن تیۆری مۆدێرنی پێکهاتەی ئەتۆمیی هێنایە ئاراوە و لیستەیەکیشی دەربارەی بارستەی ئەتۆمی رێژەیی خستەڕوو.

● گۆتە دراما فەلسەفییە بەناوبانگەکەی خۆی (فاوست)



تەواوکرد.

1809 ● ئیکوادۆر بوو بە بەشێك لە کۆلۆمبیا.

● رووسیا فنلاندی داگیرکرد کە بوو بە دوکنشینێکی گەورە.

● سروشتناسی فەرەنسایی لامارك تیۆرییەکی دەربارەی پەرەسەندنی زیندەوەران (لە سادەوە بۆ ئاڵۆزتر) خستە روو لەسەر بنچینەی گواستنەوەی سیفەتە دەسکەوتووەکان.

1810 ● هونەرمەندی ئیسپانیایی فرانسیسکۆ گۆیا دەستی کرد لە کێشانی زنجیرەیەك تابلۆی قەڵەم کوت بەناوی (کارەساتەکانی جەنگ) کە بەشێوەیەکی ریالیستی دیمەنە هاوچەرخەکانی جەنگی نیمچەدورگەی دەخستەڕوو.

1811 ● دەستپێکی ئاژاوەگێڕییەکانی لودیتەکان لە ئینگلتەرا: نارەزایی کرێکاران لەدژی میکانیزەکردنی بەرهەم هێنان کە لایان وابوو دەبێتەهۆی بێکاری.

● کوشتاری سەرکردەکانی مەمالیك بەدەستی محەمەد عەلی پاشای میسر: دەعوەتی کردبوون بۆ ئاهەنگێك لە قەڵای قاهیرە کە بۆسەیەك بوو بۆ کوشتنیان.

● سەربەخۆیی پاراگوای و ڤەنزەوێلا.

● فیزیکزانی ئیتیالیایی ئەمادیۆ ئاڤۆگادرۆ یاسای ئاڤۆگادرۆی دەربارەی گازەکان دانا کە دەڵێ: قەبارەیەکی یەکسان لە گازێکی تەواو لە پلەی گەرما و لە ژێر پەستانێکی دیاریکراود، هەمان ژمارە تەنۆچکە یان گەردی تێدایە وەك هەر گازێکی تر لە هەمان بارو دوخدا.

- چاپی ڕۆمانی (هەست و بەهەستی) دانراوی خانمە ڕۆماننووسی ئینگلیزی جەین ئۆستین.

1812
- ناپۆلیۆن ناچارکرا لە رووسیا بکشێتەوە بەهۆی سەرمای زستان و پەیرەویکردنی تاکتیکی خاکی سوتماکەوە لەلایەن رووسەکانەوە.
- گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئابووری دژی فەرەنسای ناپۆلیۆنی کاری لەسەر بازرگانی ئەمریکا کرد و بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئەمریکا و بەریتانیا.
- فەرمانی چین دژی ئاینی مەسیحی.
- بیرکاریزان و ئاسماننناسی فەرەنسایی پیار سیمۆن لاپلاس بۆ یەکەمجار بەدرێژی باسی تیۆری پرۆبابیلیتی (ئیحتیمالییەت)ی کرد.
- چاپی بەشی یەکەمی هۆنراوە داستانییە درێژەکەی شاعیری ئینگلیزی لۆرد بایرۆن بە ناوی (کۆچی چایڵد هارۆڵد).

1813
- هاوپەیمانێتیی چوارلایەنەی نێوان بەریتانیا و نەمسا و پروسیا و رووسیا بۆ بەزاندنی ناپۆلیۆن.
- کیمیازانی سویدی بێرزیلیۆس چەند توخمێمی تازەی دۆزییەوە و ئەو هێما و فۆرمیولایانەشی بۆ توخمەکان دانا کە تا ئێستاش بەکاریان دەهێنین.

1814
- پاش پەیمانی فۆنتانبلو، ئیمپراتۆری فەرەنسا ناپلیۆن بۆناپارت ناچار کرا واز لە تەخت بهێنێ و هەڵبێت بۆ دورگەی ئەلبا لە توسکانی لە ئیتالیا.



- کۆنگرەی ڤیەننا بەمەبەستی ڕێکەوتن لەسەر مەرجەکانی ئاشتی.
- هاتنەوە سەر تەختی خانەوادەی پاشایەتی بۆربۆنەکان لە فەرەنسا.
- نەرویج سەربەخۆیی لە دانیمارك وەرگرت و چووە سەر سوید.
- پەیمانی گێنت: کۆتایی جەنگی ئەمریکا (وڵاتە یەکگرتووەکان) و بەریتانیا.
- هەرێمی کەیپ (لوتکە) ی باشووری ئەفریقا فرۆشرا بە بەریتانیا.
- فیزیکزانی ئەڵمانی جۆزیف فراوتهۆفەر تێبینیی هەندێ هێڵی تاریکی کرد لە شەبەنگی هەتاودا.

1815
- کەوتنە کاری (یاسای گەنمەشامی) لەلایەن حکومەتی لۆرد لیڤەرپوڵ لە بەریتانیا کە گومرگی لەسەر هاوردە دانا بەمەبەستی پاڵپشتی نرخی گەنمەشامی ناوخۆ.
- پێکهاتنی کۆنفێدراسیۆنی راین لە ئەڵمانیا.
- سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریزۆرگیمێنتۆ لە ئیتالیا بەمەبەستی یەکخستنی وڵات.
- بەپێی کۆنگرەی ڤیەننا وڵاتی نەرویج پێشکەشی سوید کرا.
- بەرهەمی مۆسیقادانەری نەمسایی فرانز شوبێرت لەماوەی ئەم ساڵەدا دوو سیمفۆنیا و دوو نمایشی گشتی و 20 پارچە مۆسیقای واڵتز و 145 گۆرانی بوو.
- زانای بەریتانیایی ولیام سمیس نیشانی دا چۆن دەتوانرێت

بەهۆی لێکۆڵینەوەی ئەو بەردینانەوە (فۆسیل) کە لە چینەکانی خاکدا دەدۆزرێنەوە، چینەکانی بەرد پۆلبەندی بکرێن.

- شەڕی واتەرلوو لە نێوان ئیمپراتۆری فەرەنسا ناپۆلیۆن بۆناپارت و سوپای هاوپەیمانەکان کە تیایدا سوپای بەریتانیا بەسەرکردایەتی دوکی وێلّینگتۆن توانی ناپۆلیۆن شکست بدات.
- وازهێنانی ناپۆلیۆن لە تەختی فەرەنسا و دوورخستنەوەی بۆ دورگەی سانت هێلینا لە باشووری ئۆقیانووسی ئەتلەسی کە خاکێکی بەریتانیایی بوو.
- سەد رۆژەکەی ناپلۆیۆن: هەڵاتنی ناپۆلیۆن لە ئەلبا و گەرانەوەی بۆ پاریس و چوونەوە سەر حوکم تا دوورخستنەوەی دووبارەی بۆ سانت هێلینا.

"ئەگەر بهاتایەو سەرکەوتوو بوومایە ئەوا بە ناوبانگی مەزترین کەسەوە دەمردم کە لەوەتی هەیە دنیا بەخۆیەوە دیوە." ناپۆلیۆنی یەکەم.

1816
- سەربەخۆیی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەرجەنیتن لە ئەمریکای باشوور.
- سەرەتای هەولّی شاکا بۆ یەکخستنی خێڵەکانی زولوو لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئەفریقا.

1817
- جەنگی سێیەمی مارسا لە هندستان.
- سەرکوتی راپەرینی سیلان بەدەستی سوپای ئینگلیز.
- چاپی (کۆمەڵێك هۆنراوە) ی شاعیری ئینگلیزی جۆن



کیتس.

1818
- سەربەخۆیی چیلی لە ئەمریکای باشوور لە دەست ئیسپانیا.
- مارشاڵی فەرەنسایی بێرنادۆت کە لە 1810 ـەوە لە سوید بوو کرا بە پاشای سوید و بەرەپاشای ڤاسا ناویان کوێر بووەوە.
- چاپی کتێبی (جیهان وەك ویست و هزر) نووسراوی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئارسەر شۆپنهاوەر کە تیایدا بۆچوونی رەشبینانەی خۆی سەبارەت بە جیهان خستە روو و کاریگەرییەکی زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشت.
- رۆمانووسی ئینگلیزی ماری شێلّی چیرۆکی ترسی (فرانکینشتاین) ی نووسی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەی ئەو جۆرە شێوازە هەبوو.

1819
- سەنگاپوور وەك کۆلۆنییەکی ئینگلیزی دامەزرا.
- سەربەخۆیی کۆلۆمبیا لە ئەمریکای باشوور لەدەست ئیسپانیا.
- ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرێمی فلۆریدای لە ئیسپانیا کڕی.
- کوشتاری پیتەرلوو لە شاری مانچستەر لە بەریتانیا کاتێ سوارەی سەر بە دەولەت پەلاماری خۆپیشاندانێکی دەیان هەزار کەسیان دا کە داوای چاکسازی نوێنەرایەتییان دەکرد لە پەرلەمان: کوژرانی دەیان و برینداربوونی سەدان کەس.
- گەڕیدەی رووسی فابیان ڤۆن بێلینگشاوسێن بە

چواردەوەری کیشوەری بەستەڵەکی باشووردا سوورایەوە.

● دۆزینەوەی دیاردەی کارۆموگناتیسی لەلایەن فیزیکزانی دانیمارکی هانز ئۆرستێد.

1820 ● رێکەوتنی میزووری:رازیبوون لەسەر ئەوەی هەرێمی میزووری بە بازرگانی کۆیلەوە، وە هەرێمی مەین بە بێ بازرگانی کۆیلە، لەهەمان کاتدا ببن بە بەشێك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

● داگیرکردنی سوودان لەلایەن میسرەوە.

1821 ● جەنگی یۆنانییەکان بۆ سەربەخۆیی لە تورکیا.

● وڵاتانی مەکیسك و ئەمریکای ناوەراست و پیرۆ سەربەخۆیی خۆیان لە ئیسپانیا راگەیاند.

● فیزیکزان و کیمیازامی ئینگلیزی مایکڵ فارادای بنەمای کاری دینەمۆی وەسف کرد.

● داهێنانی سێرمۆکەپڵ (جۆرێك گەرمیپێو کە لە دووپارچە وایەری دوو کانزای جیاواز پێکهاتوە) لەلایەن فیزیکزانی ئەڵمانی تۆماس سیبەك.

● هاتنەکایەی شێوازی پاڵەوانێتیی رۆمانسی لە ئۆپێرای ئەڵمانیدا بە نمایشی ئۆپێرای (فرایشوتز) بەرهەمی کارڵ ڤۆن وێبەر.

● هونەرمەندی ئینگلیزی جۆن کۆنستابڵ تابلۆی (گالیسکەی کا) ی کێشا.

1822 ● سەربەخۆیی بەرازیل لەدەست پورتوگال.

● دامەزراندنی وڵاتی لایبیریا لە رۆژاوای ئەفریقا بۆ ئەو



کۆیلانەی ئازاد دەکران.

● دەستنیشانکردنی یاساکانی کارۆجووڵە (ئێلیکترۆدینامیك) لەلایەن فیزیکزانی فەرەنسایی ئەندێ ئەمپێر.

● دۆزینەوەی یەکەم بەردینەی تایبەت بە دیناسۆر لە کەنارەکانی ئینگلتەرا لەلایەن ماری ئان مانتێل.

● داهێنانی پێوەرێك بۆ پێوانەی رادەی پتەوی (رەقی)ی کانزاکان لەلایەن زانای ئەڵمانی فریدیرك مۆهس لە ئەڵمانیا.

● لە بەریتانیا، چارلس باگاج دەستی کرد بە دروستکردنی یەکەم کۆمپیوتەری میکانیکی کە مەکینەیەك بوو بۆ ژماردنی لۆگاریتم و داتاشراوە ترایگۆنۆمێترییەکان (سێگۆشەپێوی).

● خوێندنەوەی نووسینی هیرۆگلیفیی میسرییەکان لەلایەن زانای فەرەنسایی ژان فرانسوا شامپۆلیۆن.

● خنکانی شاعیری ئینگلیزی پێرسی شێلی لە ئاودا لە ئیتالیا.

1823 ● دۆکترینی مۆنرۆ: سەرەك کۆماری پێنجەمی ئەمریکا مۆنرۆ بریاری دا هەموو تەماعکارییەکی کۆلۆنیالی وڵاتە ئەوروپاییەکان بە هەرەشە دادەنرێت بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵام ئەگەر ئەوان واز لە ئەمریکا بهێنن ئەمریکاش هیچ دەست لە کاروباری ئەوروپا وەر نادات.

● دەریاگەڕی بەریتانیایی جەیمس وێدڵ رێی دەریای کرد بۆ دەریای بەستەڵەکی باشوور کە ئێستا بە ناوی خۆیەوە ناونراوە.

- 1824 یەکەم جەنگی ئاشانتی: بەریتانییەکان جەنگیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئاشانتی گانادا کرد لەسەر بازرگانی لە ڕۆژاوای ئەفریقادا.
- سەربەخۆیی پیرۆ.
- ژەنەراڵ چاکری لە سیام بەرەپاشایەکی تازەی هێنایە گۆڕێ.
- زانای فەرەنسایی سادی کارنۆت پێشنیاری ئەوەی کرد گەرماجووڵەزانی (سێرمۆدینامیك) وەك لقێکی فیزیك دابنرێت.
- 1824 – 1826 یەکەم جەنگی نێوان بەریتانیا و بورما: بەریتانیا شریتێکی کەناریی لە بورما داگیرکرد.
- 1825 سەربەخۆیی بۆلیڤیا لە ئەمریکای باشوور لەدەست ئیسپانیا.
- ڕاپەڕینی دیسامبەرییەکان: ڕاپەڕینی ئەفسەر و سەربازان لە ڕووسیا لەدژی تزار نیکۆلای یەکەم.
- دروستکردنی یەکەم شەمەندەفەری گشتی لەلایەن جۆرج ستیڤنسۆن لە ئینگلتەرا بە بەکارهێنانی بزوێنەری هەڵمی (لۆکۆمۆشن) لەسەر هێڵی ستۆکتۆن و دارلینگتۆن کە 40 کیلۆمەتر درێژبوو.
- سروشتناسی فەرەنسایی کوڤییە پێشنیاری ئەوەی کرد کە هۆی قەلاچۆبوونی زۆر لە گیانەوەرەکان بریتییە لە کارەسات.
- 1826 بەریتانیا کۆنترۆڵی وڵاتی ئاسامی کرد.



- یەکەم کۆنگرەی پانئەمریکایی لە پاناما بە بەشداری زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریکا.
- بەرهەمهێنانی یەکەم فۆتۆگراف لەلایەن داهێنەری فەرەنسایی ژۆزێف نیسیفۆر نیێپس بە ماوەی بەرکەوتنی 8 کاتژمێر (ماوەی ئیکسپۆژەر).
- 1827 شەڕی ناڤارینۆ: تێك شکانی هێزی دەریایی تورك و میسر لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنساوە لە جەنگی ئازادیی یۆناندا.
- داهێنانی یەکەم شقارتەی لێکخشاندن لەلایەن کیمیازانی ئینگلیزی جۆن وۆکەر بەبەکارهێنانی تێکەڵەی کلۆریدی پۆتاسیۆم و سولفایدی ئەنتیمۆن.
- دەستنیشانکردنی یاسای ئۆم دەربارەی بەرگری کارەبایی لەلایەن فیزیکزانی ئەڵمانی جۆرج ئۆم.
- تێبینی کردنی جووڵەی براونی ( جووڵانەوەی خۆبەسەریی تەنۆچکەکانی ناو گاز یان شلە) لەلایەن ڕووەکزانی سکۆتلاندی ڕۆبێرت براون.
- 1828 دامەزرانی وڵاتی ئوسترالیای ڕۆژوا لە ڕۆژاوای ئوسترالیا.
- سەربەخۆیی ئۆرۆگوای لەدەست بەرازیل.
- ئەندرو جاکسۆن بە سەرەك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا.
- نمایشەکانی ڤیەننای کەمانچەژەنی ئیتالیایی نیکۆلۆ پاگەنینی سنوورەکانی توانای کۆنترۆڵکردنی ئامێری مۆسیقای پێناسە کردەوە.

1829

- سەربەخۆیی یۆنان لە ئیمراتۆریەتی عوسمانی.
- لە رووسیا نیکۆلای ئیڤانۆڤیچ لاباچێڤسکی زانستی ئەندازەی هایپەربۆلیکی (ئەندازەی نائیوکلیدی) هێنایە گۆڕێ.
- لە فەرەنسا بیرکاریزان ئیڤاریست گالوا تیۆری کۆمەڵەی هێنایە گۆڕێ.
- دەستنیشانکردنی یاسای بڵاوبوونەوەی گازەکان لەلایەن کیمیازانی سکۆتلاندی تۆماس گراهام.
- ئەندازیاری ئینگلیزی جۆرج ستیفنسۆن بزوێنەرێکی تری شەمەندەفەری دروستکرد بەناوی رۆکێت.
- گەریدەی سکۆتلاندی جۆن رۆس ناوچەی موگناتیسیی پۆڵ (قوتب) ی باکووری دۆزییەوە.
- یەکەم سەرکەوتنی رۆماننووسی فەرەنسایی ئۆنۆره دو بالزاك بە بەرهەمی (فیسیۆلۆژیی هاوسەرگیری).

"یەکسانی لەوانەیە مافێك بێت، بەڵام هیچ هێزێك نیە لەسەر زەوی بیکات بە راستییەك." بالزاك

1830

- بەریتانیا دەستی گرت بەسەر ناوچەی مایسۆردا لە هندستان.
- روسیا کازاخستانی داگیرکرد.
- شۆرش و نائارامی لە فەرەنسا (لویس فلیپ بوو بە پاشا) و هۆڵاند و بەلچیکا و ئیتالیا.
- دابەشکردنی وڵاتی گران کۆلۆمبیا.
- دەرچوونی یاسای گواستنەوەی هندییە ئەمریکاییەکان لە



وڵاتە یەکگرتووەکان.

- دۆزینەوەی پرۆتین لەلایەن توێکارزانی ئەڵمانی یۆهانس موللەر.
- چاپی بەرگی یەکەمی کتێبی (بنەماکانی زەویناسی) نووسراوی زەویناسی سکۆتلاندی چارلس لەیل کە تیایادا وتبووی تەمەنی زەوی سەدان ملیۆن ساڵە.
- ئەندازیاری ئینگلیزی جۆرج ستیفنسۆن هێڵی شەمەندەفەری نێوان مانچستەر و لیڤەرپووڵی تەواوکرد کە یەکەم هێڵی شەمەندەفەری نەفەربەری بوو.
- فەیلەسوف فەرەنسایی ئۆگستین کۆنت زاراوەی کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژی) هێنایە ناوەوە.
- مۆسیقادانەری فەرەنسایی هێکتۆر بێرلیۆز بە کۆنسێرتی سیمفۆنیای نایاب (سیمفۆنی فەنتاستیك) لە پاریس ، بینەرانی کۆنسێرتی فەرەنسای حەپەساند. ئەم بەرهەمە سەرەتای سەرهەڵدانی درامای نوێی رۆمانسی بوو و رەوتی شانۆی فەرەنسایی گۆڕی.

1830 – 1848

- پاش هێرش و پەلاماری سەربازی، جەزائیر بوو بە کۆلۆنییەکی فەرەنسایی.

1831

- دامەزرانی بزوتنەوەی ئیتالیای لاو لە مارسیلیا لە فەرەنسا لەلایەن گیسیپە مازینی لە مەنفا کە ئامانجی دروستکردنی کۆمارێکی یەکگرتوو بوو لە ئیتالیا.
- یەکەم راپەرینی میللی لە لیتوانیا.
- دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان پاڵهێزی کارەبا و کایەی

موگناتیسی (ئیندەکشنی کارۆموگناتیسی) لەلایەن زانای ئینگلیزی مایکڵ فارادای کە بنەمای کاری جەنەرەیتەرو مۆتۆڕی کارەبایی و ترانسۆفۆرمەرە.

1832 • جەنگی بازی رەش لە نێوان سوپای ئەمریکا و هیندییە ئەمریکاییەکانی ساوك و فۆکس.

• داگیرکردنی دورگەکانی فۆلکلاند لە ئۆقیانووسی ئەتلەسی باشوور نزیك کەنارەکانی ئەرجەنتین.

• یەکەم یاسای چاکسازی لە بەریتانیا بوو بە هۆی گواستنەوەی دەسەڵات لە چینی سەرەوە بۆ چینی ناوەراست.

• مایکل فارادای یاسای شیکردنەوەی کارەبایی زیاتر روونکردەوە و زاراوەی (ئایۆن) ی دانا بۆ ئەو تەنۆچکانەی کە لای وابوو بەرپرسن لە گواستنەوەی تەزووی کارەبا.

• ترامی نەفەربەری لە شاری نیۆیۆرك کەوتە گەڕ.

1833 • دامەزرانی زۆلڤەراینی پروسیا کە بریتی بوو لە یەکێتی گورمرگی ئەڵمانیا بۆ رێکخستنی بازرگانی و کاریگەریی سیاسیشی هەبوو لەسەر دوورخستنەوەی نەمسا.

• یەکەم جیاکردنەوەی ئەنزیم لە لایەن کیمیازانانی فەرەنسایی ئەنسێلم پاییێن و پێرسۆز.

1834 • دامەزرانی وڵاتی باشووری ئوسترالیا.

• کۆتایی هاتنی بازرگانی کۆیلایەتی لە کۆلۆنییە بەریتانییەکان.

• زیندانی کردن و دوورخستنەوەی شەش کرێکاری کشتوکاڵی



لە بەریتانیاوە بۆ ئوسترالیا لەسەر ئەوەی نەقابەیەکیان دروستکردبوو.

1835 • ئەڵمانیا یەکەم وڵاتی ئەوروپایی بوو (پاش بەریتانیا) کە هێڵی ئاسنی دامەزراند بەبەکارهێنانی بزوێنەرێك بەناوی (دێر ئادلەر) کە جۆرج ستیفنسۆن دروستی کردبوو.

• یەکەم دروستکردنی ئاوێتەی تێتراکلۆرۆئیسیلین کە توێنەرێکی بەهێزی مادە ئۆرگانییەکانە.

• بەرهەمهێنانی یەکەم فۆتۆگراف بە داگێرۆتایپ (ئامێرێك بوو بۆ وێنەگرتن لەسەر پلێتی زیو بە یارمەتی هەڵمی جیوە) لە فەرەنسا لەلایەن ژۆزیف نییەپس و لویس داگێر.

1836 • رەوی نادیاری بۆریەرەکان (هۆڵاندییەکانی نیشتەجێی باشووری ئەفریقا) بۆ خۆرزگارکردن لە فەرمانرەوایی ئینگلیز: بەردەوام بوون تا هەرێمی ترانسڤاڵ و وڵاتی ئازادی پرتەقاڵیان دۆزییەوە و لێی نیشتەجێ بوون.

• شەڕی ئالامۆ و سان جاسینتۆ لە ئەمریکا: لە شەڕی ئالامۆدا 180 تەکساسی و ئەمریکایی بۆ ماوەی 11 رۆژ بەرامبەر هێرشی 4000 مەکسیکیدا بە سەرکردایەتیی سانتا ئانا خۆیان راگرت.

• سەربەخۆیی تەکساس لەدەست مەکسیك.

• تۆمارکردنی پەروانەی برغوویی (سکرو پرۆپێڵلەر) بەناوی فرانسیس پێتیت سمیس لە بەریتانیا.

• شوێنەوارناسی دانیمارکی کریستیان تۆمسن پۆلبەندی سەردەمەکانی کۆنی داهێنا بۆ چاخی بەرد و چاخی برۆنز و

چاخی ئاسن.

- چاپی یەکەم بەشی رۆمانی (کاغەزەکانی پیکویك) نووسراوی چارلز دیکنز کە یەکەم رۆمانی بوو.

1837
- ڤیکتۆریا بوو بە شاژنی بەریتانیا.
- سەرەتای بە کۆلۆنی بوونی نیوزیلاند.
- راپەرینەکانی پاپینوو و ماکەنزی لە لە کەنەدای سەروو و خواروو.
- راپەرین لە ئۆساکا لە ژاپۆن بەهۆی برسێتی و یاسا سەختگیرەکانەوە.

1838
- کوشتاری گەلی زولوو لە شەرِی رووباری خوێناوی لە خوارووی ئەفریقا لەکەناری رووباری نکۆمی کە ئاوەکەی بە خوێنی نزیکەی 3 هەزار زولوو سوور بووبوو.
- یەکگرتنی کەنەدای سەروو و کەنەدای خواروو پاش راپۆرتی دورهام.
- یەکەم کەشتیی هەڵمی (رۆژاوایی مەزن) کە بە مەبەستی پەرینەوە لە ئۆقیانووسی ئەتلەسی لەلایەن ئەندازیاری بەریتانیایی ئیزامبارد کینگدەم برونێل دروستکراوبوو، لەماوەی 15 رۆژدا لە شاری بریستۆڵەوە گەیشتە نیۆیۆرك.

1838 – 1842
- یەکەم جەنگی ئەفغانستان: تارومارکردنی یەکەم لیوای سوپای بەریتانیایی لە کابول.

1839
- محەمەد عەلی پاشای میسر عوسمانییەکانی شکست دا.
- کارئەندامزانی ئەڵمانی سیۆدۆر شوان پێشنیاری ئەوەی کرد کە هەموو مادەیەکی زیندوو لە خانە پێکهاتووە.



- دابەشبوونی ئەمریکای ناوەراست بۆ ژمارەیەك وڵات.
- یەکەم کۆبوونەوەی بزووتنەوەی چارتیزم لە لەندەن کە بزوتنەوەیەکی سیاسی دیموکراتی بوو داوای چاکسازی گوزەرانی چینی کرێکاری دەکرد.
"دەسەڵاتی سیاسی وەسیلەمانە، بەختەوەری کۆمەڵایەتی ئامانجمانە." دروشمی چارتیزم.
- دروستکردنی یەکەم پاسکیلی پایدەری لەلایەن ئاسنگەری سکۆتلاندی کیرکاپاتریك ماکمیلان.

1839 – 1842
- یەکەم شەرِی تریاك (ئۆپیەم): بەریتانیا چینی ناچار کرد بەندەرەکانی بکاتەوە و ئازادیی بازرگانی قەبووڵ بکات بەتایبەتی هێنانی تریاك بۆ چین و بردنی چا.

1840
- پەیمانی وەیتانگی: بەریتانیا نیوزیلاندی خستەسەر قەڵەمرەوی خۆی.
- یاسای یەکگرتنی کەنەدا.
- سولتانی مەسقەت سەعید بن سولتان ئەلسەعید ناوچەی دورگەی زانزیباری داگیرکرد کە ئێستا بەشێکە لە تەنزانیا.
- شوێنەوارناسی بەریتانیایی ئۆستین لایارد دەستی کرد بە کنەکاری لە شوێنەوارەکانی شاری نەینەوا ی پایتەختی ئاشووریەکان.
- بەردینەناسی ئەمریکایی لویس ئاگاسیس ئەوەی بۆ دەرکەوت لە رابوردوودا چاخی سەهۆڵ هەبووە.

1841
- محەمەد عەلی پاشای میسر وەك پاشای زگماکی میسر ناسرا، سەربەخۆ لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

- داگیراکردنی  ناوچەی هۆنگ کۆنگ لەلایەن بەریتانیاوە.
- لە کیشوەری بەستەڵەکی باشوور گەریدەی سکۆتلاندی جەیمس رۆس چاوی بەو بەربەستە گەورە سەهۆڵییە کەوت کە ئێستا بەناوی خۆیەوە ناونراوە.
- کرانەوەی کاروانەرێی ئۆریگۆن لە ئەمریکا کە دانیشتووانەکان بەکاریان دەهێنا بۆ کۆچ کردن لە رۆژهەلاتەوە بۆ ناوچەکانی نزیك کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئارام. ئەم رێگەیە کە گالیسکەشی پێدا دەرۆیشت زیاتر لە 3 هەزار کیلۆمەتر درێژدەبووەوە گەشتەکەش 4–6 مانگی دەخایاند.

1842
- کوشتاری دەربەندی خەیبەر لە ئەفغانستان: پاش دەرکرنیان لە کابول، هێزێکی 16 هەزاری کەسیی بەریتانیایی و هندی بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ ئێلفینستۆن دەستیان کرد بە کشانەوە بۆ جەلالاباد بەڵام هێزە ئەفغانییەکان بەسەرکردایەتی ئەکبەرخان لە لەکاتی کشانەوەدا هەموویان قەڵاچۆ کردن و تەنیا یەك کەسیان گەیشتە جەلالاباد.
- پەیمانی وێبستەر–ئاشبورتۆن سنووری نێوان کەنەدا و ولایەتی ماینی دیاری کرد.
- ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی ڤیەننا یەکەم کۆنسێرتی پێشکەش کرد.
- بەردینەناسی ئینگلیزی ریچارد ئۆوین زاراوەی دیناسۆری بۆ ئەو خشۆکانە دانە کە ئێستا قەڵاچۆ بوون و نزیکەی



200 تا 65 ملیۆن ساڵ لەمەوپێش ژیاون.
- دەستنیشان کردنی بنەمای لەناونەچوونی وزە لەلایەن زانای ئەڵمانی جولیۆس ڤۆن مایەر.

1843
- داگیرکردنی دورگەی تاهیتی لەلایەن فەرەنساوە.
- داگیرکردنی هەرێمی سند لەلایەن بەریتانیاوە.
- لە پاش راپەرین، سیستەمی فەرمانرەوایی پەرلەمانی لە یۆنان دامەزرا.
- لە ولاتە یەکگرتووەکان، یەکەم پەیامی تەلەگرافی گوازرایەوە لەلایەن سامۆئیل مۆرس.

1845
- ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەکساسی خستە سەر قەڵەمرەوی خۆی.
- یەکەم کەشتیی خێرا لەجۆری کلیپەر بەناوی (پەلکەزێرینە) لە ئەمریکا خرایە ئیش.
- یەکەم کەشتی ئاسن کە توانی لە ئۆقیانووسی ئەتلەسی بپەرێتەوە لەلایەن ئیسامبارد کینگدەم برونێل دروستکرا بەناوی بەریتانیای گەورە.

1845–1846
- گرانی (برسێتی)ی گەورەی ئێرلاند بەهۆی نەخۆشیی پەتاتەوە کە حاسلاتی پەتاتەی پەرپووت کردبوو: زیاتر لە یەك میلیۆن کەس کۆچیان کرد و نزیکەی ملیۆنێکیش مردن.

1845–1847
- راپەرینی ماورای لەدژی هێزە کۆلۆنیالییەکان لە نیوزیلاند.

1846
- ئیلغاکردنەوەی یاسای گەنمەشامی لە بەریتانیا کە گومرگی

لەسەر هاوردە دانابوو بۆ پشتگیریی بەرهەمی ناوخۆ.

- پەیمانی ئۆریگۆن سنووری نێوان ئەمریکا و ناوچەکانی سەر بە بەریتانیای لە ئەمریکا دیاری کرد و هێڵی پانی 49 کرا بە سنوور و ناوچەی ڤانکوڤەر بە بەریتانیایی مایەوە.
- جەنگی هۆسا لە ئەفریقای باشوور لەدژی هێزە کۆلۆنیالییەکانی بەریتانیا و هۆڵاند.
- فیزیکزانی ئێرلاندی ولیام تۆمپسۆن (لۆرد کیلڤین) بە پێوانی پلەی گەرمای زەوی توانی تەمەنی زەوی بخەملێنێ بە سەد ملیۆن ساڵ.
- کیمیازانی سکۆتلاندی تۆماس گراهام یاسای بڵاوبوونەوەی گاز و شلەکانی فراوانترکرد.
- پاش ئەوەی جۆن ئادامس و ئوربان لێڤێریار پێشبینی هەبوونیان کردبوو، ئاسماننناسی ئەڵمانیی یۆهان گۆتفرێد گال هەسارەی نیپتۆنی دۆزییەوە.

1846–1848
- جەنگی نێوان مەکسیك و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی ئەمەی دوایی خاکی زیاتر بەدەست بێنێ.

1847
- سەربەخۆیی لایبیریا.
- فیزیکزانی ئینگلیزی جەیمس جوول هاوتای جووڵەیی (میکانیکی) گەرمای دەستنیشان کرد.
- چاپی ڕۆمانی (جەین ئەیر) نووسراوی چارلۆت برۆنتێ و چاپی (بەرزاییەکانی وزەرینگ) نووسراوی خوشکەکەی ئەمیلی برۆنتێ لە ئینگلتەرا.



1848
- شۆڕشە کۆمارییە کەمخایەنەکان لە سەراسەری ئەورووپا.
- دامەزرانی کۆماری دووەم لە فەرەنسا.
- سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی هندییەکانی مایا لە مەکسیك.
- دامەزرانی برایەتیی پێش–ڕافائیلیی وێنەکێشەکان لە ئینگلتەرا کە کۆمەڵێك هونەرمەند بوون دژی میکانیزەکردنی هونەر.
- چاپی (مانیفێستۆی کۆمۆنیستی) نووسراوی دوو فەیلەسوف ئەڵمانی کارل مارکس و فریدریك ئینگیلز. "تارماییەیەك باڵی بەسەر ئەورووپادا شۆڕکردۆتەوە– تارمایی کۆمۆنیزم." مانیفێستۆی کۆمۆنیستی.

1849
- دەسپێکی کۆچی سەرەکیی خەڵك لە کالیفۆرنیا بەدوای زێڕدا.
- پاش جەنگی سیخەکان، بەریتانیا هەرێمی پەنجابی خستە سەر قەلەمڕەوی خۆی.

1850
- کالیفۆرینا بوو بەبەشێك لە وڵاتە یەکگرتووەکان.
- بەریتانیا کۆمەڵگا نیشتەجێییەکانی هۆڵاندی لە ڕۆژاوای ئەفریقا کڕی.
- ڕاپەڕینی تایپینگ لە چین فەرمانڕەوایی کینگی لاوازکرد، ڕاپەڕیوەکان چاکسازی بنەڕەتییان کرد و جەنگی ناوخۆ تا 1864 بەردەوام بوو.
- ئەفسەری دەریایی ئەمریکایی ماسیو فۆنتاین ماوری نەخشەی ئۆقیانووسی ئەتلەسیی کێشا و تێبینی ئەوەی کرد لە کەنارەکانیدا قووڵترە تا ناوەڕاستەکەی.

- ئەلفرێد، لۆرد تێنیسۆن، کرا بە شاعیری دەربارەی پاشایی لە بەرتیانیا لە سەردەمی شاژن ڤیکتۆریادا.

1851
- بەریتانیا شاری لاگۆسی داگیرکرد.
- کوبا سەربەخۆیی ڕاگەیاند بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.
- فیزیکزانی فەرەنسایی ژان فۆکۆ نیشانی دا کەوا زەوی دەسوورێتەوە.
- چاپی ڕۆمانی (مۆبی دیك) نووسراوی ڕۆماننووسی ئەمریکایی هێرمان مێلڤیل.
- پێشانگای نێودەوڵەتیی بازرگانی (پێشانگای گەورە) لە لەندەن ئەنجام درا بە بیرۆکەی شازادە ئەلبێرت مێردی شاژن ڤیکتۆریا.

1852
- ڕووخانی کۆماری دووەمی فەرەنسا: ناپۆلیۆنی سێیەم دەسەڵاتی گرتەدەست.
- جەنگی دووەمی بورما: بەریتانیا بورمای خوارووی خستەسەر قەڵەمرەوی خۆی بە شاری ڕانگون (یانگون) یشەوە.
- داهێنەری فەرەنسایی هێنری گلیفۆرد یەکەم کەشتیی ئاسمانی بەسەر ئاسمانی پاریس دا هەڵفڕاند کە بەهێزی هەڵم ئیشی دەکرد.
- زانای ئێرلاندی ئیدوارد سابین نیشانی دا کەوا پەیوەندی هەیە لەنێوان چالاکی پەڵە هەتاوییەکانی خۆر و گۆرانی کایەی موگناتیسی زەویدا.

1853
- جەنگی ڕووسیا و تورکیا لەسەر فەلەستین.



- بەریتانیا ناوچەی ناگپوری لە هەرێمی مەهاراشترا لە هند کۆنترۆل کرد.
- جۆرج کالەی کە بە باوکی زانستی هەواجووڵەزانی (ئێرۆدینامیك) دادەنرێت، لە بەریتانیا یەکەم فڕۆکەی لە شێوەی فڕۆکەی ئێستادا دروستکرد بەڵام بێ بزوێنەر، بە شێوەی گلایدەر کە 1.5 مەتر درێژبوو بە فڕۆکەوانێکەوە کەوتە ئاسمان لە بەریتانیا.

1853 – 1854
- مامەڵەی گادسدێن: وڵاتە یەکگرتووەکان هەندێ ناوچەی لە مەکسیك کڕی کە ئێستا دەکاتە باشووری ولایەتەکانی نیومەکسیکۆ و ئەریزۆنا.
- وڵاتە یەکگرتووەکان ژاپۆنی ناچارکرد پەیوەندی نێودەوڵەتی و بازرگانی لەگەڵ دەرەوەدا دەست پێ بکاتەوە.

1853 – 1856
- جەنگی کریمیا: جەنگی بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا و ساردینیا لەدژی ڕووسیا کە سەرەتای سەرهەڵدانی فۆتۆگراف جەنگی و پەرستیاریی پیشەیی بوو.

"ئێوە ئەی بەڕێزانی کە لە ئینگلتەران...لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانەوە ئەتوانن تەنیا بیرۆکەیەکی کەمتان هەبێ سەبارەت بەو ترس و کوێرەوەرییەی کە هاورێیە لەگەڵ ئەنجامدانی چارەسەر و نەشتەرگەری بۆ ئەم پیاوە کەنەفتانەی ئێرە کە لەسەرەمەرگدان." فلۆرانس نایتینگڵ لە نامەیەکدا لە کریمیاوە ساڵی1854.

1854
- پەیمانی ئێلگین لەنێوان بەریتانیا و ئەمریکا دەربارەی

بازرگانی لە کەنەدا.

- بیرکاریزانی ئینگلیزی جۆرج بوول بەرهەمێکی دەربارەی لۆژیکی ڕەمزی چاپ کرد کە ئێستا پێی دەوترێت جەبری بوولی.
- لە ئەلمانیا، پیانۆژەنی هەنگاری فرانس لیس یەکەم نمایشی بۆ هۆنراوە ڕەمزییەکانی پێشکەش کرد.

"بۆ ئێمەی مۆسیقار، کارەکانی بیتهۆڤن وەك ئەو ستووتی دووکەڵ و ئاگرانە وان کە ڕێ نیشاندەری ئیسرائیلییەکان بوون بەناو بیاباندا." فرانس لیست.

1855
- پەیمانی پیشاوەر لە نێوان بەریتانیا و ئەفغانستان دا بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی.
- ڕووخانی سانتا ئانا لە مەکسیك و دەستپێکی چاکسازیی لیبرالی.
- کیمیازانی ئەڵمانی ڕۆبێرت ڤۆن بونسێن فتیلەی بونسێنی داهێنا کە تەباخێکی بچووکی گازی بوو بۆ بەکارهێنان لە تاقیگەدا.
- تۆمارکردنی یەکەم بروانامەی داهێنان بۆ بەرهەمهێنانی ڕیشاڵی دەسکرد لە نیتراتی سلیلۆز (نیترۆسلیلۆز).
- مردنی فەیلەسوفی دانیمارکی سۆرێن کیێرکیگارد دامەزرێنەری فەلسەفەی هەبوونپەروەری (ئێگزیستێنسیالیزم).
- شاعیری ئەمریکایی والت ویتمان دیوانی (گەڵاکانی گیا) ی چاپ کرد.



1856
- بەریتانیا شانشینی ئوودی لە باکووری هندستان کۆنترۆڵ کرد.
- دورگەی تاسمانیا لە نزیك ئوستراليا فەرمانرەوایی خۆیی گرتە دەست.
- جەنگی بەریتانیا و ئێران پاش داگیرکردنی ناوچەی هەرات لە ئەفغانستان لەلایەن قاجارییەکانی فەرمانرەوای ئێرانەوە: سوپای ئینگلیز سەرکەوت و ئێران وازی لە داواکردنی هەرات هێنا.
- داهێنانی ڕێگەیەکی هەرزان بۆ دروستکردنی پۆڵا لە بەریتانیا لەلایەن کانزازان هێنری بێسمەر.
- دروستکردنی یەکەم کارخانەی دروستکردنی بۆیەی دەستکرد لە بەریتانیا لەلایەن کیمیازانی ئینگلیزی ولیام هێنری پێرکین. یەکەم بۆیەی دەستکرد بریتی بوو لە ئەنیلینی مۆر (مۆڤین).
- دانانی بنەمای مایکرۆبایۆلۆجی (وردەزیندەوەرزانی) لەلایەن کیمیازانی فەرەنسایی لوی (لویس) پاستۆر پاش ئەوەی ڕوونی کردەوە کەوا پرۆسەی ترشان بەهۆی وردەزیندەوەرەوە ڕوودەدات.

1857
- چاپی ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری) نووسراوی ڕۆماننووسی فەرەنسایی گوستاڤ فلوبێر.

1857 – 1858
- یاخیبوونی سەربازە هندییەکانی سوپای بەریتانیایی لەدژی فەرمانرەوای بەریتانیا کە لە هەندێ شوێنی هندستان بووە مایەی ڕاپەڕینی گشتی. ڕاپەرینەکە سەرکوت کرا و

حکومەتی بەریتانیا دەسەڵاتی لە کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات وەرگرتەوەو ڕاستەو خۆ حوکمی هندستانی گرتەدەست.

1857 – 1882
- لە بەریتانیا دەرچوونی (یاسای موڵکی ئافرەتی شووکردوو) : چیتر مولکی ئافرەتی شووکردوو بە پێی یاسای نەدەبوو بەهی مێرد.

1858
- پەیمانی ئایگون: ڕووسیا ناوچەی ئاموور لە چین دەسکەوت.
- داگیرکردنی ڤێتنام لەلایەن فەرەنساوە.
- دانانای یەکەم کێبڵی تەلەگراف لەنێوام هەردوو بەری ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا.
- بیرکاریزانی بەریتانیایی ئارسەر کایلی کۆمەڵێك خشتەی ڕێکخراوی دانا بۆ ئەنجامدانی پرۆسە ژمێرەییەکان.
- کیمیازانی ئیتالیایی ستانیسلاو کانیزارۆ جیاوازی نێوان بارستەی ئەتۆمی (گەردیلە) و بارستەی مۆلیکیول(گەرد)ی دەستنیشانکرد.

1859
- جەنگی فەرەنسا و ساردینیا لەدژی نەمسا.
- دەرکردنی نەمساییەکان لە ناوچەی لۆمباردی لە ئیتالیا.
- جەنگی ئیسپانیا و مەراکیش.
- فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن ستیوارت میل کتێبی (دەربارەی ئازادی) چاپ کرد کە سەرچاوەیەکی کلاسیکییە سەبارەت بە لیبرالیزم.
- ئەنجامدانی شیکردنەوەی شەبەنگی (ناسینەوەی مادەکان



بە پێی شەبەنگی ڕووناکی ) لە ئەڵمانیا لەلایەن زانایان ڕۆبێرت ڤۆم بونسێن و گوستاڤ کیرچهۆف.
- لێدانی یەکەم بیری نەوت لە ناوچەی تیتوسڤیل لە پەنسلڤانیای ئەمریکا لەلایەن ئێدوین درەیك.
- تەرجەمەی چوارینەکانی عومەر خەییام لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی لەلایەن ئێدوارد فیتزجێراڵد.
- چاپی کتێبی (بنچینەی جۆرەکان) نووسراوی سروشتناسی ئینگلیزی چارلس داروین کە تیایدا تیۆریی پەرەسەندنی جۆرەکانی زیندەوەری لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی سروشتی خستەڕوو.

"چی لەوەزیاتر مایەی تێڕامانە کەوا دەستی مرۆڤ کە بۆ شتگرتن دروستبووە، دەستی مشکەکوێرە کە بۆ زەوی دڕین دروستبووە.... و باڵی شەمشەمەکوێرە کە بۆ فڕین دروستبووە، هەموویان ئەبێ بە هەمان شێوە بن و ئەبی هەمان ئێسکیان تێدا بێت و شوێنی ئەم ئێسکانەش لەچاو یەکتریدا وەك یەك بێت؟" چارلس داروین لە کتێبی (بنچینەی جۆرەکان).

1860
- کۆتایی جەنگی تریاك: بەریتانیا و فەرەنسا پەکینیان داگیرکرد.
- گیسیپێ گاریباڵدی ناوچەکانی ناپۆلی و سیسیلی (سقلیە) ی بەدەست هێنا بۆ شانشینی ئیتالیا کە خەریکی دروستکردنی بوو.
- دروستکردنی بزوێنەرێك کە بە سووتانی ناوەکی (احتراق

داخلی) بە سووتەمەنی گاز ئیشی دەکرد لەلایەن ئەندازاری فەرەنسایی ژان ئیتیان لێنوار.

1860 – 1872
- ڕاپەڕینی مائۆری لە نیوزیلاند.

1861
- دەستپێکی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا نیسانی 1861 پاش جیابوونەوەی یازدە ولایەتی باشووری وڵاتە یەکگرتووەکان و پێکهێنانی کۆنفیدراسیۆنی وڵاتەکای ئەمریکا. ئەم وڵاتانە پەلاماری سوپای وڵاتە یەکگرتووەکانیان دا لە کارۆلینای باشوور و جەنگی ناوخۆ سەری هەڵدا کە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەبراهام لینکۆلن بوو. ساڵی 1865 جەنگ بە خۆبەدەستەوەدانی کۆنفیدراسیۆن کۆتایی هات.
- لاگۆس کەوتە ژێر فەرمانرەوایی بەریتانیا.
- ئازادکردنی کۆیلەکان لە ڕووسیا.
- ڤیکتۆر ئیمانۆیلی دووەم کرا بە پاشای ئیتالیا.
- پێناسەکردنی کیمیای ئۆرگانی وەك کیمیای ئاوێتە کاربۆنییەکان لەلایەن کیمیازانی ئەڵمانی فریدریك کێکولە ڤۆن شترادۆنیتز.
- کیمیازانی بەلجیکایی ئێرنێست سۆلڤای بروانامەی داهێنانی تۆمارکرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی کاربۆناتی سۆدیۆم لە کلۆریدی سۆدیۆم و ئەمۆنیا. یەکەم کارخانەی بەرهەم هێنانیش ساڵی 1863 دامەزرا.

1862
- ئۆتۆ ڤان بسمارك بوو بە سەرەك وەزیرانی پروسیا.
- شازادە ئۆتۆی خەڵکی باڤاریا لەسەر تەختی پاشایەتی



یۆنان لابرا و شازادە جۆرج خەڵکی دانیمارك چووە شوێنی.
- کانزازانی ئینگلیزی ئەلێکساندەر پارکس یەکەم پلاستیکی دەسکردی دروستکرد (پارکێسین یا زایلۆنایت) لە نیتراتی سلیلۆز ڕۆنی ڕووەکی و کافوور. ئەم مادەیە پێشەنگی مادەی سلیلۆید بوو.
- هیمۆگلۆبین جیاکرایەوە.
- دروستکردنی شەستیر (ڕەشاش) لە ئەمریکا لەلایەن ریچارد گاتلینگ و بەکارهێنانی لەدژی هندییە ئەمریکاییەکان.
- چاپی ڕۆمانی (باوکان و کوڕان) نووسراوەی ڕۆماننوسی ڕووسی ئیڤان تۆرگینێڤ.
- چاپی ڕۆمانی (بێنەوایان) نووسراوی ڕۆماننوسی فەرەنسایی ڤیکتۆر هوگۆ کە بە شێوەیەکی بەرچاو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خستەڕوو.

1863
- کەمبۆدیا بوو بە ناوچەیەکی پارێزراوی ژێردەستی فەرەنسا.
- ئیلغاکردنەوەی کۆیلایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆلۆنییەکانی هۆڵاند.
- داگیرکردنی مەکسیك لەلایەن فەرەنساوە.
- دۆزینەوەی مادەی تەقینەوەی ترای نایترۆ تۆلوین (تی ئێن تی) لەلایەن کیمیازانی ئەڵمانی جۆزیف ویلبراند.
- نیشاندانی تابلۆی (سەیرانی سەر گیا) ی هونەرمەندی فەرەنسایی ئێدوارد مۆنێ بۆ یەکەمجار لە پاریس بووە مایەی مشتومڕ چونکە وێنەی ئافرەتی تەواو ڕووتی تێداییە

لەگەڵ پیاوی تەواو پۆشتەدا.

- رۆماننوسی رووسی لیڤ تۆلستۆی دەستی کرد بە نووسینی رۆمانی (جەنگ و ئاشتی).
- دامەزرانی یەکێتیی تۆپی پێ لە بەریتانیا.

1864
- جەنگی دانیمارک و فەرەنسا لەدژی هاوپەیمانێتیی ئەڵمانیا: دانیمارک ناوچەی شویلیویگ–هۆلشتاین ی لەدەست چوو.
- لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکادا ژەنەراڵی سەر بە یەکێتی (وڵاتە یەکگرتووەکان) بە ناو جۆرجیادا گوزەری کرد و ئالابامای داگیرکرد.
- بە پشتیوانی ناپۆلیۆنی سێیەم ئیمپراتۆری فەرەنسا، ماکسیمیلیان سەر لە خانەوادەی هابسبۆرگ کرا بە ئیمپراتۆری مەکسیک.
- ولیام سیمێنس و پیار ئیمیل مارتن رێگەیەکیان داهێنا بۆ دروستکردنی پۆڵا، رێگەی سیمێنس–مارتن (رێگەی ئاگردانی کراوە).

1865
- تەسلیم بوونی ولایەتەکانی سەر بە کۆنفیدراسیۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆتایی جەنگی ناوخۆ.
- کوژرانی سەرۆکی ئەمریکا ئەبراهام لینکۆلن بەدەستی ئەکتەری ناسراوی ئەوکاتە جۆن ویلکیس بووس کە هاوسۆزی کۆنفیدراسیۆنییەکان بوو، لە شانۆخانەی فۆرد لە واشنگتۆن. جۆن بە سواری ئەسپ خۆی دەرباز کرد بەڵام دوای 12 رۆژ دۆزرایەوە و کوژرا.
- راپەرین لە جامایکا.



- چاپی چیرۆکی کلاسیکیی منداڵان (ئەلیس لە وڵاتی سەیرو سەمەرە) نووسراوی لویس کارۆل لە بەریتانیا.
- یەکەم نمایشی سیمفۆنیای (سیمفۆنیای ناتەواو) بەرهەمی مۆسیقادانەری نەمسایی فرانس شوبێرت ساڵی 1822.

1866
- جەنگی نەمسا و پروسیا.
- راپەرینی دورگەی کریت دژی تورکەکان.
- زیندەوەرزانی نەمسایی جۆرج مەندڵ یەکەم کەس بوو لێکۆڵینەوەی لەسەر بۆماوە ئەنجام دا بە تاقیکردنەوە لەسەر فاسۆلیا بەڵام زۆر نەناسرا.
- چاپی رۆمانی (تاوان و سزا) نووسراوی رۆماننوسی رووسی فیۆدۆر دۆستۆیێڤسکی.

" بە بێ خودا هەموو شتێك مومکینە." دۆستۆیێڤسکی.

1867
- دەرچوونی دووەم (یاسای چاکسازی گەورە) لە بەریتانیا.
- دامەزرانی کۆنفیدراسیۆنی باکووری ئەڵمانیا بە رابەرایەتیی پروسیا.
- لابردنی فەرمانرەوایی شۆگونەیت و گێرانەوەی دەسەڵات بۆ ئیمپراتۆر و دانانەوەی ئیمپراتۆر مایجی تینۆ.
- دامەزرانی قەڵەمرەوی کەنەدا.
- کۆتایی هێنان بە ناردنی تاوانبارەکانی بەریتانیا بۆ ئوستراليا.
- کرینی ئالاسکا لە رووسیا لەلایەن ئەمریکاوە بە نزیکەی 7 ملیۆن دۆلار.
- فەرەنساییەکان مەکسیکیان چۆڵ کرد: ئیمپراتۆر

ماکسیمیالیان ئیعدام کرا.

- بروانامەی داهێنانی دینامیت بەناوی کیمیازانی سویدی ئەلفرێد نۆبڵ تۆمارکرا.
- چاپی یەکەم بەرگی کتێبی (سەرمایە) نووسراوی فەیلەسووفی ئەڵمانی کارل مارکس.
- ئیمیل زۆلا بە رۆمانی (سامانی خانەوادەی روگۆن) نووسینی رۆمانەکانی دەست پێکرد.
- یاساکانی یاریی بۆکسێن (یاساکانی کوینسبێری) لە بەریتانیا دانران.
- رەوتی سوپای گاریبالدی بەرەو رۆما.

"من ناتوانم نە بەڵێنی پارەتان پێبدەم نە مەدالیا، من بەڵێنی برسێتی و تینوێتی و رەوتی سەربازی ناچاری و مردنتان پێ دەدەم. هەرکەس وڵاتەکەی خۆش دەوێت با دوام بکەوێت." گاریبالدی.

1868
- باسوتۆلاند (لیسۆتۆ) بوو بە ناوچەیەکی پاراستەی بەریتانیا.
- پتەوبوونی دەسەڵاتی سوپا لە ئیسپانیا.
- دامەزرانی گروپی نهێنیی رەگەزپەرستی کوکلوکس کلان لە وڵاتە یەکگرتووەکان کە دژی رەشەکان و ئازادیی کۆیلەکان بوو.
- جەنگی نێوان کوبا و ئیسپانیا.
- بەستنی یەکەم کۆنگرەی نەقابەکانی کرێکاران.

1869
- کرانەوەی کەناڵی سویس لە میسر کە کاری دروستکردنی



ساڵی 1859 دەست پێکرابوو.

- سەرەتای بەرفرانبوونی دەسەلاتی کۆلۆنیالیی ئیتالیا لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەفریقا.
- سەرەتای (یاخیبوونی رووباری سوور) لە کەنەدا.
- دامەزرانی پارتی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی ئەڵمانیا کە لەساڵی 1875 ـەوە بوو بە پارتی سۆسیال دیموکرات و یەکەم پارت بوو بانگەشەی بۆ گۆڕانی بەرەبەرە بەرەو سۆسیالیزمی دیموکراسی کرد لە ناو پێکهاتە سیاسییەکاندا.
- زانای رووسی دیمیتری مەندەلییێڤ نەخشەی دەوریی توخمەکانی لەسەی بنچینەی کێشی ئەتۆمی بەرفراوان کرد و لە خشتەکەدا شوێنی بۆ ئەو توخمانە بەجێ هێشت کە هێشتا نەدۆزرابوونەوە.
- دۆزینەوەی مادەی بۆماوەیی دیئۆکسی رایبۆنیوکلیك ئەسید (D NA) لەلایەن پزیشکی سویسرایی فریدریك مایشلەر.
- تەواوبوونی یەکەم هێڵی ئاسنی سەراسەری لە وڵاتە یەکگرتووەکان.
- دروستکردنی سلیلۆید بۆیەکەمجار لە نیتراتی سلیلۆز و کافور.

1870
- جەنگی فەرەنسا و پروسیا کە بووە هۆی رووخانی ئیمپراتۆریەتی دووەمی فەرەنسا.
- دامەزرانی کۆماری سێیەم لە فەرەنسا بە رووخانی

ئیمپراتۆر لویس ناپۆلیۆن: کۆماری سێیەم تا داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە ساڵی 1940بەردەوام بوو.

- رۆما چووە ژێر فەرمانرەوایی ئیتالیا: تەواوبوونی یەکگرتنی ئیتالیا.
- نمایشی بالێی (کۆپێلیا) بەرهەمی مۆسیقادانەری فەرەنسایی لیۆ دێلیبیس.

1871
- کۆمۆنەی پاریس: یەکەم حکومەتی سۆسیالیستی لە جیهاندا کە ماوەی دوو مانگ (مارت–ئایار) حوکمی پاریسی کرد و بە شەڕ کۆتایی پێ هێنرا.
- دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا: ئیمپراتۆر ولیامی یەکەم و راوێژکاریش (سەرەك وەزیران) بسمارك بوو.
- ناوچەی بریتیش کۆلۆمبیا و ڤانکوڤەر پەیوەندییان کرد بە قەڵەمرەوی کەنەداوە.
- بەریتانیا مەیدانەکانی ئەڵماسی لە ئەفریقای باشوور خستە سەر قەڵەمرەوی خۆی.
- ململانێی چەکداری لەنێوان نیشتەجێ تازەکان و ئەپاچییەکان لە ئەمریکای باکوور.
- شوێنەوارناسی ئەڵمانی هاینریخ شلێمان دەستی کرد بە کنەکاری لە شاری ترۆی (تەروادە) ی یۆنان.
- چاپی یەکەم بەشی رۆمانی (ناوەراستی مارت) نووسراوی رۆماننووسی بەریتانیای جۆرج ئەلیۆت.
- دامەزرانی یەکێتی تۆپی پێی روگبی لە ئینگلتەرا.

1872
- دەرکردنی ئەنارشیست (ئاژاوەگێڕ) ی رووسی میخایل



باکۆنین لە ئینتەرناسیۆنالی یەکەم (لیژنەی هاوئاهەنگیکاری سۆسیالیزم) لەلایەن کارل مارکسەوە.

- تەواوبوونی میمۆریاڵی ئەلبێرت لە لەندەن کە دیزاینی تەلارسازی بەناوبانگی شێوازی گۆتیك گیلبەرت سکۆت.
- یەکەم پێشبڕکێی ساڵانەی یەکێتیی تۆپی پێی بەریتانیایی لە ئینگلتەرا و وێڵز ئەنجام درا.

1873
- دووەم جەنگی ئاشانتی لە میانەی داگیرکردنی رۆژاوای ئەفریقا لەلایەن بەریتانیاوە.
- فیزیکزانی سکۆتلاندی جەیمس ماکسوێل پێشنیاری ئەوەی کرد رووناکی بریتییە لە تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسی.

1874
- بەریتانیا دوورگەکانی فیجی خستە سەر قەڵەمرەوی خۆی.
- دامەزرانی کۆلۆنیی کەناری زێڕ (گانا) لەلایەن بەریتانیاوە.
- یەکەم سەرکەوتنی نووسەری ئینگلیزی تۆماس هاردی بە چاپی رۆمانی (دوور لە خەڵکە وروژاوەکە).
- ئەنجامدانی یەکەم پێشانگی هونەری ئیمپریسۆنیزم (ئینتیباعیەت) لە فەرەنسا.
- داهێنانی تۆپی پێی ئەمریکایی لە زانکۆی هارڤارد.

1875
- یەکەم بەرهەمی هاوکاریی نێوان مۆسیقادانەر ئارسەر سولیڤان و ئۆپێرانووس گیلبەرت: یەکەم نمایشی ئۆپێرای (دادگایی) لە بەریتانیا.

1876
- شەڕی لیتڵ بیگ هۆرن لە ئەمریکا لەلایەن هندییەکانی سیوکس و چیان بە سەرکردایەتی سیتین بوڵ و کرەیزی هۆرس لە دژی سوپای ئەمریکا کە توانییان هێزی سوارەی

ژەنەراڵ کەستەر تارومار بکەن.

- سەربەخۆیی کۆریا.
- کوشتاری بولگارییەکان بەدەستی تورک: راپەرینی بولگارییەکان لەدژی فەرمانرەوایی عوسمانی و کوژرانی زیاتر لە 5 هەزار کەس تەنیا لە ناوچەی باتاک.
- نمایشی یەکەم سیمفۆنیای مۆسیقادانەری ئەڵمانی یۆهانس برامس بە ناوی سیمفۆنیای یەکەم.
- داهێنەری ئەڵمانی نیکۆلۆس ئۆگۆست ئۆتۆ بۆ یەکەمجار سووڕی لێدانی چواریی داهێنا کە ئەمرۆ لە بزوێنەری سووتانی ناوەکیدا بەکاردێت.
- زانای سکۆتلاندی گراهام بێڵ بروانامەی داهێنانی تەلەفۆنی بەناوی خۆیەوە تۆمارکرد.

1877
- شاژن ڤیکتۆریای بەریتانیا بوو بە ئیمپراتۆری هندستان.
- یاخیبوونی ساتسوما لە ژاپۆن: سەرکوتی راپەرینی ساموراییەکان لەلایەن سوپای ئیمپراتۆری تازە دامەزراوەوە.
- بەریتانیا ناوچەکانی ترانسڤال و وڵاتی ئۆرانجی ئازادی لە خوارووی ئەفریقا خستە سەرقەڵەمرەوی خۆی.
- دوا جەنگی ئیکسۆسا لە باشووری ئەفریقا.
- فیزیکزانی بەریتانیایی جۆن راڵەی تیۆرییەکی دانا دەربارەی دەنگ کە دەڵێت دەنگ بریتییە لە لەرینەوە لە ناوەندێکی لاستیکیدا.
- داهێنەری ئەمریکایی تۆماس ئەلڤا ئەدیسۆن ئامێری



فۆنۆگرافی دروستکرد بەڵام کەسێکی ئەوتۆ بایەخی پێ نەدا.

- یەکەم نمایشی بالێی (دەریاچەی قوو) بە مۆسیقای چایکۆڤسکی لە مۆسکۆ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەهۆی خراپی بەرهەم هێنانەوە.
- یەکەم یاریی ئەزموونیی کریکێت لە میلبۆرن لە ئوستڕالیا لەنێوان تیپەکانی ئینگلتەرا و ئوستڕالیادا.
- یەکەم پاڵەوانێتیی تێنس لە ویمبڵدن لە باشووری لەندەن.

1877–78
- جەنگی تورک و رووس.

1878
- کۆنگرەی بەرلین: هێزە ئەوروپاییەکان نەخشەی سنوورکانی ناوچەی بەڵکانیان کێشایەوە.
- پاش جەنگی سەربەخۆیی لەدژی تورک، سێربستان بوو بە شانشینێکی سەربەخۆ.
- جەنگی دووەمی ئەفغانستان: بەریتانیا کابوولی داگیرکرد.
- دۆزینەوەی وێنەی کێشراو لە سەردەمی چاخی بەرد دا لە ئالتامیرا لە ئیسپانیا.
- داهێنانی یەکەم تیوبی خاڵیی تیشکی کاسۆد لەلایەن زانای ئینگلیزی ولیام کروکس.

1879
- پەیمانی سان ستیفانۆ لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و رووسیادا.
- هاوپەیمانێتیی دوانی لە نێوان ئەڵمانیا و نەمسا کە بەشێک بوو لە سیاسەتی بسمارک بۆ رێگرتن لە جەنگ.

- هەڵگیرسیانی جەنگەکانی زولوو لە ئەفریقای باشوور لەنێوان بەریتانیا و بۆیەرەکان.
- بەریتانیا و فەرەنسا کۆنترۆڵی میسریان کرد.
- جەنگی پاسیفیك: چیلی سوپای پیرۆ و بۆلیڤیای شکست دا بەمەش بۆلیڤیا کەنارە ئاوییەکانی لەدەست دا.
- داهێنانی گڵۆپی کارەبا لەلایەن تۆماس ئەدیسۆنەوە.
- داهێنانی پرۆسەی وێنەگرتن بە هەڵکەندنی سەر پلێت (فۆتۆگراڤۆر).
- ئێرنێست وێرنەر ڤۆن سیمینس لە ئەڵمانیا شەمەندەفەرێکی کارەبایی نیشان دا.
- چاپی شانۆگەریی (ماڵی بووکەشووشە) نووسراوی نووسەری نەرویجی هێنریك ئیبسن لە دانیمارك کە یەکێك بوو لە نموونەکانی سەرەتای ریالیزم لە شانۆی ئەورووپادا.

1880
- فەرەنسا دوورگەی تاهیتی لە خوارووی ئۆقیانووسی ئەتلەسی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی.
- دۆزینەوەی دیاردەی کریستاڵکارەبایی ( بەرهەمهێنانی کارەبا بە گوشاری میکانیکی لەسەر کریستاڵی وەك کوارتز) لەلایەن زانای فەرەنسایی پیار کیوری.

1881
- یەکەم جەنگی ئەفریقای باشوور لەنێوان بۆیرەکان و بەریتانیا.
- یەکەم چەوساندنەوەی رێکخراوی جووەکان لە رووسیا و پۆڵۆنیا.
- داگیرکردنی تونس لەلایەن فەرەنساوە.



- راپەرینی نەتەوایەتی لە میسر دژی فەرەنساییەکان.
- دەستپێکی راپەرینی نەتەوایەتی سوودان لە دژی میسر.

1882
- پێکهاتنی هاوپەیمانێتیی سیانی لە نێوان ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتالیا.
- فەرەنساییەکان میسریان بەجێ هێشت بۆ بەریتانیا کە ئەمانیش قاهیرەیان داگیرکرد.
- داگیرکردنی هانۆی لە ڤێتنام لەلایەم فەرەنساوە.
- بەکتریازانی ئەڵمانی رۆبێرت کۆخ ئەو بەکتریایەی جیاکردەوە کە بەرپرسیارە لە تووشکردنی مرۆڤ بە نەخۆشیی سیل.

1883
- کرانەوەی ئۆپێراخانەی مێترۆپۆلیتان لە نیویۆرك بە نمایشی ئۆپێرای ( فاوست ) بەرهەمی چارلس گونۆد.
- فەرەنسا پەیکەرە گەورەگەی نیویۆرکی (پەیکەری ئازادی) پێشکەش بە ئەمریکا کرد کە پەیکەرتاشی فەرەنسایی فریدریك بارتۆلدی دروستی کردبوو.
- تەلارسازی ئیسپانیایی ئەنتۆنیۆ گاودی دەستی کرد بە دروستکردنی کەنیسەی ساگرادا فامیلیا (خێزانی پیرۆز) لە بەرشلۆنە لەسەر شێوازی هونەری نوێ و تەلارسازیی گۆتیکی نوێ.
- وێنەکێشی فەرەنسایی کلۆد مۆنێ لە ناوچەی گیڤێرنی لە باکووری فەرەنسا نیشتەجێ بوو. ئەو باخچەو گۆمەی لەوێ دروستی کرد ئیلهامبەخشی زۆر تابلۆی بوون.
- سەرەتای چاپی کتێبی (زەردەشت ئاوای گوت) نووسراوی

فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریك نیچە  کە تیایدا ئاینی مەسحیی وەك کۆیلایەتییەکی ئەخلاقی رەفز کرد و چەمکی سوپەرمانی هێنایە کایەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان بەجێ هێشت.

1884
- کۆنفرانسی بەرلین ململانێی دابەشکردنی ئەفریقای توندترکرد: بەلچیکا و فەرەنساو ئەڵمانیا و پورتوگال و بەریتانیا ئەو کیشوەرەیان لە نێوان خۆیاندا بەشکرد. باشووری رۆژاوای ئەفریقا و تۆگۆلاند و کامیرۆن بەر ئەڵمانیا کەوت.
- وڵاتی ئانام بوو بەشێك لە ناوچەی هندوچینی ژێر حوکمی فەرەنسا.
- نەخۆشیزانی ئەڵمانی–سویسرایی ئێدوین کلێبس توانی بەکتریای نەخۆشیی دیفتریا (خەناق) جیابکانەوە.
- کیمیازانی سویدی سڤانتە ئارێنیۆس پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئیلیکترۆلایتەکان (پێکهاتەی ئەو گیراوە شلانەی کە کارەبا دەگەیەنن) شی دەبنەوە بۆ ئایۆن، ئەتۆم یا کۆمەلە ئەتۆم کە یا بارگەی پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤیان هەیە).
- دۆزینەوەی شەستیری (رەشاش) ئۆتۆماتیکی لەلایەن داهێنەری ئەمریکایی هیرام ماکسیم.
- چاپی رۆمانی (سەرکێشییەکانی هەکلبێری فین) نووسراوی نووسەری ئەمریکایی مارك تویەن.
- پەیکەرتاشی فەرەنسایی ئۆگوست رۆدین دەستی کرد بە دروستکردنی کۆپەیکەری برۆنزیی بۆرجوازییەکانی کالیێ کە



بەرهەمێکی ریالیسیتی بوو.

1885
- داگیرکردنی تانگانیکا و زەنزیبار لە ئەفریقا لەلایەن ئەڵمانیاوە.
- جەنگی بەریتانیاو بورما: بەریتانیا بەشی سەرووی بورمای داگیرکرد و ئەوی تریشی چووە سەر هندستان.
- لیۆپۆڵدی دووەم پاشای بەلچیکا وڵاتی سەربەخۆی کۆنگۆی دامەزراند ( زایر ی ئێستا) و پاشان بە چەوساندنەوە سامانێکی زۆری لە خاکی ئەو وڵاتە بەدەست هێنا.
- تیپێکی سووپای بەریتانیا کە لە خەرتووم لە سوودان نیشتەجێ بوو پاش ئابلووقەیەکی زۆر کەوتە دەستی هێزە نەتەوەپەروەرەکان.
- تەواوبوونی هێڵی ئاسنی سەراسەریی کەنەدا لە شاری مۆنتریاڵەوە لە رۆژهەڵات تا شاری پۆرت موودی لە بریتیش کۆلۆمبیا لە رۆژاوای کەنەدا.
- دامەزرانی پارتی (کۆنگرەی نەتەوەیی هندستان) کە رابەرایەتیی خەباتی دژی فەرمانرەوایی بەریتانیای دەکرد.
- لە ئەڵمانیا ئەندازیار گۆتلیێب دایملەر بزوێنەرێکی پێترۆلیی سووکی دروستکرد و بەستی لە پاسکیلێك و شتێکی وەك ماتۆری لێ دروستکرد. کارل بێنز ئەو بزوێنەرە سووکەی بەست لە گالیسکەیەکی سێ تایەیی و بوو بە پێشەنگی دروستکردنی ئۆتۆمبیل.
- لە فەرەنسا لویس پاستۆر ڤاکسینی دژی نەخۆشیی هاریی

بەرهەم هێنا.

1886
- ئیسپانییەکانی کۆتاییان بە کۆیلایەتیی هێنا لە کوبا.
- دامەزرانی کۆمپانیای پادشاهیی نایجەر: لاگۆس بوو بە کۆلۆنییەکی بەریتانیایی.
- لە ئەڵمانیا ئەندازیار گۆتلێب دایملەر یەکەم بەلەمی دروستکرد کە بە بزوێنەری سووتانی ناوەکی کاری دەکرد. هەروەها بزوێنەرەکەی بەست لە گالیسکەیەکەی چوار تایەیی و یەکەم ئۆتۆمبیلی چوار تایەیی دروستکرد.
- داهێنانی مەکینەی لینۆتایپ بۆ چاپکردن بە کانزای گەرم لە ئەمریکا لەلایەن ئۆتمار مێرگێنتالەر.
- هونەرمەندی فەرەنسایی ژۆرژ سورا تابلۆی (یەکشەممە لە دورگەی لا گرانت ژات) ی وێنە کێشا لەسەر شێوازی ئیمپرێسیۆنیزمی نوێ.

1887
- فیزیکزانی ئەڵمانی هاینریخ هێرتز پێشبینیی هەبوونی شەپۆلی رادیۆیی کرد.
- نووسینی ئۆپێرای (ئۆتێللۆ) لەلایەن مۆسیقادانەری ئیتالیایی گیسیپە ڤێردی.

1888
- کۆتایی هاتنی کۆیلایەتی لە بەرازیل.
- وێنەگر و داهێنەری بەریتانی ولیام فریس گرین بروانامەی داهێنانی کامێرای وێنەی جووڵاوی بەناوی خۆیەوە تۆمارکرد.
- هونەرمەندی پاش–ئیمپرێیسۆنیستی هۆڵاندی ڤینسانت ڤان کۆخ دوای دەمەقاڵەیەك لەگەڵ هاورێی وێنەکێشی پۆڵ



گۆگان، گوێچکەی خۆی بڕی.
- نووسینی شانۆگەریی خاتوو جوولی لەلایەن نووسەری سویدی ئۆگوست سترینبێرگ.
"بەلای منەوە شانۆنووس وەك ئامۆژگاریکەرێکی ئاسایی وایە کە بیرۆ بۆچوونەکانی سەردەمی خۆی بە شێوەیەکی میلیی بە خەڵك دەفرۆشێتەوە." ئۆگوست سترێنبێرگ.

1889
- ئیتالیا کۆنترۆڵی ئەسیوپیای کرد.
- یەکگرتنی ئەبیسینیا (ئەسیوپیا) لەلان شا مەنەلیکی دووەمەوە.
- مانگرتنی لەنگەرگای لەندەن.
- بەرازیل بوو بە رژێمێکی کۆماری.
- ئاسماناسی ئەمریکایی ئێدوارد بارنارد یەکەم وێنەی گالاکسیی رێگای کاکێشانی گرت.
- ئەندازیاری فەرەنسایی گوستاڤ ئیفێل بورجێکی ئاسنی دروستکرد (بورجی ئیفلێ) وەك پێکاهاتەیەکی کاتی بۆ پێشانگای نێودەوڵەتیی پاریس.

1890
- دامەزرانی وڵاتی رۆدیسیا.
- بەریتانیا ئۆگەندای خستە ژێر رکێفی خۆی.
- بەریتانیا دورگەی زانزیباری لە دەست ئەڵمانیا دەرهێنا.
- شەڕی ئەژنۆی بریندار: دوا شەڕی گەورەی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و هندیە (سوورە)کانی ئەمریکا.
- چاپی یەکەم کتێبی وردەکاری دەربارەی دەروونزانی بە ناوی (بنەماکانی دەروونزانی) نووسراوی دەروونزانی

ئەمریکایی ولیام جەیمس.

- لە بەریتانیا پزیشکی بەریتانیایی جۆزیف لیستەر نەشتەرگەری ئەنجام دا کە لەگەڵ بەکارهێنانی مادەی پاکژکەرەوەدا.
- زەویناسی ئینگلیزی ئارسەر هولمس بەبەکارهێنانی دیاردەی تیشکاوەری (رادیۆئەکتیڤیتی) توانی تەمەنی بەردەکان بخەملێنێت و بەمەش دەری خست تەمەنی زەوی بریتییە لە 4,6 هەزار ملیۆن ساڵ.
- کرانەوەی یەکەم هێڵی شەمەندەفەری ژێرزەوی لە لەندەن.

1891
- فرپاری ئەڵمانی ئۆتۆ لیلیتال خۆی فرۆکەیەکی هەوایی (گلایدەر) ی بەئاسماندە لێخوری.
- میسرناسی ئینگلیزی فلیندەرس پێتری دەستی کرد بە کنەکاری لە پاشماوەکانی فیرعەون ئەخناتون دا.
- داهێنانی دروستکردنی قوماشی رایۆن (ئاوریشمی دەسکرد).

1892
- کرانەوەی یەکەم بگۆڕی ئۆتۆماتیکیی تەلەفۆن لە ئەمریکا.

1893
- رووخانی رژێمی پاشایەتی لە هاوایی.
- وڵاتی لاوس بوو بە بەشێك لە قەڵەمرەوی فەرەنسا.
- بەریتانیا ماتابلیلاند (زیمبابوێ) ی داگیرکرد.
- فەرەنسا دەستی گرد بەسەر وڵاتی کەناری عاج دا.
- گەریدەی نەرویجی فریدیۆف نانسێن سەلماندی کیشوەری بەستەڵەکی باکوور وجودی نیە دوای ئەوەی کەشتییەکی



بە ناو شەختەبەفری ئۆقیانووسی بەستەڵەکدا کەوتە دەم ئاوەوە.

- نیوزیلاند بوو بە پێشەنگی پێدانی ماف دەنگدانی ئافرەت.
- هونەرمەندی نەرویجی ئیدوارد مونچ تابلۆی (هاوار) ی کێشا کە بەرهەمێکی تەعبیریی رەمزی بوو.
- نووسەری ئێرلاندی بەرنارد شۆ شانۆگەریی (پیشەی خاتوو وارێن) ی نووسی کە تا ساڵی 1902 یاساخ بوو لەبەرئەوەی باسی لەشفرۆشی دەکرد.

1894
- کەتنی دریفوس: لە فەرەنسا ئەفسەری سوپای بەرەگەز جوو ئەلفرێد دریفوس بە تۆمەتی ناراستی خیانەت درا بە دادگای سەربازی و حوکم دراو دوورخرایەوە بۆ دورگەی شەیتان، ئەمەش مەسەلەی دژایەتکردنی جووی کردە مەسەلەی رۆژ لە فەرەنسا هەتا دریفوس لە ساڵی 1906 دا بەهۆی نارەزایەتیی جەماوەرەییەوە ئازادکرا.
- دامەزررانی پارتی گوامیندۆنگی نەتەوەیی گەلی چین لە لایەن سون یات–سێن.
- لە بەریتانیا زانایان ولیام رامسی و لۆرد راڵەی یەکەم گازی سستیان دۆزییەوە (ئارگۆن).

1894 – 1895
- یەکەم جەنگی نێوان چین و ژاپۆن لەسەر کۆریا.

1895
- راپەرینی کوبا دژی ئیسپانیا.
- دۆزینەوەی تیشکی ئێکس لەلایەن فیزیکزانی ئەڵمانی ویلهێلم رۆنتگین.

- چاپی یەکەم کتێبی پزیشکی نەمسایی سیگمۆند فرۆید دەربارەی دەروونشیکاری.
- لە ولاتە یەکگرتووەکان یەکەم باڵۆن بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ستراتۆسفێر لەلایەن جینێت پیکاردەوە رەوانەی ئاسمان کرا.
- گەورەترین سەرکەوتنی نووسەری ئێرلاندی ئۆسکار وایڵد بە چاپی کۆمیدیای (گرنگیی راستگۆیی). دواتر هەمان ساڵ نووسەر لەسەر هاورەگەزبازی زیندانی کرا.
- لە فەرەنسا برایانی لومیێر یەکەم فلیمی جوولاویان لەسەر شاشە نیشانی خەڵك دا بە پارە کە بریتی بوو لە وێنەی هاتنی شەمەندەفەرێك.
- بیرکاریزانی فەرەنسایی ژوول هێنری پوانکارێ یەکەم باسی دەربارەی تۆپۆلۆجی بڵاوکردەوە کە زۆرجار پێی دەوترێ (زانستی ئەندازەی سەر کاغەزی لاستیکی).

"زانست لە کۆمەڵێك راستی دروستکراوە وەك چۆن خانوو لە کۆمەڵێك بەرد. بەلام کۆمەڵە بەردێك چەندە دەشێ پێی بوترێت خانوو کۆمەڵە راستییەکیش هەر ئەوەندە دەشێ پێی بورترێ زانست." ژوول هێنری پوانکارێ.

1896
- نمایشی شانۆگەریی (ئوبو شا) نووسراوی ئەلفرێد ژاری لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی پووچ و سەرورریالیستی بوو لە فەرەنسا.
- فەرەنسا دورگەی مەدەگاسکەری خستە سەر قەلەمرەوی خۆی.



- تێکشکانی هێرشی ئیتالیا بۆ سەر ئابیسینیا(ئەسیوپیا).
- دامەزرانی بزوتنەوەی زایۆنیزم بەمەبەستی دروستکردنی نیشتمانی جوو لە فەلەستین لەلایەن رۆژنامەنووسی نەمسایی–هەنگاری تیۆدۆر هێرتزل.
- شەڕی سوپای میسر و بەریتانیا بۆ سەرکوتکردنی راپەرینی سوودان.
- دۆزینەوەی دیاردەی تیشکاوەریی توخمەکان لەلایەن فیزیکزانی فەرەنسایی ئەنتوان بێکەرێل.
- تەلارسازی هونەری نوێ (ئارت نۆڤوو) ی سکۆتلاندی چارلس رێنی ماکینتۆش دیزاینی کۆلێجی هونەری گلاسکۆی کرد.
- یەکەم نمایشی شانۆگەریی (باڵندەی دەریا) نووسراوی نووسەری رووسی ئەنتۆن چیخۆف سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.
- ئەنجامدانی یەکەم پێشبڕکێی یارییەکانی ئۆلۆمپیاد لە سەردەمی نوێدا لە ئەسینا.

1897
- جەنگی یۆنان و تورکیا لەسەر دورگەی کریت.
- دۆزینەوەی ڤایرۆس لەلایەن زانای هۆلاندی مارتینۆس بێیارنیك.
- دۆزینەوەی ئەلیکترۆن لەلایەن فیزیکزانی ئینگلیزی جۆزیف جۆن تۆمسۆن کە بووە هۆی ئەوەی خەلاتی نۆبڵی فیزیای ساڵی 1906 وەربگرێت.

1898
- رووداوی فاشودە: پێکدادانی نێوان هێزەکانی بەریتانیا و

فەرەنسا لە باشووری رۆژهەڵاتی سوودان.

- رێکەوتنی بەریتانیا و چین لەسەر بەکرێدانی هۆنگ کۆنگ بە بەریتانیا بۆماوەی 99 ساڵ.
- جەنگی ئەمریکا و ئیسپانیا: ئیسپانیا وڵاتەکانی کوبا و فیلیپین و پۆرتۆریکۆی لەدەستدا.
- ئەمریکا دورگەی هاوایی خستە سەر قەڵەمرەوی خۆی.
- چاپی رۆمانی خەیاڵی زانستیی (جەنگی جیهانەکان) نووسراوی نووسەری ئینگلیزی هێربەرت جۆرج وێلز.

1899
- جەنگی دووەمی ئەفریقای باشوور لە نێوان بەریتانیا و دوو کۆماری سەربەخۆی بۆیەر (تراسیڤال و وڵاتی ئۆرانجی ئازاد).
- هێزەکانی بەریتانیا یەکەم ئۆردوگای زۆرەملێیان دروستکرد بۆ خەڵکی مەدەنیی ئەفریقا.
- سوودان بوو بە ناوچەیەکی ژێر رکێفی میسر و بەریتانیا.
- فیزیکزانی نیوزیلاندی ئێرنیست رەزەرفۆرد تیشکی ئەلفا و بێتای دۆزییەوە.
- کیمیازانی ئەڵمانی فیلیکس هۆفمان ئەسپرینی دروستکرد.
- شوێنەوارناسی ئینگلیزی ئارسەر ئیڤانس دەستی کرد بە کنەکاری لە شاری دێرینی کنۆسۆس لە دورگەی کریت.

1900
- باکوور و باشووی نایجیریا بوون بە ناوچەی پارێزراوی بەریتانیایی.
- لەجەنگی ئەفریقای باشووردا بەریتانیا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا و هەردوو وڵاتی ترانسڤال و وڵاتی ئۆرانجی



ئازادی خستەسەر قەڵەمرەوی خۆی.

- یەکەم کۆنفرانسی پان–ئەفریقایی.
- راپەرینی مشتوەشێنەکان لە پەکین لە چین لەدژی ئیمپریالیزم و ئایینی مەسیحی.
- دامەزرانی پارتی کار (کرێکاران) لە بەریتانیا.
- بەرگریزانی نەمسایی کارڵ لاندشتاینەر سێ جۆر گروپی خوێنی دەستنیشانکرد کە دواتر ناونران ئەی، بی، ئۆ.
- پێزانین و دۆزینەوەی دووبارەی کارەکانی زیندەوەرزانی نەمسایی جۆرج مەندڵ دەربارەی بۆماوەزانی و دامەزرانی بۆماوەزانی وەك زانست.
- فیزیکزانی فەرەنسایی پۆڵ ئولریخ ڤیلار تیشکی گامای دۆزییەوە.
- چاپی رۆمانی (لۆرد جیم) نووسراوی نووسەری ئینگلیزی جۆزیف کۆنراد.
- ئەنجامدانی یەکەم پێشبڕکێی کاسی دەیڤیس بۆ تێنس.
- فیزیکزانی ئەڵمانی ماکس پلانك تیۆری کوانتەمی هێنایە کایە کە دەڵێ هەندێ خاسییەت تەنیا بەشێوەی بڕ (کوانتا)ی دیاریکراو روودەدەن.

"راستییەکی زانستیی نوێ بە قەناعەت پێکردنی رکابەرەکانی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ ...بەڵکوو بەوەی سەرەنجام رکابەرەکانی دەمرن و نەوەیەکی نوێ گەشەدەکات کە لەگەڵ ئەم راستییە ئاشنایە." ماکس پلانك لە ژیاننامەکەیدا 1949.

1901
- دامەزرانی کۆمۆنوێلسی ئۆسترالیا که بریتی بوو له ئۆسترالیا خۆی و دورگەی تاسمانیا و کۆمەڵێك دوورگەی بچووك.
- سەربەخۆیی کوبا گەرچی هێشتا هێزێکی زۆری ئەمریکای لێ جێگیربووبوو.
- سەرکوت کردنی شۆرشی نەتەوەیی فیلیپین که ساڵی 1898 دەستی پێکردبوو لەلایەن ئەمریکاوه که بووه هۆی کوژرانی نزیکەی پێنجیەکی دانیشتووان.
- رووسیا ناوچەی مەنشووریای داگیرکرد.
- مردنی شاژنی بەریتانیا ڤیکتۆریا و هاتنه سەر تەختی ئێدواردی دووەم.
- گەریدەی ئینگلیزی رۆبێرت سکۆت بۆ یەکەمجار چووه ناو قووڵایی ئۆقیانووسی ئەتلەسیەوه.
- ئەندازیاری کارەبایی ئیتالیایی گوگلێلمۆ مارکۆنی بۆ یەکەمجار ئیشارەتی رادیۆیی له ئەوروپاوه بۆ ئەمریکا رەوانەکرد.
- دۆزینەوەی گیانەوەری ئۆکاپی (وەك زەرافەیەگی بچووك وایه) له ئەفریقا.

1902
- کۆتایی جەنگی ئەفریقای باشوور.
- هێزەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا دەستیان گرت بەسەر هێزی دەریایی ڤەنزەویللادا.
- یەکەمین کۆبوونەوەی شۆرشگێرانی رووس لیۆن ترۆتسکی و ڤلادیمیر لینین له مەنفا.



- دۆزینەوەی چینی ئایۆنۆسفیر لەلایەن فیزیکزانی بەریتانیایی ئۆلیڤەر هێڤیساید.
- یەکەم نمایشی ئۆپێرای (پێلیاس و مێلیساند) بەرهەمی مۆسیقادانەری فەرەنسایی کلۆد دیبۆسی.

1903
- یەکەم فرینی گالیسکەیەك که له هەوا قورستر بێت بزوێنەری هەبێت و کۆنترۆلیش بکرێت (فرۆکه) لەلایەن ئۆرڤیل رایت له کارۆلینای باکوور له ئەمریکا.
- چاپی یەکەم باسی کردەیی دەربارەی زانستی فرینزانی لەلایەن زانای رووسی کۆنستانتین تیسۆلکۆڤسکی.
- چاپی یەکەم لێکۆڵینەوەی کارئەندامزانی رووسی ئیڤان پاڤلۆڤ دەربارەی پەرچەکردار له گیانەوەردا.
- دووکەرتبووتی پارتی سۆسیال دیموکراتی رووسی بۆ پارتی بۆلشەڤیك (زۆرینەو پەیرەوانی لینین) و مەنشەڤیك.
- بەرهەمهێنانی یەکەم فلیمی رۆژاوایی له وڵاته یەکگرتووەکان.

1904
- پەیمانی ئیتیانت کۆردیال له لێوان بەریتانیا و فەرەنسا که کۆتایی به سەدەها ساڵ جەنگیی تاوناتاوی نێوانیان هێنا.
- کوشتاری جەنگاوەرانی هێرێرۆ له باشووری رۆژاوای ئەفریقا بەدەستی سوپای ئەڵمانیا.
- رێکەوتنی نێوان بۆلیڤیا و چیلی.
- خستنەرووی تیۆریی تیشکاوەری لەلایەن زانایان ئێرنیست رەزەرفۆرد و فریدریك سۆدی.
- دۆزینەوەی توخمه تیشکاوەرەکانی رادیۆم و پۆلۆنیۆم

لەلایەن زانای پۆلۆنیایی ماری کیوری.

- زانای بەریتانیایی جۆن فلێمینگ تیوبی بەتاڵ (تیوبی ئەلەکترۆن یان زمانەی گەرمایۆنی) ی دروست کرد.

1904 – 1905
- جەنگی ژاپۆن و رووسیا: ژاپۆن پۆرت ئارسەری ئابلووقە داو هێزی دەریایی بالتیکی رووسیای لە تەنگەی تسوشیما تێکشکاند.
- رووسیا دورگەی ساخالینی باشووری دا بە ژاپۆن و مەنشووریای چۆڵ کرد.

1905
- شۆرش لە رووسیا: دامەزرانی یەکەم سۆڤێیت (ئەنجوومەنی ناوچەیی کرێکاران) لە شاری سانت پیتەرسبۆرگ.
- سەربەخۆیی نەرویج لە سوید.
- چاپی تیۆری تایبەتی نیسبییەت لەلایەن فیزیکزانی بە رەگەز ئەڵمانی ئەلبێرت ئاینشتاین.
- سەرەتای نارەزایی و شۆرشی دەستوور لە ئێران (شۆرشی مەشروتە) کە تا 1911 ی خایاند و سەرەنجام بووە هۆی دانانی دەستوور و ئیمزاکردنی لەلایەن شا موزەففەردینی قاجارەوە  و دامەزرانی سیستەمی حوکمی پەرلەمانی (1906).

1906
- کۆنفرانسی ئەلجێسیراس لە ئیسپانیا بۆ دابەشکردنی مەراکیش لەنێوان فەرەنسا و ئیسپانیا.
- دەستپێکردنی خەباتی مافی ئافرەتان بۆ دەنگدان لە بەریتانیا لەلایەن ئیمیلین پانکورست و کچەکانیەوە.
- بومەلەرزەی سان فرانسیسکۆ بووە هۆی وێرانبوونی



شارەکەو مردنی 3000 کەس.

- سەرەتای کاری سەماکار و سەماسازی رووسی ڤاسلاڤ نیژینسکی.

1907
- رێکەوتنی سێ لایەنە (تریپل ئیتانت) لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا بەمەبەستی رووبەروو بوونەوەی هاوپەیمانیی ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریا و ئیتالیا.
- سەربەخۆیی نیوزیلاند.
- داگیرکردنی سومەترا لەلایەن هۆڵاندەوە.
- تەواوبوونی تابلۆی (کیژۆڵەکانی ئاڤینیۆن) دەستکێشی هونەرمەندی ئیسپانیایی پاپلۆ پیکاسۆ کە ئیلهامبەخشی شێوازی کیوبیزم بوو.

1908
- سەربەخۆیی بولگاریا.
- شۆرشی تورکانی لاو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە هۆی گۆرانکاریی دەستووری.
- بەلچیکا کۆنترۆڵی وڵاتی ئازادی کۆنگۆی لە ژێر دەسەلاتی شەخسیی شالیۆپۆڵدی دووەم دەرهێنا.
- قەیرانی بۆسنیا: نەمسا ناوچەی بۆسنیا و هێرزیگۆڤینای لەژێر دەسەڵاتی تورك دەهێنا و خستیە سەر قەڵەمرەوی خۆی.
- رووداوەکەی تونگوسکا: تەقینەوەیەکی گەورە لە ناوچەی تونگوسکای سیبریا رووی دا کە وا دەزانرێت بەهۆی کەوتەخوارەوەی تەنێکی ئاسمانییەوە بووە وەگ تەنی کلکدار یان نەیزەك.

- داگیرکرنی دورگەی بالی لە ئیندۆنوسیا لەلایەن هۆڵاند.
- فریتز هابەر پرۆسەی هابەری داهێنا بەرهەمهێنانی ئامۆنیا لە نایترۆجین و هایدرۆجین.
- یەکەم فرینی فرۆکەیەکی بزوێنەردار لە بەریتانیا لەلایەن سامۆئیل کۆدی.
- داهێنانی ژمێرەری گایگەر بۆ پێوانی تیشکاوەریی ناوکی لەلایەن فیزیکزانانی ئەڵمانی هانز گایگەر و ئێرنیست رەزەرفۆرد.
- لە ئەمریکا یەکەم ئۆتۆبێل بە شێوەیەکی بەرفراوان بە ژمارەی زۆر بەرهەم هێنرا کە بریتی بوو لە ئۆتۆمبیلی هێنری فۆرد مۆدێلی تی.

1909
- لوی بلێریۆ توانی بۆ یەکەمجار بە فرۆکە بەسەر کەناڵی ئینگلیزیدا بفرێت لە فەرەنساوە بۆ ئینگلتەرا بە 36 خولەك.
- دروستکردنی یەکەم پلاستیکی لەسەداسەد دەسکرد (بەیکەلایت) لەلایەن لیۆ بەیکلاند.
- گەریدەی ئەمریکایی رۆبێرت پێری یەکەم کەس بوو بگاتە پۆڵی باکوور.
- چاپی (مانیفێستۆی ئایندەگەری) لەلایەن بیرمەند و شاعیری ئیتالیایی فلیپۆ مارینێتی کە بە پێشەنگی بزوتنەوەی هونەریی و کۆمەڵایەتیی ئایندەپەروەری (فیوتوریزم) دادەنرێت لە ئیتالیا.
- هەرچەندە شێوازی نوێ هاتەکایەوە بۆ شکۆمەندکردنی



چاخی مەکینە لە زۆربەی بوارەکاندا وەك وێنە (جیاکۆمۆ بالا)، پەیکەرتاشی (ئومبێرتۆ باچیۆنی)، و مۆسیقا (جۆرج ئانتێل) ، بەڵام بزوتنەوەی ئایندەگەری خۆی لەبەر کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بۆ رانەگیرا.

1910
- شۆرشی مەکسیك: رووخاندنی دیکتاتۆری سەرمایەدار پۆرفیریۆ دیاز.
- شۆرشی پورتوگال: دامەزرانی رژێمی کۆماری.
- سەربەخۆیی ئەفریقای باشوور.
- ژاپۆن کۆریای خستەسەر قەڵەمرەوی خۆی.
- کۆتایی کۆیلایەتی لە چین.
- بەرهەمهێنانی یەکەم دەرمانی دژەمیکرۆبی تایبەت بە میکرۆبێکی دیارکراو کە، سالڤارسان، کە بۆچارەسەری سفیلیس بەکاردەهێنرا.
- لە ڤیەننا تەلارسازی نەمسایی ئەدۆلف لووس خانەی شتاینەری دیزاین کرد کە یەکێکە لە نموونە پێشەنگەکانی تەلارسازیی مۆدێرن.

1911
- قەیرانی ئەغادیر: لەنگەرگرتنی کەشتییەکی جەنگیی ئەڵمانیا لەبەندەری ئەغادیر لە مەراکیش بووە هۆی قەیرانێکی نێودەوڵەتی.
- داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیاوە.
- شۆرشی چین بەسەرکردیەتیی سوون یات سێن و دامەزرانی حکومەتی کۆماری.
- دۆزینەوەی وێرانەکانی شاری دێرینی شارستانیەتی ئینکا،

شاری ماچوو پیچوو لە ناوچەی ئەنیدیز لە ئەمریکای باشوور لە لایەن زانای ئەمریکایی هیرام بینگهام.

- گەریدەی نەرویجی رۆلد ئاموندسن توانی بە سەگەوە بگاتە پۆڵی باشوور.
- دۆزینەوەی ناوکی ئەتۆم لەلایەن فیزیکزانی بەریتانیایی ئێرنیست رەزەرفۆرد.

1911 – 1912
- جەنگی ئیتالیا و تورکیا.

1912
- ولایەتەکانی ئەریزۆنا و نیومۆکسیکۆ تێکەڵی ولاتە یەکگرتووەکان بوون.
- دامەزرانی پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا لە ئەفریقای باشوور بەمەبەستی ئەوەی مافی هاوولاتیبوون و دەنگدان بۆ هەمووان بێت.
- زانای ئەڵمانی ئەلفرێد وێگنەر ئەو تیۆرییەی پێشنیارکرد کەوا کیشوەرەکان خزاون و لە کۆندا یەك کیشوەری زۆر گەورە هەبووە کە ناوی نا پاناگایا.
- کەشتی تایتانیك کە گەورەترین کەشتیی نەفەربەری کاتی خۆی بوو لە کەنارەکانی گراند بانکس لە نیوفاوندلاند خۆی کێشا بە شەختە سەهۆڵدا و لەیەکەم سەفەریدا نوقم بوو.
- یەکەم بزوێنەری شەمەندەفەر (لۆکۆمۆتیف) لە ئەڵمانیا کە بە دیزڵ ئیشی دەکرد کەوتەکار.
- گەڕیدەی ئینگلیزی رۆبێرت فالکۆن سکۆت گەیشتە پۆڵی



باشوور.

- وێنەکێشی سویسرایی پاول کلی و وێنەکێشی رووسی پێشەنگی هونەری ئەبستراکت (پەتی) واسیلی کاندینسکی، بوون بە ئەندامی گروپی هونەریی بلاو رایتەر لە میونیخ.

1912 – 1913
- جەنگەکانی باڵکان بووە هۆی دەرپەڕاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەی باڵکان.

1913
- فیزیکزانی دانیمارکی نیلز بۆر تیۆری ئەتۆمیی تازەی پێشنیارکرد کە دەیوت لە ئەتۆمدا ئەلەکترۆن لە خولگەدا بەدەوری ناوکدا دەسووڕێتەوە.
- فیزیکزانی ئینگلیزی هێنری مۆسێلی پێشنیاری ئەوەی کرد ژمارەی ئەتۆمیی هەر توخمێك یەکسان بێت بە ژمارەی بارگە پۆزەتیڤەکانی ناوکەکەی و لەسەر ئەو بنچینەیەش خشتەی دەوریی توخمەکانی دانا کە ئەمرۆ بەکاری دێنین.
- یەکەم نمایشی بالیەی (رێورەسمی بەهار) بەرهەمی مۆسیقا دانەری رووسی ئیگۆر ستراڤینسکی لە پاریس بوو بەهۆی ئاژاوە لەناو تەماشاچییاندا بەهۆی خراپی سیناریۆوە.
- چاپی رۆمانی (کوڕان و دڵداران) بەرهەمی رۆماننوسی ئینگلیزی دی ئێچ لۆرانس.

1914
- دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی: کوژرانی میراتگری تەختی نەمسا لە 28ی حوزەیراندا بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان هێزەکانی تەوەر (ئەلمانیا، نەمسا–هەنگاریا و هاوپەیمانەکانیان) و هێزەکانی هاوپەیمان (ئیمپراتۆریەتی

بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا و هاوپەیمانەکانیان).

- جەنگی تانینبێرگ: سوپای ئەڵمانی بەسەرکردایەتی هیندێنبێرگ سوپای رووسیای شکاند.
- میسر و قوبروس کران بە ناوچەی پارێزراوی بەریتانیا.
- کرانەوەی کەناڵی پاناما لەنێوان ئۆقیانووسی ئارام ئەتلەسیدا.
- یەکگرتنی نایجیریا و بەمەش بوو بە گەورەترین کۆلۆنیی بەریتانیا لە ئەفریقا.

1915
- لە جەنگی یەکەمدا ئیتالیا چووە ریزی وڵاتانی هاوپەیمان.
- بولگاریا چووە ریزی وڵاتانی تەوەر.
- گەرانەوەی مەهاتما گاندی بۆ هندستان بەمەبەستی رابەرایەتیکردنی خەباتی بێ زەبروزەنگ دژی فەرمانرەوایی بەریتانیا.
- بۆ یەکەمجار سوپای ئەڵمانیا گازی ژەهراوی (کلۆر) ی بەکارهێنا لە شەڕدا.
- نمایشی فلیمی پاڵەوانامەیی (لەدایکبوونی نەتەوەیەك) بەرهەمی دی دەبلیۆ گریفیت لە ئەمریکا.

1915 – 1916
- هەڵمەتی گالیپۆلی: هەوڵی ناسەرکەوتووی هێزەکانی ئوسترالیا و نیوزیلاند بۆ پەرینەوەی بە تەنگەی دەردەنیل دا بۆ سەر خاکی تورکیا.
- دامەزرانی بزوتنەوەی دادایی لە هونەردا (بەتایبەتی تەشکیلی) لە زووریخ بە سویسرا کە بۆچوونێکی ئەنارشی و نیهلیستی بوو باوەری بە پێوەرە ئاساییەکانی جوانی



نەبوو.

1916
- شەڕە گەورەکانی ڤێردون (لە فەرەنسا)، جوتلاند (کەنارەکانی دانیمارک)، سۆم (فەرەنسا) لە جەنگی یەکەمدا.
- پورتوگال و رۆمانیا چوونە جەنگەوە لەدژی ئەڵمانیا.
- راپەرینی ئیستەر لە دوبلین لە ئێرلاند بە مەبەستی سەربەخۆیی لە بەریتانیا کە پاش هەفتەیەك لەلایەن سوپای بەریتانیاوە سەرکوت کرا سەرکردەکانی ئیعدام کران.
- هایلە سیلاسی بوو بە فەرمانرەوای ئەسیوپیا.
- ئەلبێرت ئاینشتاین تیۆری گشتیی نیسبییەتی بڵاوکردەوە.

1917
- وڵاتە یەکگرتووەکان جەنگی دژی ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریا راگەیاند.
- ئەمریکا دوورگەکانی هندی رۆژاوای لە هۆڵاند کڕی (دوورگەکانی ڤێرجین).
- شۆرشەکانی رووسیا: تزار نیکۆلای دووەم مانگی مارت وازی لە تەخت هێنا. مانگی تشرینی یەکەم بۆلشەڤیکەکان دەسەڵاتیان لە حکومەتی کاتی ستاند( شۆرشی ئۆکتۆبەر).
- بەیاننامەی بەلفۆر بەڵێنی نیشتمانێکی بە جووەکان دا لەسەر خاکی فەلەستین.
- چاپی یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەی شاعیری ئەنگلۆئەمریکایی ت س ئەلیۆت بەناوی (پروفرۆك و تێبینیەکانی تر).

1918
- بەریتانیا سووریای داگیرکرد.

- ولاتانی تەوەر تەسلیم بوون.
- ئیمزاکردنی ئاگربەستی جەنگی جیهانیی یەکەم (ڕۆژی 11ی تشرینی دووەم).
- دامەزرانی کۆماری وایمەر لە ئەڵمانیا.
- دروستبووتی شانشینێك لە ناوچەی بەلکان (کە ساڵی 1921 ناوی نرا یوگوسلاڤیا) کە بریتی بوو لە سیربیا و کرۆواتیا و سلۆڤینیا و مۆنتینیگرۆ.

1918–1922
- جەنگی ناوخۆ لە ڕووسیا لە نێوان هێزەکانی سوور (شۆڕشگێران) و سپی (کۆنەپەرستان) دا.

1919
- جەنگی سێیەمی ئەفغانستان: ئەفغانستان سەربەخۆیی تەواوی بەدەست هێنا.
- کوشتاری ئامریتسار: سوپای بەریتانیا کەوتنە دەستڕێژ لە خۆپیشاندانێکی خەڵك لە ئامریتسار لە هندستان تا فیشەکیان پێ نەما و زیاتر لە 1000 کوژراو و بریندار لێ کەوتەوە.
- پەیمانی ڤێرسای: ڕێکەوتنی ئاشتی هێزەکانی هاوپەیمان لەگەڵ ئەڵمانیا کە بووە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا هەندێ خاك لەدەست بدات و مەرجی تریشی بەسەردا فەرزبکرێت.
- دامەزرانی سوپای کۆماریی ئێرلاند (IRA) بۆ شەڕی پارتیزانی لەدژی سوپای بەریتانیا.
- دامەزرانی کۆماری دیموکراتیی لیتوانیا.
- تۆماری بروانامەی پۆڵای ژەنگ نەکردوو لەلایەن زانای ئەمریکایی ئێلوود هاینیس.



- یەکەم فرین بەسەر ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا لەلایەن ئەلبێرت رید.
- یەکەم فرین بە بێ وەستان بەسەر ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا لەلایەن جۆن ولیام ئالکۆك و ئارسەر ویتێن براون کە 16 کاتژمێر و 27 خولەکی خایاند.
- یەکەم فرینی تەواو لە بەریتانیاوە بۆ ئوستراليا لەلایەن ڕۆس سمیس و کیس سمیس.
- دامەزرانی کۆلێژی باوهاوس بۆ تەلارسازی و دیزاین لە وایمەر لە ئەڵمانیا لەلایەن تەلارساز والتەر گرۆپیوس کە یەکێك بوو لە لایەنگرانی تەلارسازیی مۆدێرنی نێونەتەوەیی.
- زیندانیکرنی فەیلەسوفی بەریتانیایی بێرتراند ڕەسل لەسەر ئاشتیخوازی چونکە دژی جەنگ و ئیمپریالیزم و لایەنگری بازرگانیی ئازادبوو.

1920
- دامەزرانی کۆمەڵی نەتەوەکان.
- کینیا بوو بە کۆلۆنییەکی بەریتانیایی.
- سەرەتای سەردەمی یاساخ کردن لە ولاتە یەکگرتووەکان (تا 1933): دروستکردن و فرۆشتن و گواستنەوەی ئەلکهول بەمەبەستی بەکارهێنان لە سەراسەری وڵاتدا یاساخ کرا.
- لە ئەمریکا ئافرەتان مافی دەنگدانیان پێ درا.
- بۆماوەزانی ئەمریکایی تۆماس مۆرگان تێۆری کرۆمۆسۆمی

دەربارەی بۆماوە پێشنیار کرد.

- دەستپێکی یەکەم پەخشی بەردەوامی ئێستگەی رادیۆ لە دیترۆیت و پیتسبێرگ لە ئەمریکا.
- یەکەم شانۆگەریی ئیوجین ئۆنێل بەناوی (لەولای ئاسۆوە) سەرەتای شانۆی جیددی بوو لە ئەمریکا.

1921
- بۆ یەکەمجار هۆرمۆنی ئینسولین لە پەنکریاس دەرهێنرا لەلایەن دوو پزیشکی کەنەدایی بەناوی فریدریك بانتینگ و چارلس بێست.
- دامەزرانی وڵاتی ئازادی ئێرلاند لە ئێرلاندی باشوور.
- جیابوونەوەی حکومەتێکی جیا لە چین بە رابەرایەتیی سون یات سین.

1922
- دامەزرانی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیتەکانی سۆڤییێت.
- جۆزیف ستالین بوو بە سکرتێریی گشتیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییێتی.
- بێنیتۆ مۆسۆلینی فاشیست بوو بە سەرەکوەزیرانی ئیتالیا.

"بەلای منەوە 50 هەزار پارچە چەك باشترە لە 50 هەزار دەنگ." مۆسۆلینی 1921

- .کۆتایی هاتنی حوکمی بەریتانیا لە میسر وەك ناوچەیەکی پارێزراو، بەڵام هێزەکانی بەریتانیا لەو وڵاتە مانەوە.
- کودەتای فاشیستی لە بولگاریا.
- سەرکوتکردنی راپەرینی کورد لە عێراق بە بۆردمان لەلایەن هێزی هەوایی پادشایی بەریتانیاوە.
- هەڵدانەوەی گۆڕی فیرعەون توت عەنخاموون لەمیسر



لەلایەن شوێنەوارزانی بەریتانیایی هاوارد کارتەر.

- چاپی کتێبی (تراکتاتۆس لۆجیکۆ فیلۆسۆفیکۆس) کە بە یەکێك لە گرنگترین کتیبە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، نووسراوی فەیلەسوفی مەنتیق و ماتماتیکی نەمسایی لودویگ ویتگێنشتاین.
- چاپی رۆمانی ئەزموونیی جیمس جۆیس لە پاریس بە ناوی (ئۆلیسیس).

1923
- هێزەکانی فەرەنسا و بەلچیکا دۆڵی روور یان لە ئەڵمانیا داگیرکرد بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر ئەڵمانیا تا قەرەبووی جەنگ بداتەوە.
- دامەزرانی کۆماری تورکیا لەلایەن کەمال ئەتاتورك.
- فەلەستین و ئەردەن و عێراق کەوتنە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا و سووریاش هی فەرەنسا.
- بوومەلەرزە زۆربەی شاری تۆکیۆی وێران کرد و 99 هەزار کەسی کوشت.

1924
- وڵاتە یەکگرتووەکان کۆچی سنووردارکرد و کۆچی ژاپۆنییەکانی راگرت بەڵام رەگەزنامەی بەخشی بە هەموو هندییە ئەمریکاییەکان.
- رۆدیسیای باکوور بوو بە وڵاتێکی پارێزراوی بەریتانیا.
- مردنی رۆماننوسی چیکی فرانز کافکا.
- چاپی (مانیفێستۆی سەرریالیزم) لەلایەن نووسەری دادایی فەرەنسایی ئەندرێ بریتۆن. لەوانەی سەر بە قوتابخانەی سەرریالیزم بوون سەلڤادۆر دالی و رێنێ ماگریت (هونەر)،

لوی ئاراگۆن (هۆنراوە)، لویس بونوێل (فیلم).

1925
- کۆنفرانسی لۆکارنۆ بەمەبەستی کەمکردنەوەی گرژی لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا.
- دامەزرانی وڵاتی لوبنانی سەربەخۆ.
- مردنی سون یات سین لە چین: چیانگ کای چێك بوو بە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی گۆمیندانگ.
- فیزیکزانی بەریتانیایی ئێدوارد ئەپلتۆن چینێکی لە ئەتمۆسفیردا دۆزییەوە کە شەپۆلە رادیۆییەکان پێچەوانە دەکاتەوە کە دواتر بەناوی خۆیەوە ناونرا.
- نمایشی فلیمی (کەشتیی جەنگیی پۆتێمکین) بەرهەمی دەرهێنەری لاتڤیایی سێرگی ئایزنشتاین لە یەکێتیی سۆڤییێت.
- رۆمانی (گاتسبیی مەزن) رۆمانی سکۆت فیتزجێراڵد سەردەمی جازی لە ئەمریکا بەرجەستەکرد.
- گۆرانیبێژ و ژەنیاری جازی ئەمریکایی لویس ئارمسترۆنگ یەکەم بەرهەمی ریکۆرد کرد لەگەڵ تیپی (هۆت فایڤ) دا.
- هەر لەو ماوەیەدا مۆسیقادانەر و پیانیست سەرتیپی ئەمریکایی دیوك ئیلینگتۆن دەستی کردبوو بە ریکۆرد کردنی گۆرانی.

"کەسانێکی زۆر کۆپیی تابلۆی مۆنالیزایان کێشاوە بەڵام هێشتا خەڵك ریزدەبەستن بۆ بینینی تابلۆ ئەسڵییەکە." لویس ئارمسترۆنگ.

1926
- مانگرتنی گشتیی کرێکاران لە بەریتانیا بەهۆی



کەمکردنەوەی مووچەی کانکارەکانەوە (کرێکاری کانەکان).
- کودەتای راستڕەوەکان لە لیتوانیا.
- کودەتای سەربازی لە پۆلۆنیا: سەرۆکی پێشووی حکومەت جۆزیف پیلیودسکی کە بیری نەتەوەپەرسیی هەبوو خۆی کرد بە دیکتاتۆری وڵات.
- دەروونزانی سویسرایی ژان پیاژێ یەکەم کتێبی خۆی لەسەر گەشەکردنی منداڵ چاپ کرد.
- زانستی میکانیکی شەپۆلەکان لەلایەن فیزیکزانی نەمسایی ئێروین شردینگەر هاتەگۆڕێ.
- ئەندازیاری ئەمریکایی رۆبێرت گۆدارد یەکەم رۆکێتی هاویشت کە بەسووتەمەنیی شل کاری دەکرد.
- ئەندازیاری سکۆتلاندی جۆن لۆجی بەیرد یەکەم نموونەی سیستەمێکی تەلەفزیۆنی نیشان دا کە دەکرێ ئیشی پێبکرێ.
- چاپی یەکەم رۆمانی رۆماننوسی ئەمریکایی ئێرنیست هێمینگوای بەناوی (خۆریش هەڵدێت).

1927
- یەکەم راپەڕینی کۆمۆنیستی لە چین لە نانچانگ. چیانگ کای شیك کەوتە راونانی کۆمۆنیستەکان کە لەژێر رابەرایەتیی ماو تسیتۆنگ دا بوون.
- بەرهەمهێنانی بازرگانیانەی پۆلیمەرەکانی پۆلی ئەکریلیك دەستی پێکرد.
- بنەمای نەبوونی دڵنیایی لە فیزیکی ئەتۆمیدا لەلایەن

فیزیکزانی ئەڵمانییەوە وێرنەر هایزنبێرگ دەستنیشان کرا.

- فڕیاری ئەمریکایی چارلس لیندبێرگ یەکەم فرینی تەنیای ئەنجام دا بەسەر ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا لە رۆژاواوە بۆ رۆژهەڵات بەبێ وەستان.
- چاپی رۆمانی (بۆ بورجی دەریایی) نووسراوی رۆماننوسی ئینگلیزی ڤیرجینیا وولف کە شێوازێکی مۆدێرنی تێدا بەکارهێنابوو.
- دەرچوونی یەکەم فلیم کە تراکی دەنگ تیایدا ئاوێتەی فلیمەکە بوو لە ئەمریکا بەناوی (گۆرانیبێژی جاز).
- شانۆی گۆرانیئامێزی (بەلەمی شانۆ) بە مۆسیقای جیرۆم کێرن و لیریکی ئۆسکار هەمەرشتاین بنچینەی شانۆی گۆرانیئامێز (میوزیکال) ی ئەمریکای دانا.

1928
- پەیمانی کیلۆگ–بریان (پەیمانی پاریس) بۆ قەدەخەکردنی جەنگ لەنێوان وڵاتاندا کە یەکەمجار فەرەنسا و ئەمریکا ئیمزایان کرد.
- ستالین وەك دیکتاتۆری یەکێتیی سۆڤیێت سەری هەڵدا.
- ئەنتۆنیۆ سالازار بوو بە دیکتاتۆری پورتوگال.
- لە بەریتانیا ئافرەتانی تەمەن 21 و بەسەرەوە مافی دەنگدانیان پێدرا.
- دۆزینەوەی پەنیسلین لەلایەن بەکتریازانی سکۆتلاندی ئەلێکساندەر فلێمینگ.
- لە ئەڵمانیا بۆ یەکەمجار نووسەر بێرتۆلت بریخت و مۆسیقادانەر کورت وایل هاوکارییان کرد لە نمایشی



ئۆپێرای (ئۆپێرای یەکفلسبایی).

- پەخشی یەکەم ئەلقەی کارتۆنی میکی ماوس لە ئەمریکا بەرهەمی والت دیزنی.

"میکی ماوسم لە هەموو ئەو ژنانە زیاتر خۆش دەوێ کە ناسیومن." والت دیزنی.

1929
- تێکشکانی بازاری بۆرسەی وۆڵ ستریت لە 29 ی تشرینی یەکەم لە ئەمریکا بوو بەهۆی دەستپێکی "داڕمانە مەزنەکە" ی ئابووری ئەمریکا.
- دامەزرانی دیکتاتۆریەتی سەربازی لە یۆگوسلاڤیا.
- دەستپێکی دروستکردنی سیستەمی حەساری پارێزەری فەرەنسا لەسەر سنووری ئەڵمانیا (هێڵی ماگینۆ).
- دەرکردنی سەرکردەی شۆرشگێری سۆڤیێتی لیۆن ترۆتسکی و راکردنی بۆ دەرەوەی وڵات.
- گەردوونزانی ئەمریکایی ئێدوین هابڵ بۆی دەرکەوت کە گەردوون لە فراوانبووندایە.
- پەیکەرتاشی ئینگلیزی هێنری موور یەکەم پەیکەری دروستکرد.

1930
- سەرەتای چەند کودەتایەیەکی سەربازی لە ئەرجەنتین.
- دروستبوونی دیکتاتۆریەت لە بەرازیل بەهۆی شۆرشەوە.
- دەستنیشانکردنی شوێنی هەسارەی پلوتۆ لەلایەن کلاید تۆمبۆ لە روانینگەی لۆوێڵ لە ئەریزۆنای ئەمریکا.
- تۆمارکردنی بروانامەی داهێنانی بزوێنەری جێت لەلایەن ئەندازیاری بەریتانیایی فرانك ویتڵ.

- فرپاری بەریتانیایی ئامی جۆنسۆن یەکەم ئافرەت بوو کە بەتەنیا لە ئینگلتەراوە فڕی بۆ ئۆستراليا.
- مارلین دیتریخ کە ئەکتەرێکی بەرەگەز ئەڵمانی بوو بەهۆی فلیمی (فریشتەی شین)ەوە لە دەرهێنانی جۆزیف ڤۆن ستێمبێرگ، بوو بە ئەستێرە.
- نووسەری ئەمریکایی داشێڵ هامێت بە رۆمانی تاوانی (بازیماڵتایی) چەمکی لێکۆڵەرەوەیەکی قاڵبووی هێنایە ناو رۆمانی ئەمریکاییەوە.

1931
- رووداوی موکدین: پەلاماری خافلگیرانە بۆ سەر تیپێکی سوپای چین لە مەنشووریا بوو بە سەرەتای هێرشی ژاپۆن بۆ سەر چین.
- داهێنانی سایکلۆترۆن کە بریتییە لە ئامێرێك بۆ تاودانی تەنۆچکەکان، لەلایەن فیزیکزانی ئەمریکایی ئێرنیست لۆرەنس.
- دۆزینەوەی گەردوونزانیی رادیۆیی (لێکۆڵینەوەی ئەو شەپۆلە رادیۆییانەی لە تەنە ئاسمانییەکانەوە دەردەچن) لەلایەن ئەندازیاری رادیۆی ئەمریکایی کارل یانسکی.
- بیرکاریزانی بەرەگەز نەمسایی کورت گۆدێل سەلماندی هەر سیستەمێك ئەوەندە بەهێز بێت بتوانێ هەموو یاساکانی بیرکاری بگرێتە بەر یان ناتەواو دەبێت یان نەگونجاو.
- کرانەوەی تەلاری ئیمپایەر ستەیت لە نیویۆرك کە ئەوکاتە بەرزترین بینای جیهان بوو.

1932
- دامەزرانی وڵاتی عەرەبستانی سعودی.



- ژاپۆن وڵاتێکی کارتۆنیی لە مەنشووریای چین دروستکرد کە تا 1945 ی خایاند.
- دۆزینەوەی نیوترۆن لەلایەن فیزیکزانی بەریتانیایی جەیمس چادویك.
- دروستکردنی میکرۆسکۆپی ئەلەکترۆنی لەلایەن ئەندازیاری ئەمریکایی بەرەگەز رووسی ڤلادیمیر زۆرکین.
- جیاکردنەوەی ترشی ئەسکۆربیك (ڤیتامین سی) لەلایەن چارلس گلێن کینگ.

1932 – 1933
- دروستکردنی دیواربەندی هونەریی (سەما) لەلایەن هونەرمەندی فەرەنسایی هێنری ماتیس.

1932 – 1935
- جەنگی چاکۆ لە نێوان پاراگوای و بۆلیڤیا.

1933
- هاتنەسەر حوکمی نازییەکان لە ئەڵمانیا: ئەدۆلف هیتلەر بوو بە راوێژکاری باڵا (سەرەکوەزیر) ی وڵات.
- بەکارهێنانی بیانووی ئاگرەکەی تەلاری پەرلەمان (رایخشتاگ) لە ئەڵمانیا بۆ بەلاوەنانی زۆر لە ئازادییە دەستوورییەکان.
- کشانەوەی ژاپۆن لە کۆمەڵی نەتەوەکان.
- سەرۆکی ئەمریکا فرانکلین رووزڤێلت پلانی (رێکەوتنی نوێ)ی بۆ رووبەرووبوونەوەی دارمانی ئابووری دانا.
- بۆیەکەمجار دروستکردنی پۆلیئیسیلین بە پۆلیمەراندنی ئیسیلین لە ژێر پەستانی زۆردا لەلایەن فاوسێت و

گیبسۆنەوە.

1934 • دەستپێکی ڕەوی درێژخایەنی کۆمۆنیستەکانی چین بەسەرکردایەتی ماو تسیتۆنگ لە ژێر گوشاری هێزەکانی گوامیندۆنگ دا: لە تشرینی یەکەمی 1934 دا سەد هەزار کۆمۆنیست ناوچەی جیانخی یان بەجێ هێشت بۆ ناوچەی شانخی کە دە هەزار کیلۆمەتر دوور بوو و تەنیا هەشت هەزاریان گەیشتن.

• دروستکردنی تیشکاوەریی دەستکرد لەفەرەنسا لەلایەن فریدریك و ئیرین ژۆلیۆ–کیوری.

1934–1938 • سەرکوتکردنی خەڵك لەلایەن ستالینەوە لە یەکێتیی سۆڤێیت کە بووە هۆی لەناوبردن و دوورخستنەوەی دە ملیۆن کەس.

1935 • جیابوونەوەی بورما لە هندستان.

• فیلیپین حوکمی خۆیی گرتەدەست.

• داگیرکردنی ئەسیوپیا لەلایەن ئیتالیاوە.

• چاپی یەکەم لێکۆلینەوەی کۆنراد لۆرێنز لە نەمسا دەربارەی ڕەفتاری گیانەوەران کە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی زانستی ڕەفتارزانی گیانەوەر.

• دانانی پێوەرێك (ریختەر) بۆ خەملاندنی هێزی بومەلەرزە لەلایەن بومەلەرزەزانی ئەمریکایی چارلس فرانسیس ریختەر.

1936 • دامەزرانی تەوەری ڕۆما–بەرلین کە بووە هۆی هاوپەیمانیی نێوان دوو وڵاتی فاشیستیی ئیتالیا و ئەڵمانیا.



• ئیمزاکردنی پەیمانی دژی کۆمینترێرن لە نێوان ئەڵمانیا و ژاپۆن دا بەمەبەستیی دژایەتیی کۆمۆنیزم کە بە هەرەشەیەکیان دانابوو بۆ ئاشتی.

• دەستپێکی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا بە ڕاپەڕینی ڕاسترەوەکان لەدژی حکومەت.

• یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنیی بەردەوامی بی بی سی.

• چاپی تیۆری بیرکاریی بنەماکانی کۆمپیوتەر لەلایەن ئالان تورینگ.

• چاپی (بروانە ئەی نامۆ!) بەرهەمی شاعیری ئینگلیزی ئاودین.

• ئیدواردی هەشتەم پاشای بەریتانیا و ئێرلاندی باکوور وازی لە تەخت هێنا بۆئەوەی بتوانێت بێوەژنێك مارەبکات. "کارێکی ئەستەمە بتوانم بەرگەی ئەو بارە گران و بەرپرسیارێتییانە بگرم و ئەرکی سەرشانم وەك پاشا ئەنجام بدەم بەو شێوەیەکی کە دەمەموێت، بەبێ یارمەتی و پشتگیریی ئەو ئافرەتەی خۆشم دەوێت." پاشا ئێدواردی هەشتەم لە وتاری واز لەتەخت هێنانیدا لە سەر ڕادیۆ 1936.

1937 • ژاپۆن پەلاماری چینی دا.

• ئیتالیا چووە ناو پەیمانی دژی کۆمینتێرن کە ئەڵمانیا و ژاپۆنی تێدابوو.

• یەکەم فڕۆکە کە پەستانی ناو کابینەکەی بەتەواوی گونجێندرابوو بەناوی لۆکهید XC-35 دەستی کرد بە

گواستنەوەی نەفەر.

- لە ئەڵمانیا ڕۆکێتی V2 لەلایەن وێرنەر ڤۆن براون دروستکرا.
- دۆزینەوەی نایلۆن لەلایەن کیمیازانی ئەمریکایی والاس کارۆسەرس.
- بەرهەمهێنانی پۆلییوریسەین بۆ یەکەمجار کە کۆمەڵێك پۆلیمەرن لە پیشەسازی پلاستیك و چەسپ و بۆیەدا بەکاردێن.
- کەشتیی هەوایی باریی ئەڵمانی کە گەورەترین کەشتیی هەوایی بوو بەناوی هیندێنبێرگ لە گەشتێکیدا بۆ ئەمریکا تەقیەوە.
- وێنەکێشانی تابلۆی گێرنیکا لەلایەن هونەرمەندی ئیسپانیایی پاپلۆ پیکاسۆ بۆ دەربرینی نارەزایی دژی بۆردمانی خەڵکی مەدەنی لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا.
- دەرچوونی فلیمی دژی جەنگی (وەهمی مەزن) بەرهەمی ژان ڕێنوار لە فەرەنسا.
- کردنەوەی دووبارەی قوتابخانەی باوهاوس لە شیکاگۆ لە ئەمریکا پاش ئەوەی باوهاوسی ئەسڵی لە ئەڵمانیا لەلایەن نازییەکانەوە داخرا.

1938
- ڕێکەوتنی میونیخ بە ئیمزای سەرکردەکانی بەریتانیا و ئەلمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا کە چیکۆسلۆڤاکیایان ناچارکرد ناوچەی سودێتنلاند وازلێبێنێت بۆ ئەڵمانیا.
- کریستالناخت (شەوی کریستالی): هەڵمەتی سەرکوتکردنی



جوو لە 9–10 ی تشرینی دووەمدا لە ئەڵمانیا و نەمسا کە تیایدا نزیکەی سەد جوو کوژران و 25 هەزار دەستگیرکران.

- ئەندازیاری ئەڵمانی کۆنراد زووسە یەکەم ئامێری ژمێرەری دوانی (باینەری) دروستکرد بەبەکارهێنانی جەبری بوولی.
- دروستکردنی ئۆتۆمبیلی خەلك (ڤۆلکسواگێن) لە ئەلمانیا.
- چاپی ڕۆمانی (برایتۆن ڕۆك) نووسراوی ڕۆماننوسی بەریتانیایی گراهام گرین.

1939
- داگیرکردنی ئەلبانیا لەلایەن ئیتالیاوە.
- ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤیێت ڕێکەوتننامەی پەلامارنەدانی یەکترییان ئیمزاکرد.
- ئەڵمانیا پەلاماری چیکۆسلۆڤاکیا و پۆلۆنیای دا.
- دەستپێکی جەنگی جیهانیی دووەم: بەریتانیا جەنگی ڕاگەیاند.
- دامەزرانی ڕژێمی فاشیستیی دیکتاتۆری ئیسپانیا لەلایەن ژەنەراڵ فرانکۆ.
- دۆزینەوەی کەرتبوونی ناوکی لەلایەن کیمیازانانی ئەڵمانی ئۆتۆ هان و فریتز شتراسمان.
- یەکەم فرینی فرۆکەی جێت لە جۆری هاینکل لە ئەڵمانیا بە فرۆکەوانیی ئێریك وارسیتز.
- دیزاینی یەکەم هیلیکۆپتەر لە ئەمریکا لەلایەن ئیگۆر سیکۆرسکی.
- دۆزینەوەی گەنجینەیەکی نوقمبوو لە کەشتییەکی

ئەنگلۆساکسۆنیدا لە سەتن هوو لە ئینگلتەرا.

- چاپی رۆمانی (هێشووەکانی تووڕەیی) بەرهەمی رۆماننوسی ئەمریکایی جۆن شتاینبێك کە باس لە نەهامەتیی ئەو جووتیارانە دەکا کە لە بیابانەکانی ئۆکلاهۆماوە کۆچیان دەکرد بۆ کالیفۆرنیا.

1940
- دەرکردنی سوپای ئیتالیا لە ئەریتریا و سۆماڵ و ئەسیوپیا.
- ئەڵمانیا پەلاماری فەرەنسای دا، هێزەکانی هاوپەیمان کەنارەکانی دەنکیرکیان بەجێ هێشت.
- ئیتالیا چووە جەنگی دووەمەوە لەدژی وڵاتانی هاوپەیمان.
- جەنگی بەریتانیا: جەنگی هەوایی نێوان هێزی هەوایی پاشایی و هێزای هەوایی ئەڵمانیا (لوفتوافە) لە هاوین و پایزی 1940 دا. ئەڵمانیا ویستی هێزی هەوایی بەریتانیا پەك بخات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.
- ئەڵمانیا دەستی کرد بە پاکتاوکردنی جووەکان.
- لە بەریتانیا زانای بەرەگەز ئەڵمانی هانز کرێبس چۆنێتی گۆڕانی گەردەکانی خۆراکی بۆ وزە لەناو لەشی زیندەوەردا (خولی کرێبس) دۆزییەوە.
- ئیدوین ماکمیلان و فیلیپ ئابیلسۆن نیشانیان دا دەکرێ توخمی تازە لە یۆرانیۆم دروست بکرێت کە ژمارەی ئەتۆیی لە یۆرانیۆم زیاتر بێت ئەویش بە بۆردمانکردنی یۆرانیۆم بە نیوترۆن. هەر بەم رێگەیەش یەکەم توخمی تازەیان دروستکردو ناویان نا نیپتۆنیۆم.
- بەکارهێنانی ئاوێتەی لیسیۆم بۆ چارەسەری نەخۆشیی



دووجەمسەریی خەمۆکی–مانیایی.

- فلیمی (فانتازیا )ی والت دیزنی مۆسیقای کلاسیکی لەدانانی لیۆپۆلد ستۆکۆوسکی لەرێگەی فلیمەوە بە بینەران لە سەراسەری جیهاندا ناساند.

1941
- ژاپۆن هێرشی کردە سەر وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و پەلاماری بنکەکانی ئەمریکای دا لە هاوایی و پیرل هاربەر. ئەمریکا لە 7ی کانوونی یەکەمدا چووە جەنگی جیهانیی دووەمەوە لە ریزی هاوپەیمانان.
- چین چووە ریزی هاوپەیمانانەوە لە جەنگدا.
- ئەڵمانیا پەلاماری یەکێتیی سۆڤیێتی دا.
- جەنگی دووەم باکووری ئەفریقای گرتەوە.
- جیاکردنەوەی پەنسلین و ناساندنی لەلایەن نەخۆشیزانی نەمسایی هاوارد فلۆری و کیمازانی بەریتانیایی ئێرنیست چەین.
- پەخشی فلیمی بەناوبانگی (هاووڵاتی کەین) بەرهەمی ئۆرسۆن ویڵیس لە ئەمریکا.

1942
- شەڕی ئەلعەلەمەین لە باکووری میسر لەنێوان هێزەکانی بەریتانیا بە سەرکردایەتیی مارشاڵ مۆنتگۆمێری و سوپای ئەڵمانی بەسەرکردایەتی مارشاڵ رۆمێڵ کە بوو بەهۆی راوەستانی پێشرەوی هێزەکانی تەوەر لە میسر.
- داگیرکردنی سەنگاپوور لەلایەن ژاپۆنەوە.
- شەڕی دورگەکانی میدوەی: شەڕێکی دەریایی بوو لەنێوان هێزەکانی ژاپۆن و ئەمریکا و تیایدا ژاپۆن زیانی گەورەی

لێکەوت و هێزەدەریاییەکانی بۆ هەمیشەیی لاوازبوون.

- شەری ستالینگراد: ئابلۆقەی ستالینگراد (ئێستا ڤۆلگۆگراد) لەلایەن ئەڵمانیاوە و بەرگریی سەرکەوتووی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییێت رەوتی جەنگی دووەمی گۆڕی.
- دروستکردنی توخمی پلۆتۆنیۆم لەلایەن کیمیازانی ئەمریکایی گلێن سیبۆرگ و فیزیکزانی ئەمریکایی ئێدوین ماکمیلان.
- تابلۆی (شەوبێداران) بەرهەمی هونەرمەندی ئەمریکایی ئێدوارد هۆپەر تەنیایی مرۆڤی شارنشینی بەرجەستەکرد.
- ئەنجامدامی یەکەم کارلیکردنی ناوکی زنجیرەیی کۆنترۆڵ کراو لە ئەمریکا لەلایەن زانای بەرەگەز ئیتالیایی ئێنریکۆ فێرمی.

"سروشت هەرچییەکی تێدا بێت بۆ مرۆڤایەتی، چەند ناخۆشیش بێت، مرۆڤ پێویستە قەبووڵی بکات چونکە هەرگیز نەزانی لە زانین باشتر نیە." ئێنریکۆ فێرمی.

1943
- ئیتاليا خۆی دا بەدەستەوە.
- هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێیتی پاشەکشەیان بە سوپای ئەڵمانی کرد.
- کۆتایی بەرگریکردنی هێزەکانی تەوەر لە باکووری ئەفریقا.
- بۆ یەکەمجار دەوری DNA لە گواستنەوەی سیفەتە بۆماوەییەکاندا لەلایەن سێ زاناوە نیشان درا کە بریتی بوون لە ئۆسوالد ئاڤێری، کۆلین ماکلیۆد، ماکلین ماککارتی.



- سەرەتای بەرهەمهێنانیی پیشەسازییانەی سیلیکۆن.
- داهێنانی تێریلێن کە یەکەم ریشاڵی لەسەدا سەد دەسکرد بوو لە لایەن وینفیلد لە بەریتانیا.
- بەرهەمهێنانی فلیمی رۆمانسیی (کازابلانکا) لە ئەمریکا لە نواندنی هەمفێری بۆگارت و ئینگرید بێرگمان.

1944
- رۆژی دی-دەی: دابەزینی هێزە هاوپەیمانەکان لە کەنارەکانی نۆرماندی لە فەرەنسا لە 6 ی حوزەیراندا.
- هۆشی مین بوو بە سەرۆکی ڤێتنامی سەربەخۆ.
- لە بەریتانیا وێنەکێشی بەریتانیایی فرانسیس باکۆن شێوازی ئێکسپرێسیۆنسیتی شێواوی داهێنا.
- چاپی هەندێ شانۆگەریی نوێ لە نووسینی فەیلەسوفی هەبوونپەروەری فەرەنسایی ژان پۆل سارتەر (بە نهێنی)، و ژان ئەنویل (ئەنتیگۆن) لە فەرەنسا و ئارسەر میلەر لە ئەمریکا (مردنی فرۆشیارێك).

"کەس نیە ئەوەندەی ئەوانە پێویست بێت ملکەچی یاساکان بن کە خۆیان  یاساکان دادەنێن." ژان ئانویل.

1945
- کۆنفرانسی یاڵتا لە یەکێتیی سۆڤییێت لەنێوان سەرکردەی وڵاتانی هاوپەیماندا.
- دامەزرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافنامە(چارتەر)کەی لە کۆنفرانسی  سانفرانسیسکۆدا دیاریکرا.
- شەڕی ئۆکیناوا: نزیکەی 60 هەزار ژاپۆنی کوژران لە پێناوی بەرگریکردن لەم دوورگەیە کە ئەمریکا هاتە ناوی و

تا 1972 مایەوە.

- بۆردمانی ئەتۆمیی شاری هیرۆشیما (6 ی ئاب) و ناگازاکی (9 ی ئاب) لەلایەن ئەمریکاوە، بەمەش ژاپۆن تەسلیم بوو.
- هێزەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤییێت چوونە ناو کۆریاوە.
- کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم و سەرەتای جەنگی سارد.
- هەڵبژاردنی حکومەتی پارتی کرێکاران لە بەریتانیا و دەستپێکی سیستەمی حکومەتی چاودێریی گشتی (welfare state).
- هاتنەسەرکاری حکومەتە کۆمۆنیستەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات.
- دەستپێکردنەوەی جەنگی ناوخۆ لە چین.
- دروستکردتی یەکەم کۆمپیوتەری تەواو دیجیتاڵی ئەلەکترۆنی کە بۆ مەبەستی گشتی دەبوو (ژمێرەرو شیکەرەوەی ئەلەکترۆنی) لە زانکۆی پەنسلڤانیا لە ئەمریکا.

"مەترسیی ڕاستەقینە لەوەدا نیە کۆمپیوتەر وای لێ بێت وەکو مرۆڤ بیربکاتەوە، بەڵکوو لەوەدایە مرۆڤ وای لێ بێت وەکوو کۆمپیوتەر بیربکاتەوە." س. ج. هاریس

1946
- سەربەخۆیی ئەردەن و فیلیپین.
- دروستکردنی یەکەم کارلێکەر (ڕیئاکتۆر) ی ناوکی خێرا لە لۆس ئالامۆس لە نیومەکسیکۆی ئەمریکا.
- دامەزرانی قوتابخانەی ئێکسپرێسیۆنیزمی پەتی لە وێنەکێشاندا لە ئەمریکا لەلایەن هونەرمەند جاکسۆن



پۆلۆك.

1946 – 1949
- جەنگی ناوخۆی یۆنان: هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی سۆسیالیست سەرکوتکرا لەلایەن لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتییەوە بە هاوکاریی ئەمریکا.

1947
- سەربەخۆیی هندستان و پاکستان.
- دروستکردنی یەکەم فڕۆکەی خێراتر لەدەنگ (بێڵ– X1) کە بە مووشەك ئیشی دەکرد.
- داهێنانی گۆی (گومەزی) جیۆدێسیك لەلایەن تەلارسازی ئەمریکایی بەکمینیستەر فولەر.
- نووسینی شانۆگەریی (گالیسکەیەك بەناوی حەز) بەرهەمی شانۆنووسی ئەمریکایی تێنێسی ویلیامس.
- دۆزینەوەی یەکەم تۆمارەکانی دەریاچەی مردوو لەباشووری ئەریحا لەوانەش نوسخە کۆنەکانی تەورات.

1948
- سەرەتای ڕژێمی ئەپارتاید (جوداکاریی نەژادی) لە ئەفریقای باشوور.
- دابەشکردنی کۆریا.
- سەربەخۆیی بورما و سیلان (سریلانکا).
- دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل.
- دامەزرانی ڕێکخراوی وڵاتەئەمریکاییەکان.
- دەستپێکی پلانی مارشاڵ بۆ یارمەتیدانی ئەورووپا لەلایەن ئەمریکاوە.
- ئابلۆوقەی بەرلین: مانگی حوزەیران هێزە سۆڤییێتییەکان ئابلووقەی بەرلینی ڕۆژاوایان دا و لەبەرامبەریشدا بەریتانیا

و ئەمریکا بە ئاسماندا شتومەکیان گەیاندێ هەتا ئایاری 1949 ئابلووقەکە هەڵگیرا.

- داهێنانی ترانزیستەر لەلایەن ویلیام شۆکلی لە تاقیگەکانی بێڵ لە ئەمریکا.
- دانانای تەلەسکۆپی پێچەوانەکەرەوەی (ئاوێنەیی) گەورەی پێنج مەتریی هاڵ لەسەر ماونت پالۆمار لە کالیفۆرنیا لە ئەمریکا.

1948 – 1949

- یەکەم جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل: ئیسرائیل خاکی زیاتری داگیرکرد.

1949

- دامەزرانی پەیمانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتلەسی (ناتۆ).
- دامەزرانی کۆماری میللیی چین بە سەرکردایەتی ماو تسیتۆنگ.
- دامەزرانی حکومەتی گوامیندۆنگ لە تایوان لەلایەن چیانگ کایشێك.
- سەربەخۆیی ئیندۆنیسیا.
- دابەشبوونی ئەڵمانیا بۆ ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژاوا.
- جەنگی ناوخۆ لە کۆلۆمبیا کە زەبروزەنگی سیاسی لەماوەی دەساڵدا بووە هۆی کوژرانی 250 هەزار کەس.
- دامەزرانی رێکخراوی کۆمیکۆن کە رێکخراوێکی ئابووری بلۆکی رۆژهەڵات بوو.
- چاپی چیرۆکی گاڵتەجاریی سیاسیی (کێڵگەی ئاژەڵان) لەلایەن نووسەری ئینگلیزی جۆرج ئۆروێڵ.
- چاپی کتێبی (رەگەزی دووەم) نووسراوی بیرمەندی



فەرەنسایی سیمۆن دوبۆڤوار کە بە بەرهەمێکی کلاسیك دادەنێرێت لە بواری مێپەروەری (فێمینیزم) دا.

1950

- دەستپێکی هەڵمەتی دژەکۆمۆنیستیی ژەنەراڵ جۆ ماککارتی لە ئەمریکا.
- پلانی شوومان: وەزیری دەرەوەی فەرەنسا پێشنیاری بازارێکی هاوبەشی کرد بۆ خەلووز و پۆڵا کە سەرەنجام بوو بە کرۆکی رێکخراوی کۆمەڵگای ئەوروپایی.
- پلانی کۆلۆمبۆ: رێکخراوی نێونەتەوەیی پەرەپێدانی ئابووری لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا.
- نیشاندانی بەڵگەی پەیوەندیی نێوان جگەرەکێشان و شێرپەنجەی سی.
- دەستنیشانکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی DNA لەلایەن ئێدوین چارگاف، دەستنیشانکردنی پێکهاتەی پێچاوپێچی پرۆتینەکانی لەلایەن لیوس پۆلینگ و ر. ب. کۆری لە ئەمریکا.
- کۆمپانیای دەنلۆپ داهێنانی برێکی دیسکی هایدرۆلیکی راگەیاند.
- دروستکردنی دەرمانی دژەخەمۆکی و دەرمانی بێتا بلۆکەر بۆ نەخۆشیی دڵ.
- دەسکاریکردنی گەردەکانی ئاوێتە دەستکردەکان بوو بەیەکەم سەرچاوەی دروستکردنی دەرمانی تازە.
- لێکۆڵینەوەی بەرگری و توانای وەرگرتنی لەش بۆ ئەندام و پێستی چێندراو لەلایەن بەرگریزانی بەریتانیایی پیتەر

میداوار.

- دۆزینەوەی هەندێ بەردینەی نیمچەمرۆڤی کۆن لە تەنزانیا لەلایەن لویس لیکای.
- نمایشی یەکەم فلیمی ژاپۆنی لە رۆژاوا کە بریتی بوو لە (راشۆمۆن) بەرهەمی ئاکیرا کورۆساوا.

1950 – 1953
- جەنگی کۆریا: کۆریای باکوور بە پاڵپشتی یەکێتیی سۆڤییێت پەلاماری کۆریای باشووری دا کە ئەمریکا دەیپاراست لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جەنگ سەرەنجام بە ئاگربەست کۆتایی هات.

1951
- سەربەخۆیی لیبیا.
- چین تیبەتی داگیرکرد.
- ژاپۆن پەیمانی ئاشتی لەگەڵ 49 وڵاتدا ئیمزاکرد.
- بۆیەکەمجار کارەبا بە وزەی ناوکی دروستکرا.
- یەکەم نمایشی ئۆپێرای بیلی بەد بەرهەمی مۆسیقادانەری ئینگلیزی بێنجامین بریتن.

1952
- کۆتایی داگیرکردنی ئەلمانیای رۆژاوا لەلایەن هاوپەیمانانەوە.
- کۆتایی داگیرکردنی ژاپۆن لەلایەن ئەمریکاوە.
- یۆنان و تورکیا چوونە ناو رێکخراوی ناتۆ.
- هەڵمەتی ماوماو لە کینیا لەدژی کۆلۆنیستە بەریتانیاییەکان.
- هێڵی ئاسمانیی دی هاڤیلاند کۆمێت یەکەم کۆمپانیا بوو فرۆکەی جێتی نەفەربەری خستە خزمەتی خەڵك بە یەکەم



فرینی لەنێوان لەندەن و جۆهانسبۆرگ دا.

1953
- مردنی جۆزیف ستالین لە یەکێتیی سۆڤییێت.
- کودەتای کۆلۆمبیا.
- دامەزرانی کۆماری میسر.
- سەربەخۆیی کەمبۆدیا لە فەرەنسا.
- دەستپێکی پەخشی تەلەفزیۆنی رەنگی لە ئەمریکا.
- باسکردنی پێکهاتەی گەردیی مادەی بۆماوەیی DNA لەلایەن جەیمس واتسۆن و فرانسیس کریك.
- چاپی کتێبی (زانستی رەفتاری مرۆڤ) نووسراوی ب. ف. سکینەر.
- چاپی شانۆگەری ( لەچاوەروانیی گۆدۆدا) بەرهەمی نووسەری بەرەگەز ئێرلاندی سامۆئیل بێکێت کە نموونەی شانۆگەری پووچپەروەری بوو.
- بۆیەکەمجار شاخەوانی نیوزیلاندی ئێدمۆند هیلاری بە هاورێیەتی شاخەوانی نیپالی شێرپا تێنزیگ نۆرگای، گەیشتە سەر لوتکەی شاخی ئیڤەریست کە بەرزترین لوتکەی جیهانە.
- کردنەوەی شاری چاندیگار لە باکووری هندستان کە تەلارسازی سویسرایی لی کوربوسییە دیزاینی کردبوو.

1954
- کودەتای سەربازی لە گواتیمالا بە پشتیوانی ئەمریکا بەمەبەستی رێگرتن لە خۆماڵیکردن و چاکسازی زەوی.
- دامەزرانی پەیمانی وارشۆ: هاوپەیمانیی سەربازیی نێوان یەکێتیی سۆڤییێت و وڵاتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای

رۆژهەڵات.

- ئەڵمانیای ڕۆژاوا پەیوەندی کرد بە ناتۆوە.
- شەڕی مەسیحی بیان فوو لە باکووری ژاپۆن و گرتنی قەڵایەکی فەرەنسایی لەلایەن هێزە کۆمۆنیستەکانی (ڤێتمین) ـەوە. ئەمەش بووە هۆی کۆتایی هاتنی کۆنترۆلی فەرەنسا بەسەر ناوچەی هندوچین دا.
- دابەشبوونی ڤێتنامی تازە سەربەخۆ بۆ باکوور و باشوور.
- جەنگی ڤێتنام بەهۆی ململانێی نێوان هێزەکانی باشووری کۆمۆنیست و حکومەتی سەر بە ڕۆژاواوە لە باکوور.
- سەربەخۆیی لاوس و کەمبۆدیا.
- دامەزرانی ڕێکخراوی پەیمانی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (سیاتۆ) کە تا 1977 بەردەوام بوو.
- دەستپێکی جەنگی سەربەرخۆیی لە جەزائیر.
- نمایشی یەکەم بەرهەمی مۆسیقایی کە تیایدا شریتی موگناتیسیی پێشتر تۆمارکراو شانبەشانی مۆسیقای زیندوو بەکارهێنرا لەلایەن مۆسیقادانەری فەرەنسایی ئێدگار ڤارێس.
- تۆمارکردنی یەکەم بەرهەمی ڕۆك ئەند ڕۆڵی گۆرانیبێژی ئەمریکایی ئێلڤیس پرێسلی لە مێمفیس لە تێنیسی.
- سەرهەڵدانی هونەری پۆپ لە ئەمریکا بە تابلۆی (ئاڵا) ی هونەرمەند جاسپەر جۆنس.
- وەرزشکاری ئینگلیزی ڕۆجەر بانیستەر یەکەم کەس بوو بتوانێت یەك میل رابکات بە ماوەی کەمتر لە 4 خولەك.



"راکردن بەلای منەوە نیشانەی گەورەترین ئازادییە کە مرۆڤ هەرگیز بتوانێت پەیی پێ بەرێت چونکە لەهەمان کاتدا دەبێتەهۆی ئازادبوونی جەستەو عەقڵ." ڕۆجەر بانیستەر.

1954 – 1058
- قوتابخانە حکومییەکان لە ئەمریکا بەرووی هەموو رەگەزەکاندا کرانەوە.

1955
- پەیمانی بەغدا لە نێوان عێراق و تورکیا و پاشتر ئێرانیشدا.
- بایکۆتی پاس لە مۆنتگۆمێری: بایکۆتی لێخورین و سواربوونی پاس لە شاری مۆنتگۆمێری لە ئالاباما وەك نارەزایی رەشپێستەکان دژی جیاکردنەوەیان لە سواربوونی پاسدا خالێکی وەرچەرخان بوو لە بزووتنەوەی مافی مەدەنیدا لە ئەمریکا.
- کیمیازانی بەلچیکایی بەرەگەز رووسی ئیلیا پریگۆگین باسی خاسییەتەکانی گەرماجوولەیی (سیرمۆدینامیکی) ئەو پرۆسانە کرد کە ناکرێت پێچەوانەبکرێنەوە وەك گۆڕانی وزە لەناو خانەی زیندوودا.
- بۆ یەکەمجار ئەڵماسی دەسکرد دروستکرا.
- بۆ یەکەمجار لە ئەمریکا ڤینسان دو ڤینیۆ هۆرمۆنێکی فرەپێپتیدی دروستکرد.
- دروستکردنی ژێردەیایی نۆتیلۆس لە ئەمریکا کە یەکەم ژێردەیایی بوو بە هێزی ناوکی کار بکات.
- تۆمارکردنی هۆڤەرکرافت (ئۆتۆمبیلی وشکاوەکی) بەناوی داهێنەری بەریتانیایی کریستۆفەر کۆکێریل.

1956

- سەرکوتکردتی ڕاپەڕینی هەنگاریا لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیێتەوە.
- ڕاپەڕینی پۆلۆنییەکان دژی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیێت و کەمی خۆراک.
- جەنگی دووەمی عەرەب و ئیسرائیل کە دەرەنجامێکی تری قەیرانی سویس بوو.
- سەربەخۆیی مەراکیش و سودان و تونس.
- هەوڵی کودەتای مارکسیستی لەلایەن فیدڵ کاسترۆ و چە گیڤارا لەدژی دیکتاتۆری سەربازی کوبا فولگینسیۆ باتیستا.
- دانانی یەکەم کێبڵی تەلەفۆنی بەمبەرو ئەوبەری ئەتلەسیدا.
- دۆزینەوەی تەنۆچکەی سەرەتایی نیوترینۆ لەلایەن کلاید کۆوان و فرێد راینێس.
- زەویناسانی ئەمریکایی بروس چارلس هیزین و مۆریس ئێوینگ تۆرێك لێرەوار و نشێویان لەناو ئۆقیانووسەکاندا دۆزییەوە کە رووی زەویی دابەشکردبوو بۆ ئاستی جیاجیا.
- بەرهەمهێنانی فلیمی ئاڵۆزی میتافیزیکی (مۆری حەوتەم) لەلایەن دەرهێنەری سویدی ئینگمار بێرگمان.
- یەکەم (فیستیڤالی پایزی وارشۆ) ی ساڵانەی مۆسیقای هاوچەرخ.
- دامەزرانی کۆمپانیای شانۆی ئینگلیزی کە بوو بە سەکۆیەك بۆ دراما و کارە نوێیەکان.
- قەیرانی کەناڵی سویس: خۆماڵیکردنی کەناڵی سویس



لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە بوو بەهۆی ئەوەی بەریتانیا و فەرەنسا هێرشی سەربازی بکەنە سەر میسر بەڵام بەهۆی گوشاری نێودەوڵەتییەوە کشانەوە و سەرەکوەزیرانی بەریتانیا ئەنتۆنی ئەیدن دەستی لەکارکێشایەوە.
"ئێمە لەگەڵ میسردا لەجەنگدا نین، لە ململانێیەکی چەکداریدان." ئەیدن.

1957

- دامەزرانی کۆمەڵگای ئابووری ئەورپایی لەلایەن شەش وڵاتەوە لەرێگەی پەیمانی رۆماوە.
- سەربەخۆیی گانا.
- دانانی تەلەسکۆپی رادیۆیی لۆڤێڵ لە روانینگەی جۆدرێل بانك لە مانچستەر لە بەریتانیا کە گەورەترین تەلەسکۆپی رادیۆیی بوو بە تیرەی 76 مەتر.
- یەکەم مانگی دەسکرد بە ناوی سپوتنیك لەلایەن یەکێتیی سۆڤیێتەوە خرایە فەزاو بەمەش سەردەمی فەزاگەڕی دەستی پێکرد.
- دروستکردنی یەکەم بزوێنەری بەنزینی سووڕاوە ( کە هێز راستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ پارچەی سووڕاوە) لەلایەن ئەندازیاری ئەلمانی فێلیکس وانکیل.
- بەرهەمهێنانی فلیمی (کەناڵ) لەلایەن دەرهێنەری پۆلۆنیایی ئەندرێ وایدا دەربارەی وارشۆ لەکاتی جەنگی دووەمدا.
- نمایشی شانۆی گۆرانیئامێزی (چیرۆکێك لای رۆژاوە) بەرهەمی مۆسیقادانەری ئەمریکایی لیۆنارد بیرنشتاین لە

نیویۆرك.

1958 • ئالاسکا بوو ولایەتێکی ئەمریکا.

• شۆرش لە عێراق: رووخانی رژێمی پاشایەتی لەلایەن سوپاوە.

• کودەتای سەربازی لە پاکستان.

• یەکگرتنی میسر و سوریا بۆ دامەزرانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی کە تا 1961 بەردەوام بوو.

• دروستکردنی یەکەم سووڕی ئەکەلکترۆنیی یەکانگیر (ئەنتیگرەیت).

• بەهۆی بەکارهێنانی رۆکێتەوە فیزیکزانی ئەمریکایی جەیمس ڤان ئالێن پشتێنەیەکی تیشکدانەوەی رادیۆیی بەدەوی زەویدا دۆزییەوە کە دواتر بەناوی خۆیەوە ناونرا.

• پێکهاتەی ترشی رایبۆنیوکلیك (RNA) دەستنیشان کرا.

• پزیشکی مندالبوونی ئینگلیزی ئیان دۆناڵد بووە پێشەنگی بەکارهێنانی ئەلتراساوند (سۆنار) بۆ دەستنیشانکردنی پزیشکی.

• یەکەم خولی پاڵەوانێتیی تۆپی پێی لە ئەوروپا.

• یەکەم دەرکەوتنی یاریزانی تۆپی پێی بەرازیلی پیلێ لە پاڵەوانێتیی کاسی جیهاندا.

1959 • سەرکوتکردنی راپەرینی تیبێت لەلایەن چینەوە، دەرگیری نێوان چین و هندستان لەسەر سنوور.

• شۆرشی کوبا: فیدڵ کاسترۆ رژێمی باتیستای رووخاند.

• هاوایی بوو بە ولایەتێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.



• پەیمانی نێونەتەوەیی پۆڵی خوارو بۆ هەڵپەساردنی کێشەی خاوەندارێتیی ناوچەکانی پۆڵی خوارو.

• جیاببونەوەی کۆنگرەی پان–ئەفریقایی لە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا کە پێشنیاری ئەوەی دەکرد تەنیا رەشپێستەکانی مافی ئەوەیان هەبێ فەرمانرەوایی ئەفریقای باشوور بکەن.

• ئۆتۆمبیلی بچکۆلە(مینی کار) لە لایەن ئەلێك ئینزیگۆنیس لەبەریتانیا هاتە گۆڕێ.

• کۆمپانیای دوپۆنت قوماشی لیکرای بەرهەمهێنا کە مادەیەکی لاستیکییە بۆ دروستکردنی جلوبەرگی تەسك و کشهاتووی وەرزشی بەکاردێت.

• یەکەم کەشتی سەر رووی ئاو کە بە وزەی ناوکی کار بکات بەناوی لینین لەلایەن یەکێتیی سۆڤیێتەوە دروستکرا. ئەمریکاش یەکەم کەشتیی بازرگانیی دروستکرد بەناوی ساڤانا کە بە وزەی ناوکی کاربکات.

• ژێردەریایی ئەمریکایی نۆتیلۆس بۆیەکەمجار بەژێر ئاودا بەناوچەی پۆڵی باکووردا تێپەڕی.

• دوا کاری تەلارسازی ئەمریکایی فرانك لۆید رایت بریتی بوو لە موزەخانەی گوگێنهایم لە نیویۆرك کە ساڵی مردنی خۆی تەواو بوو.

• سەرەتای بڵاوبوونەوەی سینەمای فەرەنسایی بەجیهاندا بەهۆی فلیمی ژان لوك گۆدارد بەناوی (هەناسەسوار).

1960 • کودەتای راسترەوەکان لە لاوس.

- قەدەغەکردنی چالاکیی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا لە ئەفریقای باشوور.
- کوشتاری شارپڤیل لە ئەفریقای باشوور کە لە خۆپیشاندانێکی دژی نەژادپەرستیدا 69 کەس کوژران.
- سەربەخۆیی کۆماری ئەفریقای ناوەراست، چاد، قوبروس، کەناری عاج، مەدەگاسکەر، مالی، نایجەر، نایجیریا، ڤۆلتای سەروو (بورکینا فاسۆ) و زائیر.
- هەڵدانی یەکەم مانگی دەسکردی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کەشناسی.
- بەرهەمهێنانی کۆمەڵێکی نوێ دەرمانی ئارامبەخشی سووک بەناوی بێنزۆدیازیپین (ڤالیۆم و لیبریۆم).
- نمایشی شانۆگەری (چاودێریکار) بەرهەمی نووسەری ئینگلیزی هارۆڵد پینتەر لە لەندەن.

"شێوەیەکی سەیرکردنی قسە ئەوەیە بڵێین قسە بریتیە لە هەولێکی پرپێچ و پەنای بەردەوام بۆ داپۆشینی ڕووتی." هارۆڵد پینتەر.

1961
- ئەو چەکدارە کوبابیانەی وڵاتیان بەجێ هێشتبوو بە یارمەتی چەك و راهێنانی ئەمریکا هەولێکی سەرنەکەوتوویان دا بۆ پەلاماردانی کوبا لە کەنداوی بەرازەکان دا.
- سەربەخۆیی سیرالیۆن و تانگانیکا.
- ئەفریقای باشوور بوو بە وڵاتێکی کۆماری و لە ڕێکخراوی کۆمۆنوێلس کشایەوە.



- دروستکردنی دیواری بەرلین لە لایەن کۆماری ئەڵمانیای کۆمۆنیستییەوە بە هەر چواردەوری بەرلینی رۆژاوادا بۆ جیاکردنەوەی.
- فرینی یەکەم کەشتیی ئاسمانیی و گەڕانەوەی بە مرۆڤەوە: کەشتیی ڤۆستۆك–1 ی سۆڤێتیی کە (یوری گاگارین) ی تێدابوو سوورێکی تەواوی بەدەوری زەویدا خوارد بە 89.3 خولەك، دوورترینی خاڵی خولگەکەی لە زەوییەوە 315 کیلۆمەتر و نزیکترین خالیشی 169 کیلۆمەتر بوو.
- کەشناس ئێدوار لۆرێنز سیستەمێکی لە بیرکاریدا دۆزیەوە کە رەفتاری خۆبەسەرییانە بوو کە ئەمەش بوو بەهۆی داهاتنی لقێکی نوێ لە بیرکاریدا دەربارەی تیۆریی بیرکاریی پەشێوی (کایۆس).
- چالاکبوونەوەی گڕکانی دوورگەی تریستان داکونها لە باشووری ئەتلەسی کە بووە هۆی ئەوەی دانیشتووانەکەی ئەو ناوە چۆڵ بکەن.
- پاڵەوانێتی ئەستێرەی سینەمای ئەمریکایی خانم مارلین مۆنرۆ لە دوا فلیمیدا بەناوی (ئەوانەی ناتوانن خۆیان بگونجێنن).

1962
- قەیرانی موشەکیی کوبا: رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیێت لە تشرینی یەکەمدا دوای ئەوەی سۆڤیێتییەکان لە کوبا بنکەی موشەکییان دامەزراند و مەترسیی جەنگی ناوکی هاتەکایەوە.
- سەربەخۆیی جەزائیر و جامایکا و ترینیداد و تۆگەندا.

- خستنەخوارەوەی فرۆکەی سیخوریی ئەمریکایی U2 لەسەر خاکی یەکێتیی سۆڤییێت و بەدیل گرتنی فرۆکەوانەکەی.
- پێکدادانی چەکداریی نێوان چین و هندستان لەسەر سنوور.
- دۆزینەوەی یەکەم تیشکی ئێکس لە فەزای دەرەوەی لەناو کۆمەڵە ئەستێرەی سکۆرپیۆس.
- زانای ئەمریکایی بینۆیت ماندیلبرۆت شێوازێکی داهێنا بۆ بەرنامەدانانی کۆمپیوتەر تا بتوانێت هەمان پرۆسەی بیرکاری دووبارە و چەندبارە ئەنجام بداتەوە.
- جۆن گلێن بەسواریی کەشتیی ئاسمانیی فرێندشیپ-7 یەکەم کەسی ئەمریکایی بوو بەدەوری زەویدا بسووڕێتەوە.
- مانگی دەسکردی ئەمریکایی تەلەستار، کە مانگێکی دەسکردی تایبەت بە گەیاندن بوو، توانی یەکەم بەرنامەی تەلەفزیۆنیی زیندوو لە ئەمریکاوە بۆ ئەورووپا بگوێزێتەوە.
- چاپی کتێبی (بەهاری خامۆش) نووسراوی سروشتناسی ئەمریکایی راشێل کارسۆن سەرنجی خەڵکی راکێشا بۆ زیانە درێژخایەنەکانی دەرمانە جانەوەرکوژەکان لەسەر ژینگە.

1963
- دامەزرانی رێکخراوی یەکێتیی ئەفریقا.
- سەربەخۆیی کینیا و مالیزیا.
- فەرەنسا داواکاریی بەریتانیای بۆ بوونەئەندامی کۆمەڵگای ئابووریی ئەورووپا ڤیتۆکرد.
- ئیمزاکردنی پەیمانی قەدەخەکردنی تاقیکردنەوەی ناوکی



لەنێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێیت و بەریتانیادا کە وای پێویست دەکرد تاقیکردنەوەی ناوکی تەنیا لە ژێر زەویدا ئەنجام بدرێت. بەڵام فەرەنسا و چین بەردەوام بوون لە تاقیکردنەوەی سەر زەوی و ژێر ئاو.
- کوژرانی سەرەک کۆماری ئەمریکا جۆن ف. کەنەدی لە دالاس (22 ی تشرینی دووەم).
- رەوی گەورەی داواکارانی مافی یەکسانی بۆ هەموو رەگەزەکان بۆ شاری واشنگتۆن بە سەرکردایەتی مارتن لوسەر کینگ.
- ڤالانتینا تریشکۆڤا لە یەکێتیی سۆڤییێت بە سواری ڤۆستۆک-6 بوو بە یەکەم ژنی ئاسمانگەڕ کە بچێتە فەزا.
- دروستکردنی یەکەم کۆمپیوتەری بچووک لەلایەن کۆمپانیای دیجیتال ئیکویپمێنت (DEC).
- دروستکردنی یەکەم ژمێرەری ئەلەکترونی لەلایەن کۆمپانیای بێل پەنچ.
- دروستکردنی ریشاڵی کاربۆن(ریشاڵی گرافیت) لەلایەن لێسلی فلیپس و هاوکارانی لە دەزگای فرۆکەسازی پاشایی بەریتانیا.
- بەرهەمهێنانی یەکەم لەیزەر لەلایەن فیزیکزانی ئەمریکایی سیۆدۆر مایمان.
- دۆزینەوەی یەکەم کوازار کە تەنی ئاسمانیی ئەستێرەئاسای بچووکن لە فەزای دووردا.
- میسرناسی بەریتانیایی والتەر ئیمێری توانی ببێتە

پێشەنگی رزگارکردنی شوێنەوەرەکان بە گواستنەوەی پەرستگاکانی ئەبو سمبێل لە نوبا لە میسر پێش ئەوەی ناوچەکەی ببێت بەژێر ئاوی بەنداوی ئەسوانەوە.

- وێرانبوونی شاری سکۆپیە لە یوگسلاڤیا بە بومەلەرزە.
- بڵاوبوونەوەی یەکەم تۆماری فۆنۆگراف گۆرانییەکانی تیپی بیتلز لە بەریتانیا و سەرەتای بیتلمانیا(شەیدایی بیتلز).

1964
- سەربەخۆیی مالاوی و مالتا و زامبیا.
- دروستبوونی تەنزانیا بە یەکگرتنی تانگانیکا و زانزیبار.
- زیندانی کردنی نیلسۆن ماندیلا و سەرکردەکانی تری کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا لە ئەفریقای باشوور.
- لەسەرکار لابردنی نیکیتا خرۆچێڤ لە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیێت.
- گرژی نێوان تورکیا و یۆنان لەسەر قوبروس.
- دامەزرانی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین.
- جەنگی نێوان ئیندۆنیسیا و مالیزیا.
- بەرهەمهێنانی سیستەمی IBM-360 کە یەکەم دەستە کۆمپیوتەری بەربڵاوبوو.
- دۆزینەوەی کوارك کە تەنۆچکەیەکی سەرەتاییە لەلایەن زانایان مورای جێل–مان و جۆرج تزوایگ لە ئەمریکا.
- خستنەکاری شەمەندەفەری شینکانسێن (گوللە) لەلایەن هێڵی ئاسنی نەتەوەیی ژاپۆنەوە لەنێوان ئۆساکا و تۆکیۆدا، کە خێراییەکەی 210 کم بوو لە کاتژمێرێکدا.
- محەمەد عەلی (کە ئەوکاتە ناوی کاسیۆس کلای) بوو، بوو



بە پاڵەوانی جیهان لە مشتوەشێنی (بۆکسێن)ی کێشی قورسدا.

1965
- سەرەکوەزیرانی رۆدیسیا، ئیان سمیس کە لایەنگری جیاکردنەوەی رەشپێست و سپی پێست بوو، یەك لایەنە سەربەخۆیی لە بەریتانیا راگەیاند و ئۆپۆزیسیۆنیشی قەدەخەکرد
- سەربەخۆیی گامبیا.
- کشانەوەی سەنگاپوور لە فیدراسیۆنی مالیزیا.
- سەربازەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا چوونە ڤێتنامەوە.
- سەربازەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا پەلاماری کۆماری دۆمینیکانیان دا.
- جەنگی هندستان و پاکستان لەسەر کشمیر.
- دروستکردنی ئەنسۆلین.
- یاساخکردنی دەرمانی هەلوەسەسازی LSD (لایسێرجیك ئەسید دایئەسیلەماید) لە ئەمریکا ( لە بەریتانیا ساڵی 1966).
- پسپۆری مۆسیقای ئەلەکترۆنیی ئەمریکایی رۆبێرت مووگ سایزەرێکی دروستکرد کە هەنگاوێکی گەورە بوو لە برەوپێدانی مۆسیقای ئەلەکترۆنیدا.
- بڵاوبوونەوەی ساوندتراکی فلیمی (دەنگی مۆسیقا) بە مۆسیقای رۆجەرز و لیریکی هامەرشتاین کە تا دوو ساڵ لە ریزی پرفرۆشەکاندا مایەوە.
- گۆرانیبێژ و گۆرانینووسی ئەمریکایی بۆب دیلان ئەلبوومی

(شارێگای 61) ی بڵاوکردەوە کە یەکێك بوو لە سەرکەوتووترین بەرهەمەکانی.

1966
- سەربەخۆیی بۆتسوانا و گویانا و لیسۆتۆ.
- فەرەنسا ڕێکخراوی ناتۆی بەجێهێشت.
- دەستپێکی شۆرشی کلتووری لە چین: ماو تسیتۆنگ بە بیانووی پاکردنەوەی پارت و کۆمەڵگا لە کەسانی بۆرژوازی و دژ بە شۆرش کەوتە سەرکوتکردنی هونەرمەندان و رۆشنبیران و کەسانی ئەکادیمی و خەڵك بەگشتی.
- دامەزرانی پارتی پڵنگی رەش لە ئەمریکا کە پارتێکی یاخیی نەیار بوو دژی فەرمانرەوایی سپی پێستەکان.
- دۆزینەوەی نەوت لە ژێر دەریای باکووردا کە دەکەوێتە نێوان بەریتانیا و سکاندیناڤیا.
- دەرچوونی یاسایەك لە کالیفۆرنیا بەمەبەستی کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا بەهۆی ئۆتۆمبیلەوە.
- هاوکاریی تیپی پێشەنگی رۆکی ئەمریکایی (ڤێلڤێت ئەندەرگراوند) لەگەڵ هونەرمەندی پۆپ ئەندی وارهۆڵ لە نیۆیۆرك.

1967
- جەنگی شەش رۆژەی عەرەب و ئیسرائیل (5–10 ی حوزەیران): میسر هێزێکی زۆری کۆکردبووە بۆ پەلاماردانی ئیسرائیل، بەڵام لە پەلامارێکی ناکاودا هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل فرۆکەو بنکە ئاسمانییەکانی میسری تارومارکرد و پاشانیش دەستی گرت بەسەر سینا و بەرزاییەکانی جۆلان و کەناری رۆژاوا و غەززە و رۆژهەڵاتی قودسدا.



- جیابوونەوەی ولایەتی بیافرا لە نایجیریا و راگەیاندنی سەربەخۆیی کە بووە هۆی جەنگ و تا 1970 ی خایاند و نزیکەی یەك ملیۆن کەس کوژر و دیسان خرایەوە سەر نایجیریا.
- کودەتای سەربازی لە یۆنان.
- کوژرانی چە گیڤارا لە بۆلیڤیا.
- تێکشکانی کەشتیی سوپەرتانکەری نەوت (تۆری کانیۆن) کە 120 هەزار تەن نەوتی هەڵدەگرت، لە کەناری رۆژاوای ئینگلتەرا کە بووە هۆی گەورەترین رژانی نەوت و کارەساتێکی ژینگەیی.
- ئەنجامدانی یەکەم نەشتەرگەریی چاندنی دڵی مرۆڤ لەلایەن پزیشکی ئەفریقای باشوور کریستیان بارنارد.
- مردنی یەکەم کەس لە بواری لێکۆڵینەوەی فەزادا کاتێك ڤلادیمیر کۆمارۆڤ لە یەکێتیی سۆڤیێت لەکاتی نیشتنەوەدا لە کەشتیی ئاسمانیی سۆیوز–1 کەشتییەکەی تێکشکا و گیانی لەدەست دا.
- دۆزینەوەی یەکەم پەلسار کە ئەستێرەیەکی بچووك و زۆر چڕ و بەساڵاچووە، لەلایەن گەردوونزانانی بەریتانیایی جۆسلین بێڵ و ئەنتۆنی هێویش.
- پرۆژەی چاکسازیی یاسای لەباربردن لە بەریتانیا کۆتایی بە بە دزییەوە لەباربردنی کۆرپە هێنا.
- ئەلبوومی (ئایا تۆ ئەزموونت هەیە) بەرهەمی گیتارژەنی ئەمریکایی جیمی هێندریکس بووە هۆی ئەوەی گیتار

برەوێکی زۆر پەیدا بکات.

- چاپی ڕۆمانی خەیاڵی–ریالیستیی (سەد ساڵ تەنیایی) بەرهەمی نووسەری کۆلۆمبیایی گابرییێل گارسیا مارکیز.

1968
- بەهاری پراگ: فراوانبوونی ئازادییە کەسییەکان لە چیکۆسلۆڤاکیا لەسەردەمی فەرمانرەوایی ئەلێکساندەر دوبچێك کە لە کانوونی دووەم تا ئاب بەردەوام بوو تا ئەوەی بە فەرمانی یەکێتیی سۆڤییێت، هێزەکانی پەیمانی وارشۆ پەلاماریان دا و چیکۆسلۆڤاکیایان داگیرکرد و کۆتاییان بە چاکسازیی هێنا.
- سەربەخۆیی مۆریشیۆس.
- هێرشی تێت لە ڤێتنام: هێزەکانی ڤێتکۆنگ (بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەیی) هێرشێکی درێژخایەنیان کردە سەر سایگۆن پایتەختی ڤێتنامی باشوور.
- کوشتاری مای لای لە ڤێتنامی باشوور بەدەستی سەربازانی ئەمریکایی کە تێیدا نزیکەی 500 کەسی مەدەنی بێرەحمانە کوژران.
- سەرەتای سەرهەڵدانی توندوتیژی لە ئێرلاندی باکوور.
- فرینی یەکەم فڕۆکەی نەفەربەریی بەخێرایی زیاتر لە خێرایی دەنگ کە بریتی بوو لە فڕۆکەی رووسیی TU-144.
- لابردنی سانسۆر لەسەر شانۆگەری لە بەریتانیا.
- گروپی چەپی تێرۆریستیی ئەلمانی بادەر–ماینهۆف (سوپای سوور) دەستی کرد بە چالاکی دژی هێزەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئەورووپا.



- کوژرانی بەرگریکاری مافی مەدەنی رەشپێستەکانی ئەمریکا مارتن لوسەر کینگ.

"خەونی من ئەوەیە رۆژێك دادێت هەر چوار منداڵە وردەکەم لەناو وڵاتێکدا دەژین کە حوکمدان بەسەریاندا بەپێی رەنگی پێستیان نابێت بەڵکو بە ناوەرۆکی کەسایەتاییان دەبێت." مارتن لوسەر کینگ لە وتەیەکدا لە واشنگتۆن 1963.

1969
- شۆرشی لیبیا: موعەممەر قەززاف رژێمی پاشایەتی روخاند و وڵاتێکی تاك–حیزبیی سۆشیالیستی ئیسلامیی دامەرزاند.
- لە شەڕی ڤێتنامدا، ئەمریکا دەستی کرد بە بۆردمانی ئاسمانیی کەمبۆدیا کە وڵاتێکی بێلایەن بوو.
- یەکەم دابەزینی مرۆڤ لەسەر مانگ لەلایەن ئاسمانگەرانی ئەمریکاییەوە بە کەشتیی ئاسمانیی ئەپۆلۆ–2: نیل ئارمسترۆنگ یەکەم کەس بوو هەنگاوی نایە سەر مانگ لە 20 ی تەموزدا.

"هەرچی یانکییەکانیشە هیچ مەراقێکیان نیە ئەوەنەبێ دەست بگرن بەسەر ئەم کیشوەر تازەیەی ئاسماندا (مانگ) و لەسەر لوتکەی بەرزترین گردی، ئاڵا پڕ لە ئەستێرەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان بچەقێنن." ژوول ڤێرن 1865.

1970
- سەلڤادۆر ئالێندی بوو بە سەرۆکی چیلی کە بەمجۆرە بوو بە یەکەم سەرۆکی دەوڵەتێکی مارکسی کە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێردرابێت.

- رووخانی رژێمی شازادە سیهانۆك لە کەمبۆدیا لەلایەن لۆن نۆل بە پاڵپشتی ئەمریکا.
- هەڵدانی مانگی دەسکردی لونا–17 ی سۆڤیێتی کە دوایی توانی وێنەی فۆتۆگرافیی مانگ بگرێت و خاکی سەر رووی مانگ شیبکاتەوە.
- بۆ یەکەمجار فرۆکەی جێتی بۆینگ–747 کە 500 نەفەری هەڵدەگرت دەستی کرد بە خزمەت.

1971
- پاکستانی رۆژهەڵات جیابووەو بوو بە وڵاتی بەنگلادیش.
- چین چووە ناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- دامەزرانی گروپەکانی ژینگەپەروەری گرین پیس و هاورێیانی زەوی.
- لە رووی تیۆرییەوە دیاردەی سوپەرگەیەنەری پێشنیار کرا بەو مانایەی کە بەرگریی هەندێ کانزا بۆ تێپەڕبوونی تەزووی کارەبا لە پلەی گەرمای زۆر نزمدا دەبێت بە هیچ.
- راگەیاندنی دروستکردنی یەکەم مایکرۆپرۆسێسەر (ئینتێل–4004).
- دۆزینەوەی نیمچە ڤایرۆسەکان (وردترین ڤایرۆسەکان) لە دەرەوەی لەشدا.
- دامەزرانی یەکەم وێستگەی فەزایی لە ئاسماندا بەناوی سالیوت–1 لەلایەن یەکێتیی سۆڤیێتەوە.

1972
- سەربەخۆیی سریلانکا.
- ئۆگەندا دەستی کرد بە دەرکردنی ئەو هاووڵاتییانەی کە بەرەگەز ئاسیایی بوون.



- کوژرانی 13 خۆپیشاندەر لە ئێرلاندی باکوور لەلایەن هێزەکان بەریتانیاوە و دانانی حوکمی راستەوخۆی بەریتانیا بەسەر ئەو ناوچەیەدا.
- ئیمزاکردنی پەیمانی سنووردارکردنی چەکە ستراتیژییەکان (سالت–1) لە نێوان یەکێتیی سۆڤیێت و ئەمریکادا بەمەبەستی راگرتنی پەرەدان بە چەکی ناوکی.
- بەکارهێنانی تۆمۆگرافیی تەوەریی کۆمپیوتەری (کات سکان) بۆ یەکەمجار بۆ وێنەگرتنی لەشی مرۆڤ کە ئەندازیاری ئینگلیزی گۆدفرای هۆنسفیلد دای هێنا.
- لە ئۆلۆمپیادی میونیخ دا لە ئەلمانیای رۆژاوا رێکخراوی ئەیلولی رەشی فەلەستینی چەند وەرزشکارێکی ئیسرائیلیان بە بارمتە گرت و سەرەنجام 11یان کوشتن. هەر لەم ئۆلۆمپیادەدا جیمناستیکبازی سۆڤیێتی ئۆلگا کۆربوت سێ مەدالیای زێڕی بەدەست هێنا.

1973
- کودەتای سەربازی لە چیلی بە پالپشتی ئەمریکا و کوژرانی سەرۆك سەلڤادۆر ئالیندێ.
- بەریتانیا و ئێرلاند و دانیمارك چوونە ناو کۆمەڵگای ئابووری ئەورووپاوە.
- هێزەکانی ئەمریکا ڤێتنامیان بەجێ هێشت کە بەهۆی جەنگەوە وێران بووبوو.
- جەنگی عەرەب و ئیسرائیل (جەنگی ئۆکتۆبەر،جەنگی تشرین): هێزەکانی میسر و سووریا لە پەلامارێکی چاوەروان نەکراودا لە جەژنی جووەکاندا لە بەرزاییەکانی

جۆلان و بیابانی سینا پێشرەویی باشیان کرد بەڵام سەرنجام هێزەکانی ئیسرائیل پاشەکشەیان پێ کردن و ئاگربەست راگەیەندرا.

- بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کە بووە هۆی دارمانی ئابووری جیهان.
- کۆنفرانسی هێلسنکی دەربارەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا.
- دانانی یەکەم وێستگەی فەزایی ئەمریکا بەناوی سکایلاب-2.
- دەرهێنەری ئەمریکایی مارتن سکۆرسێس بە فلیمی ( Mean streets ) لێهاتوویی خۆیی سەلماند.

1974
- رووخانی دیکتاتۆریەت لە پورتوگال.
- دابەشبوونی قوبروس بۆ بەشێکی باکووری تورکی و باشووری یۆنانی.
- سوپای کۆماریی ئێرلاندی (IRA ) مەودای هێرشەکانی بەرفراوان کرد بۆ سەر خاکی بەریتانیا.
- دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەمریکا ریچارد نیکسۆن بەهۆی ریسوایی واتەرگەیت کە ساڵی 1972 دەستی پێکردبوو.
- دروستکردنی کۆمپیوتەری CLIP4 لەلایەن جۆن باکۆس لە کۆمپانیای IBM.
- پووچ کردنەوەی یاسای کۆچی "ئوسترالیای سپی" لە ئوسترالیا کە رێگەی لە کۆچی کەسانی غەیری سپی دەگرت



بۆ ئوستراليا.

- شوێن پێی نیمچەمرۆڤێك كە ناو نرا لوسی لە ناوچەی لایتۆلی لە ئەسیوپیا دۆزرایەوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ 3-3.7 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا.

1975
- دانانەوەی سیستەمی پاشایەتی لە ئیسپانیا لەگەڵ مردنی فرانکۆ دا.
- سەربەخۆیی کۆلۆنییەکانی پورتوگال وەك مۆزامبیق و ئەنگۆلا.
- جەنگی ناوخۆ لە ئەنگۆلا.
- سەربەخۆیی سورینام، 40٪ ی دانیشتووان کۆچیان کرد بۆ هۆڵاند.
- سەرنگونی رژێمی لۆن نۆل لە کەمبۆدیا لەلایەن خمێرە سوورەکانەوە، شاری فنۆم پن بەزۆر چۆڵ کرا.
- کۆتایی جەنگی ڤێتنام، سایگۆنی پایتەختی باشوور کەوتە دەستی هێزەکانی ڤێتکۆنگ.
- سەرەتای جەنگی ناوخۆ لە لوبنان.
- دامەزرانی حکومەتی کۆماریی کۆمۆنیستیی لە لاوس.
- سەربەخۆیی پاپوا نیوگینیا لە ئوستراليا.
- کەشتیی ئاسمانی ئەپۆلۆ-18 ی ئەمریکایی و سۆیوز-19ی سۆڤیێتی فڕینێکی هاوبەشیان ئەنجام دا و لە فەزادا بەیەك گەیشتن.
- دۆزینەوەی ئاوێتە تریاکییە سروشتییەکانی ناو لەش (ئازاربەرەکانی ناو مێشك) دەرگای نوێی لە لیکۆلینەوەی

کیمیای مێشکدا کردەوە.

- بەرهەمهێنانی یەکەم کۆمپیوتەری کەسی (پی سی یا مایکرۆکۆمپیوتەر) بەناوی ئەلتەیر.

1976
- یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە پورتوگال لەماوەی 50 ساڵی رابوردوودا.
- ئاژاوە لە ئەفریقای باشوور بەهۆی ئەوەوە بریاردرا زمانی ئەفریکاناس لە قوتابخانە ئەفریقاییەکاندا بەکاربهێنرێت.
- یەکگرتنەوەی ڤێتنامی باکوور و باشوور لە یەك کۆماری سۆشیالیستیدا.
- تیمۆری رۆژهەڵات کە پاش کشانەوەی پورتوگال سەربەخۆیی خۆی راگەیاندبوو لەلایەن ئەندەنووسیاوە داگیرکرا و خرایە سەر ئەو وڵاتە.
- فرۆکەی ئینگلیزی–فەرەنسایی کۆنکۆرد کە لەماوەی کەمتر لە 3 کاتژمێردا بەسەر ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا پەرپیبۆوە، خرایە بەر بەکارهێنانی بازرگانی.
- بومەلەرزە لە چین بووە هۆی وێرانبوونی شاری تانگشان و مردنی زیاتر لە 200 هەزار کەس.
- زانای هندی ئەمریکایی هار گۆبیند هۆرانا و هاوکارەکانی توانیان جینێکی دەسکرد بخەنە ناو لەشی بەکتریایەکەوە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە بەکتریاکەدا کاری کرد. ئەمەش پێشەکەوتنێکی گەورەبوو لەبواری ئەندازی بۆماوەییدا.
- بە بڵاوبوونەوەی گۆرانیی (گێرەشێوێنی لە بەریتانیا)



بەرهەمی تیپی پەنك–رۆکی (سێکس پیستۆلس)، ئەو جۆرە گۆرانییە لە بەریتانیادا بڵاو بووەوە زۆری پێ نەچوو شێوازی پەنك بوو بەباو لەناو لاوانی جیهاندا.

1977
- کودەتای سەربازی لە پاکستان.
- ئیسرائیل لە کەناری رۆژاوا جێگیربوو.
- مردنی ستیڤ بیکۆ بەرگریکار لە مافە مەدەنییەکانی ئەفریقای باشوور لە کاتێکدا لە دەستبەسەری پۆلیس بوو.
- دۆزینەوەی ئەلقەکانی هەسارەی یورانۆس.
- رەوانەکردنی کەشتی ئاسمانیی ڤۆیەجەر –1 و ڤۆیەجەر–2 لەلایەن ئەمریکاوە کە لە 1979–1981 دا کە دوایی بەلای مشتەری و زوحەل دا تێپەرین.
- دانانی یەکەم کێبڵی گەیاندنی دوور لە جۆری ریشاڵە رووناکی (فایبرۆئۆپتیك) لە کالیفۆرنیا.

1978
- رێکەوتننامەی کامپ دێڤید لە نێوان میسر و ئیسرائیل بەمەبەستی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست.
- ئیسرائیل پەلاماری باشووری لوبنانی دا.
- لە ئەفغانستان گروپێکی سەربازی دەسەڵاتی گرتە دەست.
- لەدایکبوونی یەکەم منداڵی تێست تیوب لە بەریتانیا کە لەدەرەوەی لەشدا پیتنرابوو.
- بۆ یەکەمجار ئەنسولینی مرۆڤ لە رێگەی ئەندازەی بۆماوەییەوە بەرهەم هێنرا.
- کەشتیی ئاسمانیی پایۆنیر ڤینەس 1 و 2 گەیشتنە دەوروبەری هەسارەی زوهرە.

- سوپەرتانکەری نەوتبەری (ئامۆکۆ کادیز) لەنزیک کەنارەکانی بریتانی لە فەرەنسا بوو بەدوو کەرتەوە و نزیکەی 250 هەزار مەتری سێجا نەوتی رشتە دەریاوە.
- بۆ یەکەمجار دیسکی کۆمپاکت (سی دی) نیشان درا.
- تیپە سوورەکان کە ڕێکخراوێکی یاخیی مارکسی–لینینی بوو لە ئیتالیا ئەلدۆ مۆرۆی سەرەکوەزیرانی ئیتالیای رفاند و کوشتی.

1978 – 1979

- زستانی نارەزایی لە بەریتانیا: زنجیرەیەك مانگرتن و بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی پارتی کرێکاران.
- هێرشی ڤێتنام بۆ سەر کەمبۆدیا (1978) و رووخانی حکومەتی خمێری سوور لە کەمبۆدیا.

1979

- یەکێتیی سۆڤییێت پەلاماری ئەفغانستانی دا و حکومەتێکی کارتۆنیی لەوێ دامەزراند کە بوو بەهۆی جەنگێکی ناوخۆی درێژخایەن لە نێوان هێزەکانی سۆڤییێت و حکومەتی ئەفغانی و موجاهیدانی ئیسلامیدا.
- چین بۆ ماوەیەکی کەم پەلاماری ڤێتنامی دا.
- پاش سەرکەوتنی پارتی پارێزگاران لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیادا، خاتو مارگەرێت تاتچەر بوو بە سەرەکوەزیران.
- لە نیکاراگوا، هێزەکانی ساندینیستا (بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەیی ساندینیستا) کۆتاییان بە رژێمی دیکتاتۆر ئەناستاسیۆ سۆمۆزا هێنا.
- شۆرشی ئیسلامی لە ئێران بە رابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی و رووخانی رژێمی پاشایەتی.



- ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل: ئیسرائیل رازی بوو لە نیمچە دورگەی سینا بکشێتەوە.
- کارەساتی ریئاکتۆری ناوکی لە دوورگەی (سری مایل) لە پەنسلڤانیا لە ئەمریکا.
- هەڵدانی کەشتیی ئاسمانی ئەوروپایی ئاریان–1 لەلایەن ئاژانسی فەزایی ئەوروپاوە کە بۆ رەوانەکردنی مانگی دەسکرد بۆ فەزا بەکاردەهێنرا.
- دۆزینەوە و کنەکردنی شوێنەواری شاری تینۆچتیتلان، پایتەختی شارستانیەتی ئازتێك لە ژێر ناوچەیەکی شاری مەکسیکۆسیتی دا.
- شەمەندەفەری موگناتیسی (ماگلێڤ) ی سەر بە هێڵی ئاسنی نەتەوەیی ژاپۆن ML-500 تاقیکرایەوە و خێراییەکەی گەیشتە 517 کم لە کاتژمێرێکدا.
- دەرهێنەری سۆڤییێتی ئەندرێ تارکۆڤسکی فلیمی خەیاڵی زانستیی رەمزیی (رێنما) ی بەرهەم هێنا.
- سەرهەڵدانی مۆسیقای راپ لە نیویۆرك کە لە ماوەی دەساڵی داهاتوودا بوو بە یەکێك لە شێوازە باوەکانی مۆسیقای پۆپ.

1980

- دامەزرانی (سۆلیداریتی) لە پۆلۆنیا کە بریتی بوو لە کۆنفیدراسیۆنی نەتەوەیی نەقابە سەربەخۆکانی ئەو وڵاتە.
- سەربەخۆیی زیمبابوێ (رۆدیسیا).
- دەستپێکی جەنگی ئێران و عێراق کە بووە هۆی کوژرانی نزیکەی یەك ملیۆن کەس.

- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕایگەیاند نەخۆشیی ئاوڵە لە جیهاندا قەڵاچۆ بووە.
- بۆ یەکەمجار نەخۆشیی ئەیدز (کۆنیشانەی کەمبوونەوەی بەدەستهاتووی بەرگری لەش) لە ئەمریکا ڕاپۆرت کرا.
- پیشەسازی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل لە ژاپۆن کەوتە پێش ئەو پیشەسازییەی ئەمریکاوە.
- تەقینەوەی بورکانی شاخی مۆنت سانت هێلینس لە ولایەتی واشنگتۆن کە بووە هۆی وێرانبوونی 600 کم چوارگۆشە زەوی.

1981
- کوژرانی ئەنوەر سادات سەرەك کۆماری میسر.
- یۆنان پەیوەندی کرد بە کۆمەڵگای ئەوروپاوە.
- ڕۆناڵد ریگان کە سەر بە پارتی کۆماری بوو و پێشتر ئەکتەری سینەما بوو، بە سەرەك کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا.
- یەکەم کەشتیی ئاسمانی سەرنشیندار کە بتوانرێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە لە ئەمریکا خرایە کار، مەکوکی فەزایی کۆلۆمبیا.
- کەناڵی تەلەفزیۆنی مۆسیقایی MTV دەستی کرد بە پەخشی بەردەوامی بەرنامەی مۆسیقای پۆپ.
- یەکەم سیستەمی گرافیکی ئیشپێکردنی کۆمپیوتەر بۆ بەکارهێنەر (graphical user-interface system) داهێنرا بەناوی Xerox Star.
- کۆمپانیای IBM کۆمپیوتەری کەسیی IBM ی دروستکرد.



- شەمەندەفەری تیژەوی فەرەنسا تێ ژێ ڤێ (TGV) لە نێوان پاریس و لیۆن دا بە خێرایی 270 کم لە کاتژمێرێکدا کەوتە کار.

1982
- ئیسپانیا چوو ناو پەیمانی ناتۆ.
- جەنگی فۆلکلاند لەنێوان بەریتانیا و ئینگلتەرا.
- ئیسرائیل پەلاماری لوبنانی دا.
- کوشتاری فەلەستینییەکان لە ئۆردوگاکانی سەبرا و شاتیلا.
- توخمی ژمارە 109 کە ناوی نرا یونیلێنیۆم، لە ئەلمانیا دروست کرا.
- دامەزراندنی داتابەیزی جینەکان لە هایدلبێرگ لە ئەڵمانیا بۆ تاقیگەی زیندەزانی مۆلیکیولیی ئەوروپا و، لە لۆس ئالامۆس لە نیومەکسکۆ بۆ تاقیگە نەتەوەییەکانی ئەمریکا.
- پاشماوەی کەشتی جەنگیی (ماری رۆز) ی سەردەمی پاشای ئینگلیز هێنری هەشتەم کە لە 1545 دا نوقم بووبوو، لە بنی دەریا دەرهێنرا.

1983
- ئەمریکا پەلاماری گرینادادی دا.
- نیشتەجێکردنی یەکەم مووشەکە خۆئاراستەکارەکان (مووشەکی کرووز) ی ئەمریکا لە ئەوروپا.
- دۆزینەوەی ڤایرۆسی هۆکاری نەخۆشی ئەیدز (HIV) لە پەیمانگای پاستۆر لە پاریس لەلایەن لوك مۆنتانیە. لە ئەمریکاش ڕۆبێرۆت گالۆ لە پەیمانگی نەتەوەیی شێرپەنجە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڤایرۆسەکەی

دۆزییەوە.

- یەکەم بەرهەمی ئەندازەی بۆماوەیی کە بەشێوەیەکی بازرگانی بەرهەم هێنرابێت کەوتە بازارەوە کە بریتی بوو لە هۆرمۆنی ئەنسولین.
- دۆزینەوەی بەڵگەی هەبوونی ویکۆن (تەنوچکەکانی W و Z) لە تاقیگەی ناوکی ئەوروپا کە ئەمەش پەیوەندیی نێوان هێزی ناوکی لاواز و هێزی کارۆکوگناتیسی سەلماند.

1984
- لە شاری بۆپاڵ لە ناوەراستی هندستان زیاتر لە 2600 کەس مردن کاتێ گازی ژەهراویی میسایل ئایزۆسیانەیت لە کارگەیەکی کیمیاییەوە کە هی کۆمپانیای (یونیەن کارباید) ی ئەمریکایی بوو، دەرباز بووە ناو هەوا.
- بەریتانیا چینی دڵنیا کردەوە کە بەپێی رێکەوتنەکە لە ساڵی 1997 دا ناوچەی هۆنگ کۆنگ رادەستی چین دەکاتەوە.
- گرانی و برسێتی لە ئەسیوپیا کە بووە هۆی ئەوەی کۆمەکی جیهانی روو بکاتە ئەو وڵاتە.
- پاراستنی کلتووری دانیشتوانە رەسەنەکانی ئۆسترالیا شێوەیەکی یاسایی وەرگرت.
- مردنی فەیلەسوفی فەرەنسایی میشێل فۆکۆ کە پێکهاتەی دەسەڵاتی لە ناو کۆمەڵگادا شیکردەوە.
- بەرهەمهێنانی ڤاکسین (پێکوتە) دژی نەخۆشی گەڕی.
- کۆمپانیای ئەپڵ کۆمپیوتەری ماکینتۆشی بەرهەم هێنا.

1985
- هاتنە سەر کاری سەرۆک میخایل گۆرباچێڤ لە یەکێتیی



سۆڤییەت.

- ژاپۆن بوو بە گەورەترین وڵاتی قەرزدەر لە جیهاندا.
- دۆزینەوەی فولێرێن کە بریتیە لە ئەتۆمێکی گەورەی کاربۆن کە پێکهاتووە لە قەفەزێکی داخراوی چەند ئەتۆمێکی کاربۆن، لەلایەن زانایانی ئینگلیزی هارۆلد کرۆتۆ و داڤید والتۆن لە زانکۆی سەسێکس.
- دۆزینەوەی پەنجەمۆری بۆماوەیی لەلایەن بۆماوەزانی بەریتانیایی ئالێك جێفریس.
- دۆزینەوەی یەکەم جین کە بەرپرسیارە لە نەخۆشیی شێرپەنجە، شێرپەنجەی چاو لەجۆری رێتینۆبلاستۆما، لە لایەن توێژەرەکانەوە لە ماسەچوسێتس لە ئەمریکا.
- تیمیکی بەریتانیایی کە لێکۆلینەوەیان لە ناوچەی پۆڵی باشوور دەکرد، بۆیان دەرکەوت چینی ئۆزۆن لە ئاستی پۆڵی باشوور کونێکی تێدایە.

1986
- ئاشکرابوونی ریسوایی ئێرانگەیت لە ئەمریکا: مامەڵەی نهێنی لەگەڵ ئێراندا کە فرۆشتنی چەکی دەگرتەوە بەرامبەر بەردانی بارمتە ئەمریکاییەکانی تاران، هەروەها پارەتەرخانکردنی نهێنی بۆ جەنگاوەرکانی کۆنترا کە دژی حکومەتی چەپی نیکاراگوا دەجەنگین.
- ئیسپانیا و پورتوگال چوونە ناو ریکخراوی کۆمەڵگای ئەوروپایی.
- ئەمریکا بۆردمانی لیبیای کرد بەتۆمەتی ئەوەی لیبیا دەستی هەبووە لە چەند چالاکییەکی تێرۆریستیدا لە دژی

ئەمریکا.

- رووخانی رژێمی سەرۆک فێردیناند مارکۆس لە فلیپین بەشێوەیەکی ئاشتییانە بە نارەزایی جەماوەری، کۆرازون ئەکینۆ بە سەرۆک هەڵبژێدرا.
- سەرۆک میخایل گۆرباچێڤ پرۆسەی پێریسترۆیکا (چاکسازی) و گلاسنۆست (شەفافیەت) ی لە یەکێتیی سۆڤیێتی دەست پێکرد.
- کارەساتیی ریئاکتۆری ناوکیی چێرنۆبیل لە ئۆکرانیا کە بووە هۆی مردنی 250 کەس و ئالودەبوونی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە بە تیشکدانەوەی رادیۆیی.
- بیگ بانگ: خاوکردنەوەی یاسا مالییەکانی پەیوەندیدار بە بازاری بۆرسی لەندەن.
- کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی راوەنەهەنگ لەسەر ئەوە رێکەوتن راوکردنی نەهەنگ بەمەبەستی بازرگانیی قەدەغە بکرێت.
- دۆزینەوەی یەکەم سوپەرگەیەنەر لەلایەن زانایانی کۆمپانیای (IBM) ـەوە کە لە پلەی گەرمای بەرزدا کاربکات کە دەیتوانی بەبێ بەرگری لە پلەی 35 کێلڤین دا کارەبا بگەیەنێت.
- تەقینەوەی مەکوکی فەزایی ئەمریکایی چالێنجەر کەمێک پاش هەستانی کە بووە هۆی کوژرانی هەر 7 سەرنشینەکەی.
- کەشتیی ئاسمانیی ڤۆیەجەر-2 بەلای هەسارەی ئۆرانوس



دا تێپەڕی و شەش مانگی نوێی دۆزییەوە.

- ڤیڤ ریچاردس بوو بە کاپتنی تیپی کریکێتی دورگەکانی ئیندیسی رۆژاوا.

1987
- ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیێت (پەیمانی هێزە ناوکییە مامناوەندییەکان) یان ئیمزاکرد بەمەبەستی کەمکردنەوەی مووشەکەکانی سەر زەوی.
- دەستپێکی راپەرین (ئینتیفازە) لە فەلەستین کە لە شاری غەززەوە دەستی پێکرد و بڵاوەی کرد بۆ ناوچە داگیرکاوەکانی تری ژێر دەستی ئیسرائیل.
- دووشەممەی رەش: 19ی تشرینی یەکەم کە لەسەراسەری جیهاندا بازارەکانی بۆرس دارمان.
- دەستپێکی کاری دروستکردنی تونێلی کەناڵی ئینگلیزی لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیاوە بۆ بەستنەوەی ئەو دوو وڵاتە بە رێگەی ئاسن بەژێر ئاوی کەناڵی ئینگلیزیدا.
- ئەستێرەی سوپەرنۆڤای SN1987A کڵپەی سەند و بەچاو بینرا بەمەش بوو بە یەکەم سوپەرنۆڤا کە لە ساڵی 1604 ـەوە بە چاوی رووت بینرابێت.
- کیمیازانانی ئەمریکایی دۆناڵد کرام و چارلس پیدەرسۆم و کیمیازانی فەرەنسایی ژان-ماری لێن توانییان مۆلیکیۆلی وا درست بکەن لە پرۆسە کیمیاییە زیندووەکانی ژیان بچێت.

1988
- کۆمارەکانی ئیستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا کە سەر بە یەکێتیی سۆڤیێت بوون بەرەو سەربەخۆیی هەنگاویان نا.
- بێنەزیر بۆتۆ بوو بە سەرەکوەزیرانی پاکستان و بەمەش

بوو بە یەکەم ژنە سەرەکوەزیرانی وڵاتێکی ئیسلامی لە جیهاندا.

- وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بە گەورەترین وڵاتی قەرزاری جیهان کە 532 بلیۆن دۆلار قەرزاربوو.
- تەقینەوەی لۆکەربی: تەقاندنەوەی فرۆکەی نەفەربەری ئەمریکایی کۆمپانیای پان–ئەمریکان لە سەر ئاسمانی سکۆتلاند لە لۆکەربی بە کردارێکی تێرۆریستیی کە لیبیای پێ تاوانبار کرا.
- فرینی دایدێلوس: کانیلۆس کانیلۆپۆلوس لە دورگەی کریت توانی بە فرۆکەیەك کە بە هێزی مرۆڤ کاری دەکرد ماوەی 118 کم بەسەر دەریای ئیجەدا بفرێت.
- دروستکردنی یەکەم مایکرۆپرۆسێسەری نووری (ئۆپتیکاڵ) کە لەجیاتی کارەبا رووناکی بەکاردەهێنێت.
- دەستنیشانکردنی پێکهاتەی جینۆمی مرۆڤ لە واشینگتۆن بەمەبەستی نەخشەکێشانی تەواوی زنجیرەی جینەکان لە DNA دا.
- دەستنیشان کردنی دوورترین ئەستێرە تا ئەوکاتە کە بریتی بوو لە سوپەرنۆڤایەك لە کۆمەلە گالاکسیی AC118 دا کە پێنج بلیۆن ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە.
- هەڵدانی مەکوکیی فەزرایی سۆڤییێتی (بوران) لە رێگەی مووشەکی (ئینێرگیا) وە.
- دوو ئاسمانگەڕی سۆڤییێتی مووسا مەنارۆڤ و ڤلادیمیر تیتۆڤ توانییان ماوەیەکی پێوانەیی لە فەزادا لەناو وێستگەی



(میر) دا بمێننەوە کە بریتی بوو لە 365 رۆژ و 59 خولەك.

- تەلەفۆنی ڤیدیۆیی (ڤیدیۆفۆن) لە ژاپۆن بەرهەم هێنرا.
- بومەلەرزە لە ئەرمینیا بووە هۆی مردنی 100 هەزار کەس.

1989

- کۆتایی جەنگی سارد راگەیەندرا.
- هێزەکانی سوپای سۆڤییێتی ئەفغانستانیان بەجێ هێشت.
- نارەزاییەکانی گۆرەپانی تیانانمێن: سەرکوتکردن و کوشتاری قوتابییانی چینی لە گۆرەپانی تیانانمێن لە پەکین کە خۆپیشاندانیان بۆ دیموکراسی سازدابوو.
- جۆرج بووش لە پارتی کۆماری بوو بە سەرەك کۆماری ئەمریکا.
- ئەمریکا پەلاماری پانامای دا.
- کرانەوەی دیواری بەرلین لەنێوان بەرلینی رۆژهەلات و رۆژاوادا.
- شۆرشەکانی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەلات لەدژی فەرمانرەوایی کۆمۆنیزم.
- کۆتایی کشانەوەی سوپای ڤێتنام لە کەمبۆدیا و خەستبوونەوەی جەنگی ناوخۆ.
- هەرەشەی کوشتن لەلایەن گروپە ئیسلامییەکانەوە بۆ نووسەری بەریتانیایی سەلمان روشدی و وەرگێڕ و دەزگاکانی چاپ لەسەر رۆمانی (ئایەتە شەیتانییەکان) کە ساڵی 1988 بلاوکرابووە و گوایە کفری تێدایە.

- کەشتیی ئاسمانیی ڤۆیەجەر-2 بەلای هەسارەی نیپتۆن دا تێپەری و هەشت مانگ و سێ ئەلقەی لەدەوری دۆزییەوە.
- بۆ یەکەمجار ناشتنی شانەی مێشکی کۆرپەلە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی پارکینسۆن بەکارهێنرا.
- لە ژاپۆن تەلەفزیۆنی های دیفینیشن (دیققەتی بەرز) بەرهەم هێنرا.
- تەنکەری نەوت ئێکسۆن ڤالدێز لە ئاودڕی پرینس ولیام لە ئالاسکا دای لە زەوی و 40 ملیۆن لیتر نەوت بڵاوبۆوە.
- بومەلەرزەی دووەمی سانفرانسیسکۆ.
- دەرهێنەری ئەمریکایی سپایك لی لە فلیمی (چی باشە ئەوە بکە) باسی لە ئاژەوە نەژادییەکامی نیویۆرك کرد.

1990
- دەستپێکی ئیلغاکردنەوەی سیستەمی ئەپارتاید (جوداکاریی نەژادی) لە ئەفریقای باشوور، ئازادکردنی نیلسۆن ماندێلا لە مانگی شوبات دا.

"من شەیدای بیرۆکەی دیموکراسی و کۆمەڵگای ئازادم. ئەگەر پێویست بکات ئەمە ئەو مەبەستەیە کە من ئامادەم لە ڕێگەیدا گیان بەخت بکەم." نیلسۆن ماندێلا لە وتەیەکدا 1990.

- سەربەخۆیی نامیبیا.
- جەنگی ناوخۆ لە لایبیریا.
- داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە.
- یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا.
- هەڵبژاردنی ئازاد لە هەنگاریا و ڕۆمانیا و بولگاریا و



چیکۆسلۆڤاکیا.
- یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە هاییتی.
- پشێویی لە بەریتانیا لەدژی باجی دەنگدان.
- مارگەرێت تارچەی ناچارکرا واز لە پۆستی سەرەکوەزیری بهێنێت، جۆن مەیجەر بوو بە سەرەکوەزیرانی بەریتانیا.
- یەکگرتنی یەمەنی باکوور و باشوور.
- لە هەڵبژاردنەکانی بورمادا ئاونگ سان سوو کی سەرکەوت بەڵام ڕژێمی دیکتاتۆریی سەربازی قەبووڵی نەکرد و دەستبەسەری ناوماڵی کرد.
- دۆزینەوەی جینی نێری لەلایەن توێژەر بەریتانیاییەکانەوە.
- بڵاوکردنەوەی ویندۆز-3 لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە بریتی بوو لە سیستەمێکی گرافیکی بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەری کەسی.
- لە سەر جادەکانی هەموو دنیا 550 ملیۆن ئۆتۆمبیل لەکاردابوون.
- یاریزانی تێنسی ئەمریکایی بەرەگەز چیکی مارتینا ناڤراتیلۆڤا بۆ جاری نۆیەم نازناوی پاڵەوانی ویمبلدنی بەدەست هێنا لە یاریی یەك نەفەریدا.

1991
- جەنگی کەنداو 16ی کانووی دووەم تا 28 ی شوبات: لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتێکی تر سوپای عێراقیان ناچارکرد کوەیت بەجێ بهێڵێت.
- هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیێت نێردران بۆ لیتوانیا و لاتڤیا و

ئیستۆنیا.

- داخرانی بانکی (کرێدیت ئەند کۆمێرس ئینتەرناشنال) لە بەریتانیا لەبەر گەندەڵی و پارەسپیکردنەوە.
- کودەتای سەربازی لە هاییتی.
- جەنگی ناوخۆ لە یوگوسلاڤیا.
- بۆریس یێڵتسین بوو بە سەرەك کۆماری روسیا.
- کودەتایەکی سەرنەکەوتوو لە دژی گۆرباچێڤ.
- هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیێت و سەربەخۆبوونی کۆمارەکانی ناوی.
- هەڵوەشانەوەی پەیمانی وارشۆ.
- کوژرانی راجیڤ گاندی سەرۆکی پارتی کۆنگرەی هندستان.
- کوشتاری خۆپیشاندەرەکانی تیمۆری رۆژهەڵات بەدەستی سوپای ئەندەنوسیایی.
- رێکەوتنی کەنەدا لەگەڵ گەلی ئەسکیمۆ دەربارەی خاوەندارێتیی زەوی.
- مردنی پڕنهێنیی تایکوون (پارەدار و بەنفوز) ی بواری راگەیاندن رۆبێرت ماکسوێل بووە هۆی پێزانینی ئەوەی ناوبراو گەندەڵی بە 567 ملیۆن دۆلاری پارەی خانەنشینیی کۆمپیانیاکەیەوە کردووە.
- ژمارەی قوربانییانی ئەیدز لە هەموو جیهاندا گەیشتە یەك ملیۆن و 8–10 ملیۆن کەسیش تووشی ڤایرۆسەکەی (HIV) بووبوون.
- رێکەوتن لەسەر پەیمانی پۆڵی خواروو کە چالاکی کان



دەرهێنانی لەو ناوچەیەدا بۆ ماوەی 50 ساڵ قەدەغە کرد.

- دامەزراندنی روانینگەی تیشکی گاما لە لایەن ئاژانسی نەتەوەیی فەزایی ئەمریکا(ناسا) وە لە فەزادا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی گەردوون لە بواری تیشکی گامادا.
- یەکەم بەکارهێنانی جین بۆ چارەسەری نەخۆشی لە ئەمریکا (بۆ چارەسەری کەمیی بەرگریی لەش).
- کۆمپانیای IBM توانی خێراترین چیپی یاد (میمۆری) بۆ کۆمپیوتەر دروست بکات کە ناونرا SRAM و دەیتوانی لە چرکەیەکدا 8 بلیۆن بیت زانیاری وەربگرێت.
- توێژەرەوەکانی کۆمپانیای AT&T Bell Laboratories لە نیوجێرسی ئاوێتەکانی باکمینیستەر فولێرین (شێوەیەکی کاربۆنە) یان دۆزییەوە کە سوپەرگەیەنەر بوون.
- ئەنجامدانی ئەزموونی بایۆسفیر–2 لە ئەریزۆنا لە ئەمریکا کە تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ دروستکردنی بایۆسفیری زەوی لە شێوەیەکی مینیاتۆریدا لەناو گومەزێکی داخراوی شووشەدا.
- دۆزینەوەی تەرمی پیاوێك بە جلوبەرگ و تیر و کەوان و تەورێکی مس و هەندێ شتی ترەوە لە چیاکانی ئەلپ لە ئیتالیا کە مێژووی دەگەرایەوە بۆ 5,300 ساڵ پێش ئێستا.

1992
- هەڵوەشانەوەی یوگوسلاڤیا لەمیانەی جەنگی ناوخۆدا.
- چوارشەممەی رەش 16 ی ئەیلوول لە بەریتانیا: دابەزینی نرخی پاوەن و کشانەوەی لە ئالوگۆڕی دراوی ئەوروپایی

سەرفکردنی 11–14 بلیۆن بۆ بەهێزکردنی.

- لوتکەی زەوی: کۆنفرانسی نێوەنەتەوەیی ژینگە لە ریۆ دی جانیرۆ لە بەرازیل.
- قەیرانی کۆمەڵگای ئەوروپایی لەسەر پەیمانی ماستریخت دەربارەی مەرجەکانی لێکنزیکبوونەوەی زیاتری وڵاتەکان.
- رووخانی رژێمی کۆمۆنیستیی لە ئەفغانستان: فەرمانرەوایی کەوتە دەستی ئیسلامییەکان.
- لە ئەفریقای باشوور دەنگ درا بە فەرمانرەوایی زۆرینە و نائارامی بەردەوام بوو.
- جەنگی ناوخۆ و برسێتی لە سۆماڵ، دەستێوەردانی ئەمریکا لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا.
- دەستپێکی نائارامی لەنێوان موسڵمان و هیندۆسەکان لە ئایۆدیا لە هندستان و بڵاو بوونەوەی بۆ سەراسەری وڵات کە بووە هۆی کوژرانی سەدان کەس.
- دەستپێکی نائارامی لە لۆس ئەنجیلۆس لە کالیفۆرنیا دوای ئەوەی چەند پۆلیسێکی سپی پێست کە رۆدنی کینگی رەش پێستییان دارکاری کردبوو، بە تاوانبار دانەنران. ئەم زەبروزەنگە بووە هۆی کوژرانی 58 کەس و نزیکەی یەك بلیۆن دۆلار زیانی ماڵی. پۆلیسەکان دوایی دادگایی کرانەوە.
- کۆمپانیای فیلیپس سیدی پلەیەری بەرهەم هێنا بۆ بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ماڵ.
- توێژەرەوە ژاپۆنییەکان مادەیەکیان دروستکرد کە بە پلەی



(–103) ی سەدیدا دەبوو بە سوپەرگەیەنەر کە ئەمەش 45 پلە گەرمتر بوو لە تۆماری پێشتر.

- دۆزینەوەی دایۆد کە تیشکی شین دەربکات لەسەر بنەمای ئاوێتەیەکی ئۆرگانی لەلایەن توێژەرەکانی ئوسترالیاوە.
- دۆزینەوەی گەورەترین زیندەوەری جیهان لە ولایەتی واشنگتۆن لە ئەمریکا کە بریتی بوو لە قارچکی هەنگوینی کە لقەکانی لە ژێر زەویدا بە پانتایی 600 هێکتار بڵاوبووبۆوە.
- تاقیکردنەوەی کەشتیی (یاماتۆ) لە ژاپۆن کە پەروانەی نەبوو بۆ فرێدانی ئاو بەڵکوو هێزی موگناتیسیی بەکاردەهێنا بۆ هەڵمژین و فرێدانەوەی ئاو وەك بزوێنەری جێت.
- شکستهێنانی بەرنامەی مانگی دەسکردی ئەوروپایی هیپارکۆس کە ساڵی 1989 بەمەبەستی دیاریکردنی شوێنی 120 هەزار ئەستێرە رەوانە کرابوو لەبەرئەوەی نەیتوانیٚ بچێتە خولگەیەکی جێگیرەوە.
- مانگی دەسکردی COBE کە تایبەت بوو بە گەردوونزانی توانی بەڵگەی روودانی تەقینەوەی مەزن (بیگ بانگ) کە سەرەتای درستبوونی گەردوون بووە، کۆبکاتەوە.

1993

- رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین دەوڵەتی ئیسرائیلی بە رەسمی ناسی و ئیسرائیلیش رازی بوو مافی خۆفەرمانرەوایی کردن بدات بە فەلەستینییەکان و هێزەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکان بکشێنێتەوە.

- دابەشبوونی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ دوو وڵات: کۆماری چیك و کۆماری سلۆڤاکیا.
- رووسیا و ئەمریکا پەیمانی سالت–2 (SALT-2) یان ئیمزا کرد بەمەبەستی کەمکردنەوەی چەکە ناوکییەکان.
- ئەندامی پارتی دیموکرات و فەرمانرەوای پێشووی ولایەتی ئارکانساس بیل کلینتۆن وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا و پێشنیاری چاکسازی خزمەتگوزاری تەندروستیی کرد.

"هیچ شتێکی خراپ نیە لە ئەمریکادا کە نەتوانرێت بەو شتەی چاکە بۆ ئەمریکا چارەسەر بکرێت." بیل کلینتۆن لە وتەری دەسبەکاربووندا.

- بۆریس یێلتسین پەرلەمانی رووسیای هەلوەشاندەوە و چەندین کەناڵی راگەیاندنی قەدەغەکرد.
- گەڕانەوەی شازادە نۆردۆم سیهانۆك بۆ کەمبۆدیا وەك پاشای دەستووریی وڵات.
- بەردەوامبوونی جەنگ لە بۆسنیا لەنێوان سێربەکان و کرۆواتەکان و موسڵمانەکاندا.
- جەنگی ناوخۆ لە ئەنگۆلا.
- وڵاتانی ئەریتریا و مەکدۆنیاو مۆناکۆ بوون بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- رسواییەکانی پەیوەندی نێوان حکومەت و مافیا لە ئیتالیا بوو بەهۆی شلۆقبوونی بارودۆخی حکومەت.
- کشانەوەی کۆریای باکوور لە پەیمانی سنووردارکردنی



چەکی ناوکی.
- گۆڕانی حکومەت لە ژاپۆن: پارتی راسترەو کە لە ساڵی 1955 ـەوە لەسەر حوکم بوو لە هەڵبژاردندا لەلایەن هاوپەیمانیی ناوەندرەوەکانەوە بەرکەنارکرا.
- وڵاتی زائیر تووشی ئاژاوە و ئیفلاس بوو.
- کارەساتی کەشتیی نەوتبەری برایەر کە لە دوورگەکانی شێتلاند دای لە زەوی و 100 ملیۆن لیتر نەوتی لێ رژایە دەریاوە.
- نەرویج سەرپێچی لە پەیمانی قەدەغە کردنی راوە نەهەنگ کرد و دەستی کردەوە بە راوی بازرگانی.
- فلیمی فەنتازیایی (پارکی جوراسیك) بەرهەمی دەرهێنەری ئەمریکایی ستیڤن سپیلبێرگ بوو بە پڕقازانجترین فلیم لە جیهاندا تا ئەوکاتە.
- کوژرانی کریس هانی، سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی ئەفریقای باشوور و یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا.
- تەقینەوەی بۆمبێکی بەهێز لە گەراجی ژێر سەنتەری بازرگانی جیهانیدا لە شاری نیویۆرك کە بووە هۆی کوژرانی 5 کەس.
- سەرۆك کۆماری ئەمریکا و رووسیا، جۆرج بوش و بۆریس یێلتسین دووەم پەیمانی کەمکردنەوەی چەکە ستراتیژییەکان (ستارت) یان لە مۆسکۆ ئیمزاکرد.
- زانایانی رووسی ئاوێنەیەکی گەورەیان لە فەزادا (پرۆژەی

زناميا 2) لەسەر کەشتی ئاسمانیی پرۆگرێس دانا کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی شەو چەپکێکی گەورە ڕووناکی خۆری ڕەوانەی ئەورووپا کردەوە.

- لە بەریتانیا پەرستیار بیڤەرلی ئەلیت سیانزە حوکمی ئەبەدیی بەسەردا درا بەتۆمەتی کوشتنی 4 منداڵ و هێرش بۆسەر 9 ی تر کە لەژێر چاودێریی ئەودابوون.
- لەمیانەی ڕیسوواییەکی سیاسی گەورەی گەندەڵیی حکومەتدا، ئیتالییایەکان لە ریفراندۆمێکدا دەنگیان دا بۆ چاکسازی.
- لە ریفراندۆمێکی سەراسەریدا، سەرۆك كۆماری روسیا بۆریس یێلتسین 58٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.
- تەقینەوەی بۆمبێك لە پێشانگا(گالێری) ی ئوفیزی لە فلۆرەنسای ئیتالیا کە بوو بەهۆی کوژرانی 5 کەس و فەوتانی دوو تابلۆ و زیانبینینی 30 تابلۆ.
- لە ئەمریکا دامەزراوەیەکی گروپێکی پرۆتستاتنی بەناوی (لقی داودییەکان) لە واکۆ لە تەکساس بە تەواوی سووتا و 72 کەسی تێدا مرد کە دوایی نوسینگەی فیدراڵیی لێکۆڵینەوە (FBI) بۆی دەرکەوت خۆکوشتنێکی بەکۆمەڵ بووە.
- لە هەڵبژاردنەکانی ئوسترالیادا پارتی کرێکاران بە سەرکردایەتیی سەرەکوەزیران پۆڵ کیتینگ، بەشێوەیەکی چاوەروان نەکراو بۆ جاری پێنجەم لەسەر یەك سەرکەوتنی بەدەست هێنا.



- پەسەندکردنی (پەیمانی ماستریخت) ی کۆمەڵگای ئەورووپایی کە بووە هۆی دروستبوونی پارەی یورۆ.

## بەرهەمەکانی وەرگێڕ

1. سیستەمی کارپێکردنی دۆس، سلێمانی 1997، 1998 .
2. زمانگیری: تیۆری و چارەسەر، چاپەمەنی زاموا، 1998 (وەرگێڕان لە فارسییەوە).
3. هەژاران، دۆستۆیێڤسکی، چاپەمەنیی زاموا، 1998(وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە).
4. ئافرەتێکی تەنیا: ژیان و هەڵبژاردەی هۆنراوەکانی فروغ فەرروخزاد، هەولێر، 2001 (وەرگێڕان لە فارسییەوە).
5. سوپەرسروشت: لێکدانەوەی سروشتیی دیاردە سوپەرسروشتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002 (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە).
6. Kurdish Phrase-Book: An Easy Way to Learn Essentials of Kurdish Language, Khak Press and Media Center, 2001,2003
7. تۆ لێرە نی تا ببینی، هەڵبژاردەی هۆنراوەکانی فەرەیدون موشیری، سلێمانی 2007 (وەرگێڕان لە فارسییەوە).
8. رێکەوتننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەك لە دژی ئافرەتان ، چاپی ئەلەکترۆنی 1999 (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە).
9. هەندێ زانیاریی گشتی دەربارەی هەرەشە  بایۆلۆجی و  کیمیاییەکان، چاپی ئەلەکترۆنی 2003 (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە).